# حاجی میرزا تۆفیق

# عاشق و زاهید و بەخشندەیەکی سەردەمی خۆی

# حاجی میرزا تۆفیق

## عاشق و زاهیدو بەخشندەیەکی سەردەمی خۆی

نووسینو ئامادەکردنی
کۆچەر میرزا

محەمەد عەلی قەرەداغی
ئەندامی کارای ئەکادیمیای کورد
پێشەکیی بۆ نووسیوە

٢٠١٨

**حاجی میرزا تۆفیق**

**عاشق و زاهید و بەخشندەیەکی سەردەمی خۆی**

- نووسین و ئامادەکردنی: کۆچەر میرزا
- پێداچوونەوە: د. حەمە نوری عومەر کاکی
- تایپ: نووسەر
- نەخشەسازی بەرگ و ناوەرۆك: نزار نوری
- چاپخانە: تاران
- تیراژ: ١٠٠٠
- ژمارەی سپاردن: " ١٧٥٠ "ی ساڵی (٢٠١٨)ی لە کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی پێدراوە.

## پێشکەشە بە گیانی پاکی

» دایکم و باوکم.

» مامە نوری مامە عەلیم، پورە حەپسەم.

» براکانی حاجی میرزا تۆفیق، م / مەلا سەعید،
مامە حەمە، حاجی ئەولکەریم، مامە ئەولقادر.

» بەو زانا بەڕێزانەی حاجی میرزا لە زانستیان بەهرەمەند بووە.
لەوانە:
م/ شێخ بابە ڕەسوڵی بێدەنی.
م/ شێخ موستەفای موفتی.
م/ مەلا عەبدولعەزیزی پریس.
م/ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس.

» هەموو ئەو زانا بەڕێزانەی لەسەر خوانی خۆشەویستیی کۆبوونەتەوە.

» هاوڕێیانی حاجی میرزا تۆفیق:
حاجی سەعید، شێخ عەلادینی جگەرە، حاجی ئەحمەدی حەداد و سەرجەم عاشقانی ڕێگای عیشقی حەقیقی.

# پێشەکی

**ئەیوبێکی چەرخی خۆی و حاتەمی کوردی ڕۆژگاری سەخت**

حاجی قادری کۆیی دەفەرموێ:

**کتێب و دەفتەرو تەئریخ و کاغەز**
**بە کوردی گەر بنوسرایە زوبانی**
**مەلا و شێخ و میرو پادشامان**
**هەتا مەحشەر دەما ناوو نیشانی**

هەروەها دەفەرموێ:

**میللەتی بێ کتێب و بێ نووسین**
**غەیری کوردان نییە لە ڕووی زەمین**

حاجی، ڕەحمەتی لێ بێت دەمێکە پەی بەم ڕاستییە بردووە و دەستی ناوەتە سەر لایەکی برینی سەختی بەدبەختی کورد، کە گوێ نەدانە بە مێژوو، پەند وەرنەگرتنە لە ڕابردوو،

خەم ساردییە لە ئاستی زانایان و مەردانی گەلی خۆیاندا و پشتگوێخستنی بەسەرهات و تۆمارنەکردنی ڕووداوو فەرامۆشکردنی ناوو مێژووی ژیانی زانایان و گەورە مەردانی گەلەکەیانە.

ئەم دەردە کوشندە لە مێژەوە هاتووە و تا ئێستاش بەردوامە و زیانەکانیشی هەرگیز قەرەبوو ناکرێنەوە. جێگەی داخە بەشێکی باش لە مێژوونووسانی جیهان لە نەژادی کوردن و (چیا و کەژی) کوردستاندا خولْقاون و بە ئاوو هەوای پاکی کوردستان نەشەیان کردووە و زاخاوی ئەو مێشکە فراوان و ئەو بیرە تیژە و زانیارییەکانیان داوەتەوە، ئەو دیمەنە سیحراویانەی کوردستانە کە گەنجینەیەکی هەست و هزرو بیری وای پێ بەخشیون تا لێیان هەڵێنجابێت زیاتر هەڵقوڵاوەو ڕەوانتر فیچقە و فوارەی سەری کردووە، کەچی بە ئەرکی خۆیان نەزانیوە، قەڵەمیان بۆ خاك و وڵات و هاوڵاتیانیان بخەنە کارو لە نێو لاپەڕەی مێژووەکانیاندا جار جارێك یادێك لەو خاك و وڵاتە بکەنەوە و باسی ئەو کەسایەتیانە بکەن کە ئەو وڵاتە گەورە وەك کەسایەتی کورد بەدیهێناون و وەك چۆن باسی عەرەبێك یان فارسێکیان کردووە باسی هاونیشتمانیەکەی خۆشیان وەك ئەوان و بگرە لەوان کەمتریش کردووە، ڕەنگە دووریش نەڕۆم ئەگەر بڵێم بە پەرۆشی نووسینەوەی مێژووشیانەوە نەبوون!

لە وڵاتی خۆماندا – ئەوەی لە دەستدا بێت – کەسی وامان نییە بە تایبەتی ئاوڕێکی لە مێژووی کورد و کوردستان دابێتەوە. بۆیە کاتێك بۆ مێژووی کەسێتییەکی کورد دەگەڕێین – بە زۆری– لەو سەرچاوانەوە دەستمان دەکەون کە خاوەنەکانیان – سەرچاوەی یەکەم– لە شوێنێکدا، لە وڵاتێکدا کەسایەتیەکی بلیمەتی کوردی دیووە و بەلایەوە وا بووە – کە واش بووە– بوونی ئەو کەسایەتییە لە کارەکەیدا دیمەنێکی تایبەت دەداتە کارەکەی و مایەی سەرنجی خوێنەریش دەبێت، بۆیە چۆنی بەلاوە باش بووبێت شتێکی لەسەر ئەو کەسە – بێکەسە– نوسیووە و دوایی بووە بە بەشێك لە مێژووو ئێستا بە کۆکردنەوەی ئەوانە مێژووی ناوداران و زانایانی کورد دروست دەکرێت، کە دەبوو پێچەوانەکەی وابوایە و کەسانێك بیانویستایە مێژووی کورد و کوردستان بنووسن لە سەرچاوەی خۆماڵییەوە دەستیان پێ بکردایە و سەرچاوەی خۆمان ببوایە بە سەرچاوەی بیانییەکان و مێژوونووسانی گەل و زمانانی دیکە!

ماوەیەکە لە کوردستاندا خەریکە ڕچەی ئەوە بشکێت کە لا لە کەسایەتیەکان بکرێتەوە و فریای ئەوە بکەون پێش ئەوەی مێژووی ژیانیان بە دەردی مێژووی ژیانی کەسایەتییە دێرینەکانمان بچێت، شتێکیان بۆ بکرێت.

ئەمە هەرچەند گەلێك کات لە ڕێگای کەسانی مێژوونووس یان شارەزا لە بواری نووسینی مێژووەوە نییە و کەسانێك لە

دڵسـۆزییان بـۆ ئـەو کەسـایەتییانە یـان خزمایـەتی و نزیکیـان لێیانـەوە پاڵیـان پێوە دەنێـت بۆ نووسـینی شـتێك لەسـەر چەند لایەنێکی ژیانیان و ئیتر ئەمە دەبێتە سەرچاوەیەك کە لەمەولا سوودی باشی دەبێت. هەرچەند ئەمە بێ کەم و کووڕی نابێت بەڵام زۆر لەوە باشترە کە کەسێکی لاوەکی –ئەگەر لا بکاتەوە – لـە لایـەنێکی بـدوێت و بـە ئـارەزوو یـان بـە نـەزانی، شـتەکەی کرچ و کاڵ و ناتەواو بنوسێت و دوایی خۆمان پەنای بۆ بەرین.

کـاك کۆچـەریش یەکێکـە لـەو کەسـانەی کـە لـە دڵسـۆزی خۆیەوە بۆ باپیرە گەورەی، کەوتۆتە سەر ئەو ڕێچکە و بە هەوڵ و کۆشـش و –بـە پێی توانـای خۆی– شـتگەلێکی بـاش و دروسـتی لەسەر باپیری تۆمار کردووە و مێژووی ژیانی بەرز ڕاگرتووە.

مـن بـە خزمـەت ئـەم زاتـە گـەورە نەگەیشـتووم، هەرچـەند سـالانێك پـێش کـۆچی دوایـی چـەند جـار هاتوچـۆی هەڵەبجـەم کـردووە، بـەڵام سـەردانەکانم کـورت بـوون و هـەلی ئـەوەم بـۆ نەڕەخسـاوە ئـەو پیـاوە مەزنـە بناسـم و بـە خزمـەتی بگـەم. بـەڵام دوای ئـەوەی بـە نوێکردنـەوەی خزمایـەتیمان لەتـەك بنەماڵـەی مـوفتی هەڵەبجەدا بـارو دۆخێکـی دی هاتـە پێش و زۆرجار نـاوی (حاجی میرزا)م دەبیست و باسکردنەکەی بەشێوەیەك بوو کەم جار وادەبوو کـە نـاوی مامۆسـتا شـێخ جـەمیلی مـوفتی خـەزوورم ببرێت و نـاوی حـاجی میـرزای لەتەکدا نـەبرێت، ئەوەنـدەی شـت لـــەبارەی ئـــەو زاتـــەوە دەگێڕدرایـــەوە کـــە لـــە کـــەم کـــەس

دەگێڕدرێتەوە. (بەشی زۆری ئەو قسە و باسانەش لەم کتێبەدا بەرچاو دەکەوێت). لەم چەند دێڕەدا ئاماژە بۆ دوو لایەنی گەورەیی ئەو پیاوە دەکەم:

لایەنی یەکەم:

بەخشندەیی و خێرخوازیی، کە نمونەی پیاوانی وا لە هەر گەل و وڵاتێکدا ببن دەبنە مایەی خێرو خۆشی و هۆی ڕزگارکردنی کەسانی بێ نەواو هەژارو بێ دەرەتان. ئەم پیاوە لە ژیانیدا وەها بووە کە دیبێتی خەڵك پێویستیان بە ماڵ و دەرامەتە ئەم خاوەنی ماڵ و دەرامەتی خۆی نەبووە و پێویستی ئەو کەسانەی لە پێش پێوستی خۆی و ماڵ و منداڵییەوە داناوە، لە کاتێکدا لەبەر دەستکورتیی و نەبوونیی و خەڵك دەکرا ئەم بەشتێکی کەم ماڵ و سامانێکی زۆر سەر یەك بنێ، ئەم ئەوەی مەبەست نەبووە و ویستویەتی بازرگانی لەگەڵ خودادا بکات و ماڵی ئێستای بۆ خزمەتی ماڵی نەبڕاوەی ئەولا بەکار بهێنێت و ژیانی نەبڕاوەی پێ بکڕێت.

لایەنی دووەم:

دوای سەرکەوتنی ئەم پیاوە لە بەرامبەری ماڵ و ساماندا، خودای پەروەردگار خستییە بەردەمی تاقیکردنەوەیەکی جەستەیی وەها، نمونە ئەییووبییەکان نەبێت کەس خۆی لە ئاستیدا نەگرێت و کەم کەس دەتوانێت لەو تاقیکردنەوانەدا سەرکەوێت. لوتفی خانی خێزانم چەندین جار بۆی گێڕاومەتەوە

کە حاجی میرزا لە دوادوایی تەمەنیدا وای لێ هاتبوو گۆشتی پەنجەکانی هەڵدەوەری! کە قسەیان لەگەڵ دەکرد - بۆ ئەوەی کەس ئاخ و ئۆفێکی لێ نەبیستێت- دەیفەرموو: بەس نییە خودا عەقڵی لێ نەسەندوومەتەوە.

محەمەد عەلی قەرەداغی
ئەندامی کارای ئەکادیمیای کورد

# سەرەتا

**میرزا ئەنوەر، پەیمانەکەم بردەسەرو کتێبەکەم بەچاپ گەیاند، ئاسوودەبە**

کـەس نـازانێ مـردن لـە چ چرکەسـاتێکدا خـۆی دەکـا بـە ماڵەکانماندا و کەسێکی خۆشەویستمان لێدەستێنێت!

من لە هیچدا قەرزاری باوکم نەبم، بە هەموو ژیانم لەوەدا قـەرزاری بـاوکمم، کـە خۆشەویسـتی کتێـب و خوێندنـەوەی لـە ڕۆحمدا چاند.

ئـەو ڕۆژەی کـە چـووم بۆسـەردانی، لەسـەر قەرەوێڵەکـەی ڕاکشابوو، جەستەی نەخۆشی و تەمەن بەتەواوەتی شەکەت و گفتیـان کردبـوو، چـاوی هـەڵبڕی و کـەمێك چەرچـەفەکەی لادا، بەدەست ئاماژەی بۆ کردم کە یارمەتی بدەم تا دابنیشێ.

دەستم دایە دەستی و دانیشت، خۆیشم لە تەنیشتییەوە دانیشتم، کەمێك بەدەنگی بەرز گوتم حاجی هەواڵێکی خۆشم پێیە بۆت.

دەمزانی گوێکانی گران بوون تا دەنگ بەرزنەکەمەوە، گوێی لێنابێ!

هەرکە ئەم قسەی بیست، وەك هەستی شەشەمی لێی دابێ، بزانێ من ئەو مژدەیە چییە کە پێی دەڵێم!! سەیرێکی نێو چاویم کرد بەشێوازێکی زۆر سەیر دەبریسکانەوە!!

گوتی کۆچەر هەواڵەکە چییە؟

گوتم حاجی سەرقاڵی نووسینی کتێبێکم، لەسەر حاجی میرزا تۆفیقی باپیرم.

هەستم کرد ئەم هەواڵە کاریگەرییەکی وای لە باوکم کرد، هێدی هێدی و لەسەرخۆ لە بەرچاوم ڕەنگی دەگەشایەوە!

لەو ڕۆژەوە هەر ساتێ چوویام بۆسەردانی، یەکەم وشە بەر لەسەلام و کەلام، دەیگوت کۆچەر کتێبەکەت تەواو نەکردووە؟ منیش دەمگوت حاجی ماویەتی، هەستم دەکرد وشەی جارێ ماویەتی زۆر نیگەرانی دەکات، هەستم دەکرد ڕقی لەو وشەیە.

وەك ئەوەی هەست بەترپەی پێی هاتنی مەرگی خۆی بکات! ئەو پەلەی بوو منیش خاوبووم.

ئەو دەیزانی مەرگ وا بەڕێوەیە! منیش بەهیچ جۆرێك هەستم بەهاتنی مەرگی ئەو نەدەکرد!

دوا چرکەساتی بینینی نێوان من و باوکم.

٨/١٧ زەنگێك بۆ ماڵی باوکم لێدەدەم،

- سڵاو... حاجی چۆنە؟

- تەندروستی زۆر باش نییە،

بە خێرای خۆم گەیاندە ماڵیان، بە گەیشتنم دەرگای ژوورەکەیم کردەوە، کە سەیرم کرد پاڵکەتووە، بێدەنگ و سەنگ ڕاکشاوە، چاوانی کەمێك هەڵهێناو، کە منی بینی، دەستی بۆ ڕادەکێشام، منیش هەستام دەستم خستە نێو دەستی، توانای قسە کردنی نەمابوو، بەچاوانی پێی دەگوتم، کتێبەکەی حاجی میرزا تۆفیقی باوکمت تەواو کرد؟!

من بێ خەبەر لەوەی سێبەری مەرگ بەسەر سەرییەوە دەسوڕێتەوە ئێستا نا کەمێکی دیکە دەستەویەخەی دەبێتەوە!!

٨/١٨ بەرەو ماڵی باوکم دەچووم، زەنگێك لێیدا، خورپەیەك لە دڵم هەستا!

براکەمەو دەڵێت باوکم کۆچی دوایی کردووە.

ئەمجارەیان مردن بەر لە من گەیشت! پێش ئەوەی نوسخەیەك لە کتێبی ژیاننامەی حاجی میرزا تۆفیقی پێشکەش بکەم، مردن لە یەکدی جیاکردینەوە.

ئای مردن چەند دڵ ڕەقی!!!

کۆچەر میرزا

## عەترێکی سپی

عاشقێ لە نەسلیداربەڕوو
بەسەر پشتی مێژوویەکی دێرینەوە ئەڕوێ و
ئیتر نامرێ
عاشقێ ئیتر بەیانیان بە وەجدەوە
بۆ نەتەوەیەك بە خەزانی قوربانییەوە ئەوەرێ
عاریفێ لە وەچەی دارعوود
لە یەکێ لە باخچەکانی ئەدەب هەڵئەکا و
هەناسەکانی شارێ ئەکا بە گوڵدان
هەموو بەیانییەك بە ئارانێ شەماڵەوە
خۆی ئەکا بە کوچەکانی دڵی ئیمانا و
ئیتر دەگاتە جاوید
ئەو نامرێ و مێژوو لە سینەیدا ئەیکاتە کتێبی ویرد

❁ ❁ ❁

زاهیدێ بە بەزمی شەرابی شیعرەوە
بێخودانە
وەفا بەسەر عەقیدەی بیماری نیشتیمانێکا ئەبارێنێ
هێندە شارەزایە ئەم قاسیدی وشەیە
ئێواران پێش عاجزبوونی خۆر
چرا بەسەر دیواری دڵی تاریکییەوە ئەلکێنێ
ئەو نانوێ تا سپێدە دووبارە
بۆ هەیوانی ساردی بێکەسی ئەهێنێ

❁ ❁ ❁

پیاوێ بە خەونی فڕینەوە
باڵێکی لە خۆراسان دەبێ و
باڵەکەی تریشی گرێدراو بە شارەزوور
گاهێ لەسەر لەرەی دڵی منارەیەك و
دەمێ لەژێر سێبەری حوجرەیەکی دوور
دەست دەکات بە چنینی سفرەی درێژی موحیببەت و
ئیتر دەبێتە باوانی باڵندەکان
دەبێتە باوکی شەرعیی بێنازیی
هەموو چۆلەکە و کۆترەکان

❀ ❀ ❀

**میزرایەك بە کلێتەی بەفرەوە**
**بە نووری ئیمانی کورد و**
**بە لرفەی گڕی سووری کەعبەوە**
**دەبێتە زەردەی سوبحدەمی عەشقێك و**
**بۆ هەتا هەتایە بەسەر لێوی گەلێکەوە تەهلیلە ئەکا**
**بۆ ئەبەد لە دڵی خاکێکدا**
**وەك بارانی عەقیدەیەکی ڕۆشن**
**بۆ مرۆڤایەتیی شین ئەکا**

ئاری عەبدوللەتیف

گەلاوێژی ٢٠١٨

موحرەمی ١٤٤٠

# ژیاننامە

سەختترین کار بەلامەوە ئەوەیە کە لەسەرخۆم، یان کەسێکی نزیکم بنووسم. هەمیشە پێم باشبووە کەسێکی دی ئەم ئەرکەم لە کۆڵ بکاتەوە.

دوای نمایشکردنی فیلمێکی دۆکیۆمێنتاریی سەبارەت بە سەربووردە و ژیانی حاجی میرزا تۆفیق، ساڵێکی تەواو چاوەڕێی ئەوەم کرد، کە بەڕێزێك لەسەر ئەم کەسایەتییە ناسراوەی شار بنووسێت و ئەو ئەرکە قورسەش لە کۆڵی من بکاتەوە، بەداخەوە دوای تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر کەسێك نەبوو وشەیەکیشی لەسەر بنووسێت. دەزانم ئێستە زەمەن زەمەنی ئەوەیە هەرکەسە و فریای ئەوە بکەوێت بەشان و بازووی خۆیدا هەڵبدات!

دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو کاتە ناچاربووم قەڵەمەکەم هەڵبگرم و بچمە خزمەت حاجی میرزا تۆفیقی باپیرم. بۆ ئەوەی سەربووردەو چیرۆکی ژیانی ئەو کەسایەتییە بۆ نەوەکانی داهاتوو بخەمە دووتوێیناميلکەیەکی بچووکەوە، تا نەوەی داهاتوو ئەوە بزانن ئەوانەی بەر لە ئێمە ژیاون چەندە لە ئێمە جیاواز بوون!!

بەڵێ زەمەنی ئەوان زەمەنی جوامێری بوو، ئاین و ئایدیاو ڕوانگەی ئەوان بۆ ژیان تەنیا خۆشەویستی بووە، بەڵێ ئەوان هەرچەندە لە بیرو بۆچووندا جیاواز بوون، تاکە خوانێك کە کۆی کردونەتەوە خوانی خۆشەویستی بووە. لەسەر ئەم خوانی خۆشەویستییە موسڵمان و جوو، کاکەیی و هەژارو دەوڵەمەند کۆبوونەتەوە. لە فیلمێکی ئەمەریکیدا کە باسی داگیرکاریی ڕووسیای دەکرد بۆ ئەفغانستان، دیمەنێك زۆر سەرنجی ڕاکێشام، پیاوێکی ئەمریکی موسڵمان بووبوو، بۆ جیهاد هاتبوو بۆ ئەفغانستان، کە گروپە جهیادییەکانی ئەفغانستانی بینی، هەریەکەو لە ئاوازێك دەخوێنێت و ئاو لەسەری یەکتردا دەخۆنەوە گوتی: (من کە موسڵمان بووم بۆ ئەوەی یەك ئاین و یەك خوام هەبێ، بەڵام ئەمان دەیان ئاین و خودایان هەیە) بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی. ئێستەش واقیعە سیاسییەکەی ئێمەش وای لە خەڵکی ئەم سەردەمە کردووە!!

زەمەنی ئەوان لەوەدا جیاواز بوو کەس کەسی نەدەسڕییەوە و کەس کەسی کافر نەدەکرد، بەگشتی ئەوەی لەنێوان مرۆڤەکاندا بووە تەنیا خۆشەویستی بووە.

کە دەڵێم میرزا تۆفیق کەسایەتییەکی جیاوازبوو، مەبەستم ئەوە نییە بڵێم لە شاردا کەسی تری جیاواز نەبووە، نەخێر لە شاری هەڵەبجەدا کەسانی جیاواز زۆربوون، لێ هەریەکەیان تام و بۆنی تایبەت بە خۆی هەبووە.

❁ ❁ ❁

**هەر کەسێ کەوتە نێو لەپی عیشق،**
**هەروەك و هەور، چاو بەگریانە!**
**کەسێك کە دووربێ لە ماڵی عیشق،**
**لانەی ئەو شەختەو سەهۆڵبەندانە!**

**(مەولانا)**

بۆ نووسینەوەی ژیانی ئەم عاشق و زاهیدە، پێویستمان بەکنەکردن و پشکنینێکی وردە، تابتوانین چیرۆك و ژیانی ئەم کەسایەتییە بنووسینەوەو بە نەوەی نوێی بناسێنین.

وەك هەمیشە لەپاڵ سەرچاوە باوەڕپێکراوەکاندا دەبێت پەنا ببمە بەر خەیاڵ، تابتوانین چیرۆکی ئەم زاهیدە بگێڕینەوە.

ئەسپی خەیاڵم لەبەردەممدا سمکۆلانی دەکرد و هەردوو دەستی بەرز دەکردەوە، وەك بانگکردنێك بانگی دەکردم و زۆر بەکەیف و شەوق دیاربوو، وەك ئەوەی ئەم جارە بزانێت من بەنیازم چیرۆکی کێ دەنووسمەوە! پێم خستە نێو ئاوزەنگەکە و سوار بووم، بەبێ ئەوەی بەلغاوەکە ئەسپەکە ئاراستەی شوێنی دیاریکراو بکەم، ئەسپەکە خۆبەخۆ ئاراستەی خۆی ڕووەو عەواوەیلێ گۆڕی!

گیانلەبەرەکانیش زۆر جار وەکو مرۆڤەکان دەتوانن هەستی هاوڕێکانیان بخوێننەوە، منیش وەك هاوڕێیەکی هەستم بە مەستی و خۆشی ئەو دەکرد، ڕووە و عەواوەیلێ بە ڕەوتێکی جوان و جارجارەش بە نەرمەغار دەچوو، کە گەیشتینە نێو مەزارو شەخسەکەی نێو دێ، بەنێو کۆڵانی باخاندا گوزەری کرد و گەیشتینە کۆتایی کۆڵانەکە و سەیرێکی لای چەپی خۆی کردو بەو بەرەو ژوورکەیەدا سەرکەوت کە دەمانگەیەنێتە نێو دێ، لە بەردەمماڵەکاندا وەستانێکی بۆ کرد، ئەو شوێنە پێی ئێژن (سەنێرگی باسکێ) کە زۆرجار گەنجانی دێی تێدا کۆدەبوونەوە، وەك جێژوانیان وابوو، ساتێ کیژۆڵانی دێ بەوێدا گوزەریان بکردبا، نیگایان دەگۆڕییەوە، ئەو شوێنە بۆ عاشقانی ئاوایی وەك بەهەشتێك وابوو!!

پاش ماوەیەك وەستان، ئەسپەکەم بەنازەوە دەستی بەڕۆشتن کردەوە، پەنجا مەترێك لە سەنێرگی باسکێ دوورکەوتەوە، لەبەردەم ماڵێکی دوو نهۆمدا وەستا، ماڵێکی جوان کە ڕووەو قیبلە دروستکرابوو، بەشێوازی بیناسازییەکەیدا دیاربوو ماڵی یەکێك لە کەسە ناسراوەکانی ئاوایی بوو، بەڵێ ئەو ماڵە ماڵی (ئەحمەدی فەتاح) بوو، یەکێك بوو لە کەسایەتییە ناسراوو دیارەکانی ئاوایی.

شێوازی بیناسازی خانووەکە سەرنجی ڕاکێشابووم، بۆ ماوەیەك ورد ورد سەیری تەلارەکەم دەکرد، پیاوێك لە کۆڵانە

تەنگەبەرەکەوە هات و سڵاوی لێکردم، گوتی: وادیارە تۆ غەریبی، کارێکت هەیە بەمن بکرێت؟ ئەو نەیدەزانی من لە زەمەنێکی تەواو جیاوازەوە هاتووم!!

- گوتم: ئەمە ماڵی ئەحمەدی فەتاحە؟
- گوتی: بەڵێ
- گوتم: چەند منداڵی هەبووە؟
- گوتی: پێنج منداڵی هەیە بەناوەکانی (حەمە سەعید، مەحەمەد، تۆفیق، ئەولقادر، عەبدولکەریم).

ڕووم کردە پیاوەکەو گوتم: هەرچەندە من بە دوای چیرۆکی (تۆفیق)یاندا وێڵم، گەر بە ئەرك نەبێت پێم بێژی کوڕەکانی (ئەحمەدی فەتاح) خەریکی چین؟

پیاوەکە گوتی: بەسەرچاو... کوڕە گەورەکەی بوگە بەزانایەکی گەورەی ئاینی و ئێستا گوتارخوێن و پێشنوێژی مزگەوتی ئاواییەو بەهۆی زانایی مەلا حەمە سەعیدەوە لە هەموو لایەکەوە فەقێکان ڕوو لە مزگەوتی عەبابەیلێ دەکەن. مەحەمەد و تۆفیق و ئەولکەریم خەریکی کاری بازرگانین و ئەولقادریش فەلاحەت دەکات.

من چیرۆکی تۆفیقی ئەحمەدی فەتاحتان بۆ دەگێڕمەوە، کە دواتر لە مێژووی شاری هەڵەبجەدا بە میرزا تۆفیق دەناسرێت.

❋ ❋ ❋

**سۆفییەکان کە لە زەریای ڕووناکیدا، بزر دەبن**
**هەناسەیان لەو نوورەیە، کە تاریکی ڕادەماڵێت!**

**(مەولانا)**

دوای وەرگرتنــی زانیــاری ســەرەتایی لــەو ڕێبــوارەی بێــرەدا گـوزەری کـرد، سـەبارەت بـەو بنەماڵەیـە لـەم ماڵـەدا نیشـتەجێ بووبوون، بەدیقەت سەیرێکی تەلارەکەی ماڵی ئەحمەدی فەتاح دەکـەم، لەبـەردەم ماڵەکەیانـدا وەسـتاوم و دوودڵـم لـەوەی، کـە لەدەرگا بدەم و بچمە ژوورەوە یان ڕوو لەشوێنێکی دیکە بکەم، بـۆ ئـەوەی زانیـاری ورد لەسـەر کـوڕە ناوەنجییەکـەی ئەحمـەدی فەتاح کە ناوی تۆفیقە بەدەستبهێنم.

لـە نێوان چوون و نە چووندا بیرۆکەیەکم بۆ هـات، لـە دڵـی خۆمـدا گـوتم: بـۆچی سـەرێك لـەبازاڕو مزگـەوتی ئـاوایی نـەدەم بـەڵکو کەسـێك لـە نووسـینەوەی چیرۆکی سـەردەمی منـداڵیی میرزا تۆفیقدا یارمەتیم بدات.

ڕووم لـە بـازاڕو دوکـانی گوندەکـە کـرد، کـە خـەڵکی گوندەکـە پێیان دەگوت (سـەرحەوز). بـەدەم ڕۆیشـتنەوە بـەرەو سـەرحەوز

شـۆڕبوومەوە، کـاتێ گەیشـتم دیمـەنی بـازاڕو دوکـان و ئـاپۆرای خـەڵکی دێیەکـە زۆر سـەرنجی ڕاکێشـام! بـازاڕو دوکانەکـەی لـە بـازاڕو دوکـانی گونـد نەدەچـوو، کـە چـوومە سـەرحەوز، لـەپڕ وام زانـی لـە گوندێکەوە چوومەتە شـارێ! بازاڕەکەی هێنـدە ئاوەدان بــوو هەسـتت نــەدەکرد لــەنێو گوندێکـدای، بازاڕەکـە چـەند چـاخانە و نانــەوا و چــەندەها دوکــانی جـۆراو جـۆرو تەنانــەت گــەرماوی گشتیشــی تێــدابوو، دیمەنــەکان بــۆ مــن زۆر ســەرنجڕاکێش بــوون، بەتایبــەتی دیمــەنی پیاوەکانیــان کــە زۆریــەیان مشــکییان بەســەرەوە بــوو، هەنــدێکیان کــەوا و سـەڵتەیان لـە بـەردابوو، هەنـدێکی دیکەیشـیان ڕانکوچۆغەیان پۆشیبوو، لـە نێوەڕاسـتی سـەرحەوزدا سـوورە چنارێکی گەورەی تێدابوو باڵی بەسەر زۆربەی بازاڕەکەدا کێشـابووو هەندێکیشـی خستبوویە ژێر ساباتی میهرەبانی خۆیەوە!!

سـەرم هـەڵبڕی مزگـەوتی گوندەکـە بـە هەیبـەت و شـان و شـکۆی تایبـەتی خۆیـەوە خـۆی دەنوانـد، کـەمێك لــە ســەروو مزگەوتەوە کانیی ژنان بوو، ژنەکانم دەبینی دوو دوو کونە پڕ لـە ئاوەکانیان داگە وەکۆڵداو، بەدەم قسەوە بە هەورازەکەدا ڕووە و گونـدو ماڵـەکانی خۆیـان دەڕۆیشـتنەوە، هێنـدە کەوتبوومـە ژێـر کاریگـەری ئـەم دیمەنـە سەرنجڕاکێشـانەوە، بـۆ چـەند سـاتێك مەبەستی هاتنەکەمم بۆ سەرحەوز لەیاد کردبوو!

وەك یەکێك ئاڕاستەم بکات یان بانگم بکات، دەنگێکی ئەفسووناوی بانگی دەکردم، منیش بۆ سەرچاوەی دەنگەکە دەگەڕام بزانم بەڕاستی کەسێك بانگم دەکات یان بەخەیاڵ ئەم دەنگەم لەناخی خۆمدا دروستکردووە.

هەستێکی وام لادروست بوو ڕوونی و ئاستی دەنگەکە بەرزتر دەبێتەوە، لەم ساتەدا سەرچاوەی دەنگەکەم دیاری کرد، بۆم دەرکەوت ئەم دەنگە لە مزگەوتەکەوە بانگم دەکات! کەمێك ترس دایگرتم، پێم نا بە جەرگی خۆمدا و بەرە و مزگەوتەکە هەنگاوم نا، بە ئەسپایی و لەسەرخۆ خزامە مزگەوت، کە بانی مزگەوتەکە لەسەر چەند کۆڵەکەیەکی گەورەی دار وەستابوو، لەبەردەم یەکێك لە کۆڵەکەکاندا، مامۆستایەکی ئاینیی نورانیی پاڵی بە کۆڵەکەکەوە دابوو، کە منی بینی گوتی: وەرە ڕۆڵە دەزانم بەدوای مندا دەگەڕێیت و هەڵوەدای چیرۆکی سەردەمی منداڵی تۆفیقی برامیت. من ترسەکەم زیادی کرد و لەترساندا کەوتمە لەرزین!! لەدڵی خۆمدا گوتم: ئەم مامۆستایە پێشتر منی نەبینیوە چۆن دەمناسێ؟!

مامۆستا سەیرێکی ڕووخساری کردم بینی ڕەنگم زەرد هەڵگەڕاوە و دەلەرزم، گوتی: کوڕم هیچ مەترسە من مەلا حەمەسەعیدم، مامی باوکت، تۆ بەدوای چیرۆکی سەردەمی منداڵی باپیرتا ناگەڕێیت؟ وەرە دانیشە من ئەو چیرۆکەت بۆدەگێڕمەوە.

منیش چوومە بەردەمی و دەستیم ماچ کردو ئەویش زۆر بە میهرەبانی دەستی هێنا بەسەرمدا و سەری ماچ کردم.

بـۆ ماوەیـەك هـەردووكمان بێـدەنگ سـەیری یـەكترمان دەكـرد!! مامۆسـتا بێدەنگییەكـەی شـكاند و فـەرمووی: كـوڕم پرسیاری خۆت بكە، منیش كەمێك قوڕگم نووسابوو هەوڵمدا قـوڕگم كەمێك سـاف بكـەم، مامۆسـتا هەسـتی كـرد كـە قـوڕگم وشك بووە، شەربەیەكی ئاو لە پاڵیدا بوو جامێكی فافۆنی پاكی بەسەرەوە بوو، جامەكەی لابردو دەستی دایە ملی شـەربەكە و ئاوی بۆ تێكردم، كە گوێم لەدەنگی قوڵپەقووڵپی ئاوی شەربەكە بـوو، وام هەسـتدەكرد كـە لـەو سـاتەدا خۆشـترین ئـاوازم بـۆ دەژەنن!!

ئاوەكەم خواردەوە و وەك ئەوەی بڵێن ئاوێك بكەی بەسـەر ئاگردا، یان ڕۆح بكەی بەبەری كەسێكی بێ ڕۆحدا!! بەو جۆرە منیش ڕۆحم هاتەوە بە بەردا.

مامۆستا حەمە سەعید هێندە بە هەیبەت بوو لە شـەرماندا ڕووم نـەدەهات سـەرم بـەرز بكەمـەوە، لـە بەردەمیـدا بەسـەری نەوییـەوە پرسـیم: تـۆفیقی بـرات كـەی لـەدایك بووگـە و گـەر بەئـەرك نـەبێت كـەمێك باسـی سـەردەمی منـداڵیی ئـەوم بـۆ بكەیت.

مامۆسـتا زۆر بەنـەرمیی وەڵامی دامـەوەو گـوتی: ئێمـە پێـنج بـراین، تۆفیـق بـرای ناوەنجیمانـە لـە سـاڵی (١٩٠٠) ز لـەدایك

بووگە، بەمندالّی لەلای خۆم دەستی بەخوێندن کردووە، لێ ئەو ڕێگاکەی من ناگرێتەبەرو حەز ناکات ببێتە مەلاو واز لەخوێندن دەهێنێت و دەستدەکات بەکاری بازرگانی و زۆر لەو کارەشدا سەرکەوتوو دەبێت و پەیوەندییەکی باش لە تەك بازرگانانی ناوچەکە پەیدادەکات.

مامۆستا سەیرێکی کردم و فەرمووی: کوڕم ئیتر لەمەودوا خۆت بەدوای چیرۆکەکەدا بگەڕێ، منیش دەزانم ڕەنگە ئەو لە ئەنجامی وانە گوتنەوە بەفەقێکانی ماندوو بووبێت، پرسیاری تری لێناکەم و دەستی ماچ دەکەم و ماڵئاوایی لێ دەکەم.

❁ ❁ ❁

**عیشق، هەمووی، هەرسووتان و توانەوە،**
**هەر شکست و هەر شەیدایی و هەر فەنابوون**
**سینەی کەسێك، کە دەبێتەماڵی عیشق**
**خوێناوی دڵ، لە چاوانییەوە، سەردەکا!**

**(مەولانا)**

کـەمێك چـیرۆکی سـەردەمی منـداڵی تـۆفیقم لـەدەمی مامۆسـتا مـەلا حەمەسـەعید وەرگـرت، کـە لـە مزگـەوتی عەبابەیلێ دەرچووم، لەژێر سووره چنارەکەی سەرحەوز لەسەر تلـە بـەردێ دانیشـتم و چـوومە خـەیاڵێکی زۆر قوڵـەوە و کۆمـەڵێ پرسـیارم لـەخۆم کـرد: بـۆ نووسـینەوەی ژیـانی حـاجی میـرزا و چیرۆك و بەسەرهاتەکانی پەنا بۆ کێ ببەم؟!!

بیرۆکـەی ئـەوە بـە مێشـکمدا هـات، بـۆ ئـەوەی بتـوانم ژیـانی وەك خۆی بنووسمەوە دەبێت ببمـە سـێبەری، بۆ هـەرکوێ چووە وەدووی کـەوم و هـەرگیز لێـی جیـا نەبمـەوە، لـەو خەیاڵـەدا بـووم گـەنجێکی لاوازی گـەنم ڕەنـگ خـۆی کـرد بەسـەر حـەوزدا، ئـەو گەنجـە سـەرنجی منـی بـۆلای خـۆی کـێش کـرد، پیاگێـك لـە تەنیشـتمەوە دانیشـتبوو، گوتم: ئـەو گەنجـە کێیـە؟ گـوتی: چۆن نایناسـی؟! ئـەوە تـۆفیقی ئەحمـەدی فەتاحە، کە ئێسـتا خـەریکی

هێنـــان و بردنـــی کەلوپەلـــە، مــن کــەمێك ڕاچــڵەکیم، کــابرای تەنیشتم بێخەبەر لەوەی من نەوەی ئەم گەنجەم و لە زەمەنێکی تــرەوە هــاتووم، دەمــەوێت چــیرۆکی ژیــانی بــاپیرم بــۆ نــەوەکانی داهاتوو بگێڕمەوە.

لــەو ســەردەمەدا هەرکەســێك خوێنــدەوار بوایــە، پێیــان دەگـوت میـرزا، تـۆفیقی ئەحمـەدی فـەتاحیش بـەپێی ئـەوەی، کـە کەسێکی خوێنـدەوار بـوو بۆ ئەوسـەردەمەش ئـەوە شـتێکی زۆر گرنگ بووە، لەپاڵ خوێندەوارییەکەشیدا کەسێکی سەرکەوتوو بـووە لـە بازرگانیـدا، ئـەم هۆکارانـە دەبنـە هـۆی ئـەوەی نازنـاوی میرزای بەسەردا ببڕن و بە میرزا تۆفیق بناسرێت.

میـرزا تۆفیـق کەسـێکی کەمـدوو، هـێمن و لەسـەرخۆ بـوو، هەرچەندە تەمەنی نەگەیشتبووە بیسـت سـاڵ، لـەدڵی زۆربـەی خـەڵکی ئاواییـدا جێـی خـۆی کردبوویـەوە، هەمیشـە لەخۆشـی و ناخۆشیدا بەدەم خەڵکەوە بوو.

خوێنــەری خۆشەویســـت مــن لــەم چــرکە ســـاتەوە وەك سێبەری وەدووی دەکەوم، تاتەواوی ژیانی ئەم عاشق و زاهید و خێرخوایە نەگێڕمەوە لێی جیانابمەوە.

کاروانێك بـەرەو شـاری سنە دەکەوێتـە ڕێ و (میرزاتۆفیـق) سـەرکاروانە، ئـەوەی بەردەسـت بکـەوێت لـەوێ شـتێ بکـات ئـەوان لەتـەك خۆیانـدا دەیبـەن، هاوڕێکـانی جارجـار دەیکەنـە گاڵتـە و پێکـەنین و میـرزا بێـدەنگ ڕێ دەکـات و هـیچ ناڵێـت،

خەریکە دەکەونە باسی هاوڕێیەکیان، لێیان دێتە دەنگ و ئێژێ لە خوا بترسن بۆ غەیبەتی هاوڕێکانتان دەکەن، دەگەنە سنە، سنە ئەو کاتەش لەچاو ناوچەکانی هەڵەبجە و دەورویەریدا، شارێکی گەورەو خەڵکێکی کراوەتری هەبووە، میرزا تۆفیق لەتەك یەکێ لە بازرگانەکانی سنەدا کێشە دەکەوێتە نێوانیان، مەلا حەمەسەعیدی برا گەورەی دێتە سنە بۆمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی تۆفیقی برای.

کێشەکە چارەسەر دەکرێت و شاری سنە جێدەهێڵن و دەگەڕێنەوە بۆ عەواوەیلێ.

❁ ❁ ❁

**عیشق مەشخەڵێکە، هەرکە گڕی گرت ،**
**بێجگە لە مەعشووق، دەسووتێ گشت شت!**
**عاشقان دیارن، مەعشووقیش، پەنهان ،**
**کێ دی عیشقی وا، لە هەموو، جیهان؟**

**(مەولانا)**

هەندێ جار نیگام لە نیگاکانی گیر دەبوو، لە نیگاکانی میرزا تۆفیقدا هەمیشە هەستت دەکرد بۆ شوێنێکی زۆر دوور دەڕوانێت، کە دەتبینی هەمیشە هەستێکی وات لادروست دەبوو، وات دەزانی بەدووی خۆشەویستەکەیدا عاشقێکی وێڵ و سەرگەردانە!! نەتدەزانی ئەم دوای چ جۆرە عیشقێك کەوتووە؟! ئایا وەدووی عیشقێکی مەجازی کەوتووە یان عیشقێکی حەقیقی؟!

وەڵامی ئەم پرسیارە کاتێکی زۆری گەرەك بوو تا گەیشتمە ڕاستی وەڵامەکە، ڕەنگە خوێنەر پرسیار بکات و بێژێت، چۆن بەوەڵامی ڕاست گەیشتیت؟ ئایا میرزا تۆفیق چ جۆرە عاشقێك بوو؟

بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارانە، هەرساتێ میرزا تۆفیق سەردانی شاری هەڵەبجەی بکردبا من بەدوویەوە بووم، دەمگوت: ڕەنگە لەم شارەدا میرزا عاشقی کچێکی شۆخ و شەنگ بووبێت وا هەمیشە ئاگاو هۆشی لای خۆی نییە، پاش ماوەیەکی زۆر چاودێریکردنی، ئەوە نەبوو کە من گومانم بۆی دەچوو، میرزا هەرکە دەهات بۆ شار ڕاستەوخۆ ڕووی لەو مزگەوتە دەکرد، کە باپیری شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی (شێخ مەحەمەدی کۆسە) دروستی کردووە و یەکەم مزگەت بووە لە شاری هەڵەبجەدا کە دروستکراوە، ناوی مزگەوتی گەورە یان مزگەوتی جامیعە بوو، میرزا تۆفیق هەرساتێ بهاتبایەتە ئەم مزگەوتە دەچووە خزمەتی کۆمەڵێ زانای ئاینی، ئەوان هەمیشە وشەیەکیان زۆر دووبارە دەکردەوە، عیشقی خودایی لە ڕێگای ڕێبازی نەقشبەندییەوە، هەوڵدان بەگەیشتن بە مەعشووق لەڕێگەی خۆبەدوور گرتن لەدنیاپەرستی و خۆبەدوور گرتن لەدونیای ماددی.

ئەوان هەمیشە باسیان لەخۆشەویستی خۆیان بۆ مەعشووقەکەیان دەکرد، لە ڕوانگەی وتەیەکی ڕابیعەی عەدەوییەوە کەدەڵێت: (خودایە! من نە لەترسی دۆزەخەکەت، نە بۆ خۆشی بەهەشتەکەت دەگریم، گریانی من، هەر بەتەنیا، بۆخۆم و عیشقەکەی تۆیە)

بەڵێ ئەوان هەمیشە بەدوور لە هەموو ڕیاکارییەك چاو پڕلەفرمێسك و گریان بوون بۆ مەعشووقەكەیان.

ئەو عاشقە ڕاستەقینانە كە هەمیشە لە مزگەوتی گەورەی شار كۆدەبوونەوە و هەوڵیان دەدا، كرۆكی فەلسەفەی تەسەوف بەخەڵكی بگەیەنن، ئەو مامۆستایانەش. شێخ موستەفای موفتی، م. مەلا عەزیزی پریس، م. شێخ بابەڕەسووڵی بێدەنی بوون.

میرزا تۆفیق بەجۆرێك كەوتبووە ژێر كاریگەری مامۆستاكان و ئەم فەلسەفەیەوە، هۆشی لەسەر خۆی نەمابوو ئۆقرەی لێبڕابوو، چاوەڕێی ئەو ڕۆژەی دەكرد كە كەی بێت و شێخەكەی ببینێ و لەسەر دەستی ئەودا بەڕێبازی نەقشبەندییەوە تەمەسووك بكات.

بەڵێ ئەو ڕۆژەی میرزا زۆر بەشەوقەوە چاوەڕێی دەكرد، هات، ڕۆشتن بۆ دیداری(شێخ عەلادین)ی بیارە، لەتەك هاوڕێكانیدا بەرەو بیارە بەڕێدەكەوێت، میرزا تۆفیق بۆ بینینی شێخ عەلادین لەو ساتەدا ئاواتەخواز بوو دووباڵی لێ ڕوابا و چی زووترە بەخزمەتی شێخەكەی بگەیشتایە، ئەو هێندە تامەزرۆ بوو، وەك یەكێك وابوو لەبیابانێكی كاكی بەكاكیدا وێڵ بووبێت و بەدوی دڵۆپێك ئاودا بگەڕێت!

قافڵەكە گەیشتە بیارە، وردە وردە لە خانەقای بیارە نزیك دەبوونەوە، هەتا زیاتر نزیك ببوونایەتەوە، میرزا تۆفیق زیاتر

دەشـڵەژا، دەچـنە نێـو خانـەقا و بۆدیـداری شـێخ ماوەیـەك چاوەڕێیان کرد تا نۆرەیان هات، ئەو ساتەی یەکێك لە موریدانی شێخ گوتی:

- بامیوانـانی هەڵەبجـە بفـەرموون، شـێخ چـاوەڕێیان دەکات.

لـەم چرکە سـاتەدا میـرزا تۆفیـق چین چین ئـارەقی دەکـرد و شڵەژانەکەی زیاتر دەبوو!

ئەو کاتەی چوونە حزووری شێخ و نوێنەرەکەیان یەك یەك بە شێخی دەناساندن و تەمەسووکیان دەکرد، ئەو کاتەی نۆرەی میـرزا تۆفیـق هـات چووە بـەردەم شـێخ و هەرهێنـدەی میـرزا ئـەو دەسـتەواژەی تـەواوکرد، کـەدەبێت لـەکاتی تەمەسـووککردندا بگوترێـت، ڕاسـتەوخۆ بووراڵـەوە، منـیش لـەکاتی بینینـی ئـەم دیمەنەدا، ئەم شیعرەی مەحویم وەبیرهاتەوە.

لەسەرخۆچوونە، شەیدا بوونە، سووتانە

هەتا مردن موحیبەت ئێشی زۆرە ڕێزی لێدەگرم

ئیتر لەو چرکەساتە بەدواوە میرزا تۆفیق دەبێتە یەکێك لە مورید و مەنسووبە دڵسۆزەکانی ڕێبازی نەقشبەندی.

❁ ❁ ❁

**لەنێوانی سەدان کەسدا،**
**عاشق، وەك مانگ، لەنێو ئەستێران، دەدرەوشێ،**
**ئەقڵ، گەرچی گشت عەقیدەو بیرو بۆچوونێك،**
**شەن دەکا،**
**وەلێ لە مەزهەبی عیشقا، خڕ نەزانە،**
**سەر سوڕماوو دەستەپاچە، ڕادەوەستێ!**

**(مەولانا)**

میرزا تۆفیق دوای گەشتەکەی بۆ بیارە، گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا دێت، ئەو دەکەوێتە زەریای عیشقی ئیلاهییەوە! لەڕووی کەسایەتییەوە هێمنترو لەسەرخۆترو کەمدووتردەبێت! دوای سەردانی ڕۆژانەی بۆ شاری هەڵەبجە، ئاشنایەتی لەتەك چەندەها عاشقی وەك خۆی پەیدادەکات، چەندەها کەسی وەك حاجی سەعید و شێخ عەلادینی جگەرە و حاجی ئەحمەدی حەداد دەناسێت و دەبێتە هاوڕێیان، ئەم عاشقانە هەرگیز بێ یەك نەیاندەکرا، ئیتر میرزا تۆفیق وەختی ئەوەی هاتبوو نیوەی دینەکەی تەواو بکات و خێزان پێکەوە بنێ، ئەو دەیویست بێتە شاری هەڵەبجە و لەوێ جێگربێ، بۆ ئەم مەبەستە لە قەیسەری حامید بەگ دوکانێکی بەکرێ گرت، کردییە دوکانی بەزازی قوماشی پیاوان، ئەو سەردەمەی

میرزاتۆفیق لە قەیسەری حامید بەگ دوکانی دانا، تەنیا ئەوو حاجی قادری موسڵمان تێدا بوو !!

دوکاندارەکانی تری ناو قەیسەری هەموو جوو بوون، میرزا تۆفیق هەرچەندە کەسێکی زۆر دیندار بوو، لێ پەیوەندییەکی زۆر باشی لەتەك جووەکاندا هەبوو، جووەکانیش ڕێزێکی تایبەتی میرزا تۆفیقیان دەگرت.

هەڵەبجە پێکهاتەیەکی هەمەڕەنگی هەبوو، شار لەڕووی ئاینی و مەزهەبییەوە چەندەها ئاینی وەك جووەکان و کاکەییەکان و هەندێ لە کرستیانیشی تێدابوو، ئەوەجگە لەموسڵمانەکان کە زۆربەی خەڵکی شاری پێك دەهێنا، لەنێو موسڵمانەکانیشدا هەبوو کەسێکی پابەند بوو بەبنەما ئاینییەکانەوە، زۆرێکیش هەبوون ڕێك پێچەوانەی ئەوان، پابەند نەبوون بەبنەما ئاینییەکان کۆڕی بەزمی شەوانە و دانیشتنی شەوان و کۆڕی مەی خواردنەوەیان تا بەرەبەیان گەرم بوو، لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، دەوڵەمەند و چینی ناوەند و هەژاریشی تێدا هەبوو، زۆر جار لە کۆڵانێکدا ئەم هەموو جیاوازیانە کۆدەبوونەوە، ئەوەی شاری زیاتر جوانترکردبوو، ئەم جیاوازییە بوو لەنێوان کەسەکاندا کە لەشاردا دەژیان، لەتەك ئەوەشدا بەو هەموو جیاوازییەوە، ڕێزێکی زۆریان لەیەکتر دەگرت!! هیچ پێکدادانێك ڕووی نەدەدا کە پەیوەندی بەو جیاوازییانەوە هەبێت، بەنموونە،

زاهیـدێکی وەك میـرزا تۆفیـق دوکانەکـەی لەقەیسـەریدا لـەنێو جووەکانـدا بـوو، جووەکـان ڕێزێکـی زۆریـان لـە میـرزا تۆفیـق دەگرت، لە بەرامبەریشـدا میـرزا تۆفیقیش زۆر ڕێزی جووەکانی دراوسـێی دەگـرت و پەیوەندییـەکی زۆر ئاسـایی لـە تەکیانـدا هەبوو.

میـرزا پـاش گـەڕانێکی زۆر بڕیـاری دا، داوای کـچی یـەکێك لەبنەماڵـە ناسـراوەکانی شـاری هەڵەبجە بکـات، (عەدلـەخانی) کـچی حـاجی حەمەڕەشـی دیـاری کـرد تـا ژیـانی هاوسـەرگیری لەتەکدا پێکبهێنێت.

بەڵێ وەك دابوونەریتی کوردەواری چەند ژنێکیان ڕاسپارد تـا بچـن داوای عەدلـەخانی حـاجی حەمـەڕەش بـۆ میـرزا تۆفیـق بکەن.

دوای ڕەزامەنـدی خێزانـی حـاجی حەمـەڕەش، میـرزا تۆفیـق بـووکی گواسـتەوە، سـەرەتا بـە کـرێ لـە یـەکێك لـە خانووەکـانی ماڵی خەزووریدا لە نزیك گەڕەکی جووەکان نیشتەجێ بوون.

ڕۆژگـار تێپـەڕی و خـوای گـەورە کـوڕێکی بەخشـییە میـرزا و نـاوی نـا (نـوری)، باسـی جـوانی ئـەم منداڵـەی میـرزا تۆفیـق لـە شـاردا دەنگـی دایـەوە، کوڕەکـەی ڕۆژ بـەڕۆژ بـە بەرچـاوی باوکییـەوە گـەورەدەبێت، وای لێـدێت کارەکـانی بـاوکی ڕادەپەڕێنێت، لە هەمانکاتیشـدا دەخوێنێت، نوری میـرزا تۆفیق لـە قۆنـاغی خوێنـدنی سـەرەتایدا، لەتـەك (م.ع.ع. شـەونمدا)

قوتابی دەبێت و بەشداری نواندنێکی شانۆیی دەکات بەناوی (خانمی مەکرباز) کە ڕۆڵی قازی تێدا دەبینێت، ئەو شانۆییە یەکەم چالاکی نواندنە، کە لە چوارچێوەی چالاکییەکدا قوتابیان ئەنجامیان داوە، کە لەسەرشانۆ نەبووە.

نوری میرزا تۆفیق کە گەورەش دەبێت یەکێك دەبێت لە قۆزترین (ئێستا دەڵێن جوانترین)!! کوڕانی شارو تا ئێستاش هەندێ کەسانی بەتەمەن دەبینم کە لە ژیاندا ماون باسی جوانی و قۆزی نوری میرزا تۆفیق دەکەن.

میرزا تۆفیق هەر زوو ژن بۆ نوری کوڕی دەهێنێت، لێ بەداخەوە کوڕە قۆزو جوان و شۆخەکەی میرزا، تەنها تاقە کچێکی دەبێت ناوی دەنێ پەخشان، لەپڕ نوری تووشی نەخۆشییەکی لەناکاو دەبێت و گیان لەدەست دەدات، میرزا تۆفیق لەئاست ئەم کۆستەدا خۆی ڕاناگرێ، بانگ و سەڵا هەڵدەدا، دەستەسڕ بۆ مەرگی کوڕەکەی بادەدا، سەراپای شاریش ماتەم دایدەگرێ و بۆ مەرگی کوڕە شۆخ و قۆزەکەی شار تازیەبار دەبن.

میرزا تۆفیق لە عەدلەخانی خێزانی، جگە لە نوری کچێکی دەبێت بەناوی حەپسە، دوو کوڕیشی دەبێت بە ناوەکانی ئەنورەو عەلی.

❁ ❁ ❁

**داخۆ دەبێ عیشق چی بێ؟**
**عیشق زەریاکەی عەدەم و**
**عەقڵیش لاقەکانی شکاو!**
**عیشق قەهار!**
**من زەلیلی سوڵتانی ئەو**
**من لە نوورەکەی عیشقەوە،**
**وەك تریفەی مانگم، بەشەو**

**(مەولانا)**

میرزا تۆفیق وەك پەروانەیەك، لەشەوی تاریکدا چۆن بەدوای تیشکی ڕووناکیدا دەگەڕێت و تا دواجار لە خۆشەویستی بۆ ئەو ڕووناکییە خۆی دەسووتێنێت، هەمیشە تیلماسکێ ڕووناکی لەهەرکوێیەکەوە دەربکەوتبا، دەیدا لەشەقەی باڵ و ڕووناکییەکەی دەدۆزییەوە و تا بەرەبەیان لە دەوری دەسووڕایەوە.

میرزا تۆفیق هێشتا گەنج بوو پشتی لەخۆشی و تام و چێژی دونیا کرد، عاشقی نووری ڕێگای عیشقی حەقیقی بوو!

( سۆفییان، ئەگەرچی لەپەرجووی خودا بۆ خەڵقکردنی کەون و مەوجووداتی، ڕادەمێنن و مەستی توانستی بێسنووری

خـالق بـۆ مـەخلووقات دەبـن، دیسـانیش پێیـان وایـە، تـەوەری سـەرەکی و ترۆپکـی خوڵقانـدنێك کـە خـودا بـۆ ڕاگرتنـی باڵانسـی گەردوون، ئەنجامی داوە تەنیا عیشقە!)؟[١]

میرزای عاشق کە بووە هاوڕێی شێخ موستەفای موفتی، کە نەوەی شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی بوو، هەموو ڕۆژێ پێنج فەرزە ڕووی لـەم مزگەوتە دەکرد، بۆ خەتمەکانیشی ڕووی لـە هەمان شوێن دەکرد.

ئـەم مزگەوتـە دەبێتـە مـاڵی دووەمی، زۆربـەی کاتـەکانی بـێ ئیشی لەوێ بەسـەردەبات. سـەرەتای سییەکان ڕۆژێك لـە نوێژ دەبنــەوە لەتــەك شــێخ مســتەفای مــوفتی دێنــە دەرەوە، شــێخ مستەفا دەڵێت: میـرزا بۆچی ئـەو زەوییـەی بەرامبـەر مـاڵی ئێمـە ناکڕیت و بکەیتـە خانوو، لـە مزگـەوت نزیـك دەبیـت و ماڵیشـت بەرامبــەر مــاڵی ئێمــە دەبێــت، ئێمــەش پێمــان خۆشــە ببینــە دراوسێ. کە شێخ مستەفا ئـەم قسـەیەی لـەزار دێتـەدەر، میـرزا تۆفیـق سـەیرێکی زەوییەکـە دەکـات، دەمووچـاوی هێنـدەی دی گەش دەبێتـەوە، وەك فریشـتە بەدەمییـەوە پـێ بکـەنێ، سـەیری زەوییە چۆڵەکەی ئەوبەری دەکات و پێدەکەنێ، وەك هەنگوینی لە کرۆکی داردا دۆزیبێتەوە! یان گەنجی سلێمانی لـەژێر زەویدا

---

[١] جیلـوەی عیشـقەکەی مـەولاناو شـەمس/ پشـکۆ نەجمـەدین. ل ١٧– چـاپی یەکەم/ ٢٠١٨.

دۆزیبێتەوە! شێخ مستەفا دەیزانی میرزا بۆ هێندە دڵی خۆشە! دەیشیزانی میرزا ئەم شوێنەی پێ خۆشترین شوێنی دونیایە!

بە دڵخۆشی بەرەو ماڵی خۆیان چوویەوە، عەدلەخانی خێزانی سەیرێکی میرزای کردو گوتی:

– چییە میرزا ئەمڕۆ زۆر دڵخۆش دیاری؟!

میرزا لەوەڵامدا گوتی:

– چی بێت لە تۆ نهێنی ئافرەت، ئەمڕۆ شێخ مستەفا زەوییەکی پێ نیشاندام تا بیکەمە خانوو، نازانم من ڕۆژانە بێرەدا گوزەر دەکەم کەچی خەیاڵم بۆی نەچووە! لە سبەینێ زووتر نییە خاوەنەکەی دەدۆزمەوەو دەیکڕم و باشترین وەستای ناوچەکەی بۆ دێنم و دەیکەمە تەلارێکی وەها، کە خەڵکی شار بەتایبەتی بێن بۆ سەیری!!

بۆ ڕۆژی دواتر خاوەن زەوییەکەیان دۆزییەوەو زەوییەکەیان لێکڕی، دوو باشترین وەستاباشی شار بەناوەکانی (ڕەشەی بەهیج) و (عەلی ساڵح)ی بۆ هێنا.

میرزا تۆفیق ڕۆژبەڕۆژ کە دەیبینی تەلارەکەی بەرزدەبێتەوە، زیاتر هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد، ڕۆژێك هاتە سەرخانووەکەی و ڕووی کردە وەستا ڕەشید و گوتی:

– وەستا دەمەوێت ژوورەکەی خۆم بکەوێتە سەرکۆڵانەکە و پەنجەرەیەکی هیلالیی جوانی بۆ بکەی بەرامبەر مزگەوتی گەورە.

وەستا گوتی بەڵێ قوربان بەسەرچاو.

میرزا بەجۆرێك خۆشەویستی مزگەوتی جامیعەی چوو بووە دڵ، کە ناوی مزگەوتەکەی دەبرد وەك ئەوە وابوو باسی خۆشەویستەکەی بکات!!

وەستاباشییەکان خانووەکەیان لە کاتی دیاریکراودا تەواوکرد، بەڕاستی تەلارەکە بەئاشکرا شوێن پەنجە و سەلیقەی ئەو دوو وەستاباشییەی پێوە دیاربوو، لەو سەردەمەدا تەلارەکەی میرزا تۆفیق یەکێك بوو لە تەلارە جوانەکانی شار.

❁ ❁ ❁

لێوانی کلۆم دراون، دڵیش لێوانلێوی نهێن!
لێو بێسرتە، دڵیش سەرڕێژ لەدەنگ و خوێن!
ساتێ جامی (حەق)یان نۆشی عاریفەکان،
لەکن ئەوان گشت نهێنیان ئاشکرا بوو،
وەلێ لەژێر (حیجاب) یان، نان!

(مەولانا)

میرزا تۆفیق زۆر دڵی بە خانووە نوێکەی خۆش دەبێت، ئەو لەساتی دروستکردنی ئەم خانووەدا هەمیشە بیری لەوە کردۆتەوە، تا ژوورێك زیاتری تێدابێت باشترە، بۆ ئەوەی بیکاتە شوێنی حەوانەوەی میوانان و ڕێبواران و غەریبان! نزیکی لە مزگەوت هێندەی دی خانووەکەی لە دڵدا شیرینتر کردبوو.

ماڵی میرزا دەبێتە شوێنی کۆبوونەوەی عاریفان و عاشقانی ڕێگای حەقیقەت، گێڕانەوەی چیرۆك و سەربووردەی ئەم عاریفانە بۆ ئەوانەی کە تامی عیشقیان نەکردووە و لە مانای عیشقی حەقیقی تێناگەن، دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕی ئەوان! چونکە ئەو چیرۆك و سەربووردانەی لەم عاریف و عاشیقانەی دەگێڕنەوە، بە لۆژیکی عەقڵ ناپێورێت!

مامۆستا پشکۆ نەجمەدین زۆر جوان باس لەم تێنەگەیشتنە دەکات و دەنووسێت:

(عیشـق لـەکن عاریفـان و عاشـقانی خـودا، جگـە لـەوەی بنچـینەی ناسـینی کـەون و هـەموو پێکهاتـەکانێتی، تـەنیا ئامرازێکیشە بۆ ناسین و گەیشتن بە حەق! ئەگەر کەرتەکانی کەون عاشق بن و پەیوەندییەکی عاشقانە مانای بە وجوودیان دابێـت، تۆ کە عاشق نەبیت نە لە کەون و یاساو ڕێساکانی حاڵی دەبیـت، نـە لـە ڕۆحی حـەقیش نزیـك دەبیتـەوە، جـا ئیـدی لەیەکگرتن و توانەوە لە ڕۆحی مەعشووقدا، بگەڕێ)[٢]

ئـەم تێنەگەیشـتنەی من و ئێوەی خوێنـەر وام لێدەکات کە خۆم لـە گێڕانـەوەی چیرۆك و بەسـەرهاتگەلێکی ئـەو عاشـق و عاریفانـە بپـارێزم و نەیگێڕمـەوە، چـوون دڵنیـام زۆربـەتان بەچیرۆکێکی خـەیاڵی دەزانـن!! گـەر تـۆ عاشـق نـەبیت هـیچ لەمانای عیشق تێناگەیت و نازانی.

دەگێڕنـەوە: هێشـتا میـرزا تۆفیـق لەسـەرەتای گەنجێتیـدا دەبێت، برا گەورەکەی مەلا حەمەسەعید کۆچی دوایی دەکات، کە یەکێك بووە لەزانا ئاینییەکانی ناوچەکە، میـرزا تۆفیـق بـە مردنـی بـرا گەورەکـەی زۆر ناڕەحـەت دەبێـت و کـوڵی گریـانی ناوەستێت و بە هیچ شتێك سەبووری نایەت.

شـەوێك میرزاتۆفیق بۆ چەند ساتێك چاوانی دەچنە خەو، مـەلا حەمەسـەعیدی بـرا گـەورەی دێتـە خـەوی و سەرزەنشـتی

---

[٢] جیلـوەی عیشـقەکەی مـەولاناو شـەمس/ پشـکۆ نەجمـەدین. ل ٢٤- چـاپی یەکەم/ ٢٠١٨.

دەکات و دەڵێت: تۆیەکی ئیماندار کە سوور دەزانی ئێمە چووینەتە ژیانی هەتاهەتایی و بێ بڕانەوە، ئێوەش لە ژیانێکی کاتیی ناڕەحەتدا دەژین، هەستە هێندە مەگری و دەنگ بەرز مەکەوە، من کارێکم پێتە و ئەو کارەش نابێت دوابخرێت.

میرزا تۆفیق دەڵێ:

- فەرموو کاکە گیان چ کارێکت پێم هەیە؟

مەلا حەمەسەعید دەڵێت:

- من قەرزاری فلانە کەسم لەنێو بازاڕو بڕەکەی ئەوەندەیە، دەمەوێت قەرزی ئەو پیاوە بدەیتەوە.

میرزا تۆفیق لەخەو دادەچڵەکێت و شایەتمانێکی بەهەق دێنێت و سوپاسگوزاری خوای دلۆڤان دەکات، ئەو شەوە ڕۆژی لێنابێتەوە و پەلەی بووە، بەڵام کات زۆر لەسەرخۆو بە هێواشی تێدەپەڕێت!!

ئەو شەوە تابەیانی خەو ناچێتە چاوانی، بۆ بەیانی کە ڕۆژهەڵدێت و دوکان و بازاڕ دەکرێتەوە، میرزا تۆفیق بەخێرایی خۆی کۆ دەکاتەوە و بەرە و بازاڕ بەڕێدەکەوێت و دەچێتە لای ئەو پیاوەی کە مەلا حەمەسەعید ناونیشانی پێدابوو، پاش سڵاوکردن میرزا تۆفیق دەڵێ:

- براکەم، مەلای برام قەرزاری تۆیە.

دەست بە باخەڵیدا دەکات و پارەکەی دەردەهێنێ، خاوەن قەرزەکەش بەسەرسووڕمانەوە سەیری دەکات!! ماوەیەك لێی ڕادەمێنێ و دەڵێ:

– میرزا چیرۆکی ئەم قەرزە هەر لەنێوان من و مەلای براتا بووە، چۆن زانیوتە قەرزاری منە؟! کاتێك کە کۆچی دوایی کرد گەردنیم ئازاد کردووە.

میرزا سەیرێکی دوکاندارەکە دەکات و دەڵێت:

– چیبێت لە تۆ نهێنی ئەم شەو مەلای برام هاتە خەوم و چیرۆکی ئەم قەرزەی پێگوتم.

کابرای دوکاندار دەست بەگریان دەکات، دەڵێت: موسڵمانی واکەم بوو.

چەندەها چیرۆك و بەسەرهاتی لەم جۆرە تەنیا عاشقەکان باوەڕی پێدەکەن و لێی تێدەگەن.

❁ ❁ ❁

**سۆفییەکان کە لە زەریای ڕووناکیدا، بزر دەبن،**
**هەناسەیان لەو نوورەیە، کە تاریکی ڕادەماڵێت**

**(مەولانا)**

میرزا تۆفیق شەوقی دیداری ماڵی خوداو سەردانیکردنی مەزاری پێغەمبەر (د.خ) فیکروخەیاڵ و هۆشی دەبات، هەرچەندە دەبێت ڕێگەیەکی دوورو سەخت و گەرمایەکی تاقەت پڕووکێن بگرێتەبەر لێ ئەو سەرمەستی دیداری ماڵی خودا بوو، وای دەزانی بۆ بەهەشت دەچێت! تا ڕۆژی سەفەرەکەی نزیك بایەتەوە کە تەماشات دەکرد هەستت دەکرد ڕووی زێدەتر دەگەشێتەوە و لە نێوچەوانییەوە نوور دەباری!

کاروانی حاجیان وەڕێکەوت و میرزا تۆفیقیش یەکێك بوو لە حاجییەکان، تا زیاتر لە ماڵی خودا نزیك دەبوونەوە، ئەو زیاتر هەستێکی سەیری لا دروست دەبوو، کاتێ گەیشتن بەماڵی خودا و ئەرکە سەرەکییەکانیان بەجێهێنا، دەرکی بەوەکرد کە ئەو تەنها فەرزێکی دینی بەجێهێناوە، وەگەرنا ئەو هەمیشە و بیست و چوار کاژێر لەهەرکوێیەك با بەدەوری مەعشوقەکەی

خۆیدا دەسووڕایەوە، ئەوان دڵیان بۆ هەمیشە کردۆتەماڵی هەمیشەیی مەعشووقەکەیان و جێگای کەسی دی تیانابێتەوە.

سوهرەوەردی سەبارەت بە عیشق دەڵێت.

(ساتێ خۆشەویستی بە ئامانجی خۆی دەگات، دەبێت بە عیشق، عیشقیش لە خۆشەویستی باڵاترو تایبەتترە! ئاخر هەموو عیشقێك خۆشەویستییە، بەڵام هەموو ئەوینێك، عیشق نییە، مەسەلەکە دەکرێت ئاوا ڕیزبەندی بکرێت.

مەعریفە، پلە یەکە و خۆشەویستی دووەم پلەیەو عیشقیش پلەی سێ و لووتکەی پەیژەکەیە! تۆ ئەگەر مەعریفە و خۆشەویستی تێنەپەڕێنیت، هەرگیز ناکرێت بە دونیای عیشق بگەیت)[٣].

میرزا تۆفیق لەو ڕاستییە تێدەگات عاشقانی ڕاستەقینە ئەوانەن، لە هەرشوێنێك و لە هەر کاتێکدا بێت دەتوانن وەك پەروانە بە دەوری مەعشووقەکەیاندا بگەڕێن، ئەمیش لەو عاشقە سەوداسەرانە بوو بۆ چرکەیەکیش بێت لە مەعشووقەکەی دانەبڕاوە.

دوای گەڕانەوەی لە حەج، وشەیەکی تر بۆ نازناوەکەی زیاد دەبێت و دەبێتە حاجی میرزا تۆفیق.

---

(٣) دیوان بحثا عن الشمس لمولانا جلال الدین الرومی و شیخه شمس تبریز/ دار الابداع للنشر و التوزیع/ ٢٠١٥.

کەسایەتی حاجی میرزا بۆ سەردەمی خۆی کەسایەتییەکی زۆر دەگمەن بووە، لە بواری چاکەکردن و خێرخوازیدا، ئەم کەسایەتیانە گەر لەنێو کوردا نەبوونایە و بەتایبەتی تر لەنێو شاری هەڵەبجەدا نەبوونایە، ئێستا چەندەها کتێب لەسەر چیرۆکی ژیانیان دەنووسرا، یان شوێنێکی شیاویان بەناوەوە ناودەنرا، لێ مێژووی شارەکەم هێندە هەژارە، بەدەیەها کەسایەتی جوانی وەك حاجی میرزا فەرامۆش کراوەو تەپوو تۆزی زەمەن بەسەریانەوە نیشتووە، چاوەڕێی قەڵەمێکی کارامە و لێهاتوو دەکات، تا بتوانێت تەپووتۆزەکەی سەری بتەکێنێت و تیشك و شەوقی خۆی بۆبگێڕێتەوە، تا نەوەکانی داهاتووی شار بزانن چەند پیاوو ژنی گەورە لەم شارەی ئێمەدا ژیاون، منێك بۆ چەندساڵێك دەبێت چاوەڕێی کەسێکم لایەك لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی شار بکاتەوە، لێ چونکە ڕۆحمان سیخناخ بووە بەسیاسەت، زۆربەی قەڵەم بەدەستەکانمان ئەم هەموو گەوهەرو ئەڵماسەیان فەرامۆش و لەیاد کردووە! خەریکی سووڕانەوەن بەدەوری کەسایەتییە سیاسییەکاندا و لە خولگەی ئەواندا دەسووڕێنەوە! وەك ئەوەی کورد لە هیچ بوارێکدا کەسایەتییەکی تێدا هەڵنەکەوتبێت سیاسی نەبێت، لە ڕاستیدا پێچەوانەکەی ڕاستە کورد لە هەموو بوارێکدا کەسایەتی ناوازەی تێدا هەڵکەوتووە، لە سیاسەتدا نەبێت!

❁ ❁ ❁

**دوێنێ زرنگ بووم، دەمویست، سەرتاپای دنیا بگۆڕم**
**ئەمڕۆ حەکیمم، بۆیێ من، تەنیا هەرخۆم دەگۆڕم!**

**(مەولانا)**

چیرۆکی بەخشندەیی حاجی میرزا بە هەموو ناوچەکەدا بڵاودەبێتەوە، زەمەن زەمەنی نەبوونی و هەژاری و قاتووقڕییە، نان لە قورگی شێردایە، زۆرێك لەخێزانەکان توانای دابینکردنی بژێوی خێزانەکانی خۆیان نییە!!

لەم ڕۆژە سەختانەدا حاجی میرزا دەرگای ماڵەکەی لە ڕووی کەسانی بێ لانەو بێ سەرپەرشتا ئاوەڵا دەکات، بێوەژن و منداڵ و پیاوانێك کە هیچ لانە و جێگایەکیان نییە تێیدا بحەوێنەوە، ڕوو لە تەلارەکەی حاجی میرزا دەکەن، حاجی میرزایش وەك باوکێکی بەسۆز ئامێزی سۆزو میهرەبانییان بۆ دەکاتەوە و جیاوازییان لەتەك دوو کوڕو کچە تاقانەکەیدا ناکات.

ماڵی حاجی میرزا دەبێتە شوێنی بەخێوکردنی بێ لانەو بێ سەرپەرشتەکان، منداڵەکان گەورە دەکات، تا کاتی ژنهێنان و شووکردنیان دێت و ژن بۆ کوڕەکان دێنێت و هەرخۆشی کچەکان بەشوو دەدات! ئەوە جگە لەوەی دەرگای ئاوەڵا و سفرەی هەمیشە و بەسێ ژەمە ڕاخرابوو بۆ هەژارەکان.

کارە خێرخوازییەکانی حاجی میرزا لە چەند لایەنێکی تردا ڕەنگ دەدەنەوە، وەك لایەنی خوێندن، چونکە خۆی کەسێکی خوێندەوار بوو، لەو سەردەمەشدا خوێندەوار زۆر کەم بوو، گرنگی خوێندن و خوێندەواری زۆر باش دەزانی، هەمیشە لە خەمی فەقێی حوجرەکاندا بووە، کە هەریەکەیان لە شوێنێکەوە هاتبوون، بۆ هاندانی خوێندن و گرنگیدان بە زانستە شەرعییەکان.

حاجی میرزا موچەی بۆ فەقێکانی مزگەوتی پاشا بڕیبوویەوە و خواردنیشی بۆدابین کردبوون، حاجی میرزا بەپێی ئەوەی یەکێك دەبێت لەموریدانی شێخی عەلادین و دواتریش شێخ عوسمان، هەرکەسێ لەهەر جێگایەکەوە بهاتباو بیویستایە سەردانی بیارە بکات بۆ حەوانەوە و پشوودان لەماڵی حاجی میرزا لایان دەدا.

دەگێڕنەوە شێخ عوسمان فەرموویەتی: هەرکەس دێت بۆ زیارەتی بیارە و بەهەر هۆکارێك ناگاتە بیارە، سەردانی حاجی میرزا تۆفیقی کردبێت، وەك ئەوە وایە زیارەتی بیارەی کردبێت.

حاجی میرزا زۆر حەزی لە مەجلیسی زانایان بوو هەمیشە ماڵەکەی خۆی کردبووە شوێنی کۆبوونەوەی گەورەپیاوانی وەك شێخ بابەڕەسووڵی عەبابەیلێ و شێخ مەحمودی موفتی و مامۆستا مەلا عەزیزی پریس و مامۆستا مەلا ساڵحی گەورەو مامۆستا مەلا مەحەمەدی گەورەو مەلا مەحمودی بێخود.

بێخـود هـەرجارێ لـە سـلێمانییەوە بهاتبـا سـەردانی حـاجی میـرزای دەکـردو لـەماڵیان دەمایـەوە، چـونکە بـە زانسـتی ئـەو مامۆستا پایە بەرزانە زۆر بەهرەمەند دەبوو. هێنـدە ڕۆدەچوونە دونیـای عیرفـان و عیشـقی حەقیقییـەوە، وەك مـۆم بەرامبـەر مەعشـووقەکەیان دەتوانـەوە و سـەدای دەف و ناڵـەی عاشـقان دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەك و لە عیشقی خودادا دەسووتان.

(سـووتان لـە عیشـقی خـودادا، یـەکگرتن لەگـەڵ وجـوودی خـوادا، توانـەوە وەك مشـتێ خـوێ، لـە زەریـای ئـەوینی خـودا، گەیشتن بەپلەی عەدەم و فەنا بوون لـە ڕووحی حەقدا، دوا پلـەی عیشقی عاریفان و گەورە سۆفیانی ڕێبازی سۆفیزمە!

ئاخر سۆفیزم حەلاج گوتەنی: جگە لەپەیژەیەك بۆ گەیشتن بە خودا شتێکی دیکە نییە!)[٤].

بەڵێ یەکێ ساتێ تەماشای ئەم گەورە سـۆفییانەی دەکرد، بە چاوی خۆی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەستی بە توانەوەیان دەکرد!!

❁ ❁ ❁

---

(٤) جیلـوەی عیشـقەکەی مـەولاناو شـەمس/ پشـکۆ نەجمـەدین. ل ١٥- چـاپی یەکەم/ ٢٠١٨ .

**عاشق هەرگیز جارِز نابێ ،**
**دڵی شەیدا لەڕێی هەموو شتێکدایە**

**(مەولانا)**

حاجی میرزا تۆفیق و حاجی سەعید و شێخ عەلادینی جگەرە و حاجی ئەحمەدی حەداد، کۆمەڵێ هاوڕێی گیانیبەگیانی بوون هەرگیز بەبێ یەك نەیان دەکرا!

ساتێ جەستەی لاوازی ئەم هاوڕێیانەت ببینیبا، لە ناخی خۆتدا هەستت بەشتێکی زۆر سەیر دەکرد، کۆمەڵێ پرسیارت لە خۆدەکرد و دەتگوت: ئەم چوار هاورێیە بۆچ هێندە لاوازن؟!

تۆبڵێی لە هەژاریدا بێت و نانیان نەبێت بیخۆن؟!

ڕۆژێکیان هەرچوار هاوڕێ لە ماڵی حاجی میرزاوە پێکەوە هاتنە دەرەوە و ڕووە و مزگەوتی گەورە ڕۆیشتن، منیش وەك سێبەری خۆیان وەدوویان کەوتم، خۆیان کرد بە مزگەوتاو منیش بەدوویاندا، لە نێو مزگەوتدا سەرنجم کەوتە سەر پیاوێکی نوورانی، لەنێو ئەڵقەیەکی بازنەیی لەتەك هاوڕێکانیدا دانیشتبوو. بازنەکە هێشتا تەواو نەبووبوو، بەهاتنی چوار هاوڕێکە ئەڵقەکە تەواو بوو، وەك ئەوەی ئەوانیش چاوەڕێی ئەم چوار کەسە بکەن.

لـە زمـانی یـەکێك لـە سـۆفییەکانەوە زانـیم ئـەو مامۆسـتا نوورانییـەی سـەرخەتمەیان بۆ دەکات، مامۆسـتا شـێخ جـەمیلی موفتییە.

چراکان کوژانەوە، چاوەکان داخران، دڵەکان کرانەوە!

هــەر هێنــدەی مامۆســتا شــێخ جــەمیل بەدەنگــە نــەرم و بەسۆزەکەی، بانگی ئەڵا ئەڵای لێ بەرزبوویەوە، عاشـقەکان بـە چـاوی نووقـاوو دڵــی کـراوەوە تیلماسـکێکی زۆر باریکیـان لــە نووری خودا بینی، بوورانەوە و لەهۆش خۆیان چوون!

بەچـاوی خـۆم دیمــەنی لــە هۆشخۆچـوون و بوورانــەوەیانم بینـی، هەسـتێکی وام هـەبوو گـەر تـۆزێکی تـر بـەردەوامبن وەك مۆم بەسەر یەکتردا دەتوێنەوە و جوێ کردنـەوەیان زۆر ئەسـتەم دەبێـت! لــەم ســاتەدا شــیعرێکی گــەورەی عاشــقان مــەحویم وەبیرهاتەوە.

لەسەرخۆچوونە شەیدا بوونە سووتانە

هەتامردن موحیبەت ئێشی زۆرە ڕێزی لێدەگرم

کاتێ ئەم دیمەنەم بینـی وەڵامی ئەو پرسـیارەم وەرگرتەوە، کــە بــۆچی ئــەم عاشــقانە هێنــدە لاوازن، دیــارە ئــەمان لەخۆشەویسـتی مەعشـووقەکەیان ڕۆژ بـەڕۆژ دەتوێنـەوە، تـا کێشیان وەك پووشێکی لێدێت.

(کە عاشقیت، گوێ لەخورپەی دڵت بگرە، ئاخر ئەوە تەنها دڵـە کـە ڕێنمـایی هەسـت و نەسـتی تـۆی عاشـقە! ترپـەی دڵـت

ئاوازێکـە، هەنـدەك جـاران، ناڵـەی نـەیی دابـڕان و شـەیداییە و جاروبـاریش، زرمـەی دەف و سـۆزی تارێـك، ڕووح و جەسـتەت دەڕەقسێنێ و لەگەڵ گیانی مەعشووقتدا، دەتکەن بە یەك!)[٥].

ئـەم کـەش و هەوایـە دەیبردنـە دنیایـەکی دیکـە کـە تـەنیا هەسـت و نەسـتیانی بـەرەو جیهانێـك دەبـرد کـە لـە هـەموو دیاردەکانی جیهانی ئێستای دادەبڕین کە خواردن و خواردنەوە یەکێکـە لـە خەسـڵەتەکانی، بۆیـە سـۆفییەکان توانیویانـە بـۆ چەندین ڕۆژ لە خەڵوەتدا بێ خۆراك و بێ ئاو ڕازو نیاز لەگەڵ مەعشوقەکەیاندا بکەن، وەك ئاشکرایشە برسیبوون یەکێکە لە خەسڵەتەکانی سۆفییەکان.

❁ ❁ ❁

---

(٥) جیلـوەی عیشـقەکەی مـەولاناو شـەمس/ پشـکۆ نەجمـەدین. ل ٦ – چـاپی یەکەم/ ٢٠١٨.

**ئاقڵ، کەسێکی ناعاشق، شەوو ڕۆژان، لە بەر چاوان،**
**خۆی ڕادەنێ،**
**کەچی عاشق، هەموو ساتێك، لە جەزبەدا،**
**هەر شەیدا بوون و لەخۆچوون!**

**(مەولانا)**

دەمامك ئەو ڕووەیە، کە مرۆڤەکان دەیانەوێت ڕووی ڕاستەقینەی خۆیانی لەژێردا بشارنەوە.

ئەم دەمامك پۆشین و دووڕووییە، بۆتە نەخۆشییەکی دونیای سەردەم، بە دەگمەن کەسانێك دەبینیت خاوەنی ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان بن!! لێ جاران بەر لەهاتنی تەکنەلۆژیا و بەماددیبوونی دونیای سەردەم و پاشەکشێی بەها جوانە مرۆڤایەتییەکان، دەمامکدارەکان هێندە کەم بوون، دەمامکەکانیان بە ئاشکرا بەچاو دەبینرا و لەنێو خەڵکیدا بێزراو بوون.

زاهیدەکان خەڵکانێك بوون، کەکارێکیان کردبێت، هەستیان کردبێت کارەکەیان جۆرێك لە جۆرەکان ڕیایی تێدایە، کارەکەیان بۆ خۆنمایشکردن و خۆدەرخستنە، هەرگیز ئەو کارەیان نەدەکرد، گەر تووشی لۆمەی هاوڕێ و خۆشەویستەکانیشیان بوونایەتەوە. ڕەنگە ئەم چیرۆکەی نێوان

حــاجی میــرزا تۆفیــق و مامۆســتا مەلاکــەریمی مــودەڕیس، سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بێت کە پێشتر ئاماژەمان پێدا.

جارێکیان مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕیس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، چەند هاوڕێیەکی دێن بۆ سەردانی، دەیانەوێت سەردانێکی هەڵەبجە و مەدرەسەکانی بکەن. مامۆستا مودەڕیس نامەیەك بۆ حاجی میرزا تۆفیق لە هەڵەبجە دەنێرێت، لەنامەکەدا دەنووسێت: کۆمەڵێ هاوڕێی زۆر خۆشەویستم لە ئێرانەوە هاتوون و بۆ سبەی نیوەڕۆ لە ماڵی ئێوەین.

نامەکە دەگات و بۆ ڕۆژی دوایی میوانەکان دەگەن، سفرە ڕادەخرێت و خواردن دادەنرێت، میوانەکانیش چاوەڕێی خواردنێکی چەورو گەرمن. ساتێ سینییە خواردنەکان دەگەن دەبینن جگە لەنیسکێنە هیچی دیکەی لەسەر نییە!!!

مامۆستا مودەڕیس بە ئەسپایی دەچێتە پاڵ حاجی میرزا تۆفیق، بە گوێیدا دەچرپێنێ و دەڵێت: دیارە هیچ نامەیەکی منت بەدەست نەگەیشتووە؟!

حاجی میرزا لە وەڵامدا دەڵێت: دوێنێ بەیانی زوو نامەکەی جەنابتانم بە دەست گەیشت.

مامۆستا مودەڕیس دەڵێت: حاجی میرزا من پێشتر گەریهاتبمایە ماڵتان، هەرگیز هەواڵم بۆ نەدەناردی، باشترین خواردنت بۆ دادەنایین، ئەوەی کەتێیناگەم ئەوەیە، ئەم جارەیان بۆ ئاوهایت؟! خۆ میوانەکانی من میوانی تۆشن.

حاجی میرزا لە وەڵامدا گوتی: هەر جارێك كە خزمەتی تۆم كردبێت هیچ كاروبارێكی دونیاییم پێت نەبووە، ئەوەی كردوومە تەنیا لە بەر ڕەزامەندی خوای گەورە بووە. دوێنێ كە نامەكەی بەڕێزتانم بەدەست گەیشت چوومە بازاڕ باشترین شتتان بۆ بكڕم، لەو كاتەدا نەفسم حەزی بە خۆدەرخستن و خۆنمایشكردن دەكرد، نەفسم دەیویست وا خۆم نمایش بكەم كە چ پیاوێكی دەست و دڵ والآ و خاوەن دیوەخان و سەخی تەبیعەتم. ساتێ مەلاكانی ئێرانیش چوونەوە وڵاتی خۆیان، باسی پیاوەتی و شەهامەتی من دەكەن، لەو دیویش بەناوبانگ دەبم!! نەمهێشت نەفسم بەسەرمدا زاڵ بێت و خستمە ژێر پێمەوە، پێم گووت : كارەكانت بۆ خوا ناوێت بۆ ناوو ناوبانگی خۆتت دەوێت؟! بەم كارەم ویستم نەفسی خۆم بشكێنم، لە دیوەخانەكەی مندا ئەو نانە ساردو سڕە بخۆن!! تا بەشی غەیری خوای تێكەڵاو نەكەم. خەریك بوو نەفسم بەلاڕێدا بمبات، لێ بە خۆمدا چوومەوە و گوتم: تۆ وات لێهاتووە ئەو نانە بەهی خۆت بزانیت؟! وات لێهاتووە نان بدەی بەخەڵك لەبەر خودا نەبێت و بۆ خۆدەرخستن بێت؟!

ئەم چیرۆكە، چیرۆكێك نییە بە خەیاڵ نووسرابێت، ئەمە چیرۆكی كەسانێكە كە هەرگیز بۆ دونیاو خۆنمایشكردن كارەكانیان بە ئەنجام نەگەیاندووە، بەڵكو تەنیا بۆ ڕەزامەندی خوای گەورە بووە.

**بە ئاوی تێگەیشتین ئێمە دنیا هەر سەرابێ بوو**
**هەموو دەشچین بەخنکان و لە وشکیشە مەلەی مەخلوق**

**(مەحوی)**

هەتا زیاتر ڕۆچمە نێو ژیانی، ئەم زاهید و عاشقە، زێدەتر پێی سەرسام دەبم، ئەو بازرگانێکی گەورەی سەردەمی خۆی بوو، بازرگانییەکەی تا سنووری بەغدا چووبوو، لێ ئەو بازرگانێکی تەواو جیاواز بوو!

نە پارەکانی مۆڵ دەکرد و کۆی دەکردنەوە، نە ڕیزە دوکانی پێدەکڕی! نە قەیسەری پێ چێدەکرد! نە خانووی پێدەکڕی! بە شاهیدی زۆرێك لە هاوڕێکانی، کە لە بەخشندەیدا باسی حاجی میرزایان بکردبا، هەمیشە و هەمیشە دەیانگوت: حاجی میرزا چی پەیدادەکات، زۆربەی زۆری سامانەکەی لە چەندەها ڕێگای جیاوازەوە دەبەخشێ! هەر هێندەی بەشی خۆی هەڵدەگرێ، کە ژیانێکی سادە پێی بژی!

حاجی میزا لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵیدا، بە هۆی کێشەی بڕبڕەکانی پشتییەوە، نیوەی لەشی لەکار دەوەستێت و دەکەوێتە ماڵەوە، ئەوێك کە بەبێ هاوڕێکانی نایکرێ! ئەوێك کە بەبێ بینینی زانا ئایینییەکان نایکرێ! ئەوێ کە بەبێ

سەردانی ڕۆژانەی مزگەوت نایکرێ! خوداوەندا، ئەم عاشقە سەوداسەرە لەو دۆخەدا چ بکا؟!

ئەوێك كە بەبێ ئەمانە نایكرێت، ماڵەكەی دەكاتە مەنزڵگای هەمیشەیی هاوڕێكانی، ماڵەكەی دەكاتە شوێنی هەمیشەیی كۆبوونەوەی گەورە زانایانی شار، جاران خۆی دەچوو بۆ مزگەوت، ئێستە مزگەوت دێتە ماڵەكەیان! یان ڕاستر وایە بڵێین: كۆڕو خەتمەكانی مزگەوتی هێنایە ماڵی خۆیان، ئەو ساتانەیشی دەوری چۆڵبا هەمیشە بۆچركەیەك نیگای لەسەر مزگەوتی گەورە لانەدەبردو لەو پەنجەرە هیلالییەی ژوورەكەیەوە كە دەیڕوانی بەسەر مزگەوتدا بۆ چركەیكیش چاوی نەدەتروكاند و دڵیشی بۆ هەمیشە لەزیكری خودا غافڵ نەدەبوو.

حاجی میرزا سەرەڕای سەختی باری تەندروستی ئێش و ئازارێكی زۆر، هەركەس لێی پرسیبا، ئێستە چۆنی؟ هەمیشە ئەم وەڵامەی دەدایەوە: خواتاقەت با!

گەورەیی هەموو مرۆڤێك كردارەكانی دیاری دەكات، ئەو تەنانەت لەو بارە سەختە و لەژێر ئەو ئازارە زۆر قورسەدا، هەمیشە بیری لەوە دەكردەوە چۆن باری كەسانی دی سووك بكات.

حاجی میرزا خەڵكێكی زۆر قەرزاری دەبن، ناویان لەنێو دەفتەری قەرزەكەیدا تۆماركراوە، ڕۆژێك برایمی كوڕەزای دێت

بزانێت ماڵی باپیری هیچ کارێکیان نییە، برایم دەستی باپیری ماچ دەکات و حاجی میرزاش دەستێکی میهرەبانی دێنێت بەسەردا، دەڵێت: برایم ئائەو دەفتەری قەرزەم بۆبێنە، برایمیش دەفتەرەکەی بۆدێنێت، حاجی میرزا بە دەستە لەرزۆکە لاوازەکانی، خەت دێنێت بەسەر چەند قەرزارێکداو ناوەکانیان دەکوژێنێتەوە!! یەك یەك ناوی خاوەن قەرزەکان دەبات، فلان دەستکورتە ناتوانێ قەرزەکەی بداتەوە، فلان کاری نییە ناتوانێت پارەکە بێنێتەوە.

بەم جۆرە ناوی دەیەها قەرزار دەکوژێنێتەوە، برایمی عەلی میرزا خۆی بۆی گێڕامەوە و گوتی: باپیرم سێ جار دەفتەری قەرزەکەی پێ هێناوم و ناوی زۆربەی قەرزارەکانی لە دەفتەرەکەیداسڕیوەتەوە!!!!

تا ئێستا گەیشتووم بەم تەمەنەم چیرۆکی لەم جۆرەم کەم گوێ لێبووە، ئەمە چیرۆکێك نییە زادەی خەیاڵ بێت، بەڵکو شاهیدحاڵەکان لە ژیاندا ماون.

حاجی میرزا سەرەڕای ئەوەی کە لە جێگادا توانای جووڵەی نامێنێت، نەخۆشی رۆماتیزم دەچێتە پاڵ نەخۆشییەکەی تری، ئازار تەنگی پێهەڵدەچنێت، بۆ یەك چرکە ئاخێکیش ناکات، ئەو باوەڕی پتەوی بەوە هەبوو تا ئازار زیاتر بچێژێ پاداشتی لای خوای دلۆڤان زێترو زێدەتر دەبێت.

ڕۆژێکیان منداڵەکانی لە دەوری کۆبووبوونەوە، چاوێکی هەڵبڕی گوتی: ئەنوەر هەستە دەفتەری قەرزەکەم بۆ بێنە، ئەنوەری کوڕیشی دەفتەری قەرزەکەی بۆ دێنێت و چی قەرزار ماوە نەیکوژاندبێتەوە، خەتی بەسەردا دێنێت و دەیکوژێنێتەوە و لە ژێریدا دەنووسێت پارەکەی دراوە!! بەم جۆرە ناوی سەرجەم قەرزارەکان لە دەفتەرەکەیدا دەکوژێنێتەوە!

❁ ❁ ❁

### بەرەو کۆتایی ڕێگاکە

نەخۆشییەکان تەنگ بە حاجی میرزا هەڵدەچنن و نینۆکەکانی هەڵدەوەرن، تەنانەت لەو دۆخە سەختەشدا، یەکێك لە هاوڕێکانی لێی دەپرسێت: ئێستە چۆنی؟ تاکە وەڵام کە هەمیشە وەڵامی میوانەکانی پێدەدایەوە، دەڵێت: خواتاقەت بدات!!

لە ڕۆژی (١٩٧٠/٨/٥) دەنگی هاوار و گریان لەماڵی حاجی میرزاوە بەرزدەبێتەوە، مامۆستا شێخ جەمیلی موفتی یەکەم کەس دەگاتە ماڵی حاجی میرزا، ماڵیان چوار مەترێك لەیەك دوور بوو، دواتر مامۆستاشێخ خالیدی موفتی دێت، گەڕەك هەمووی کۆدەبێتەوە، دەپرسن چی بووە؟! چی قەوماوە؟! یەکێك لە وەڵامدا دەڵێت حاجی میرزا تۆفیق ئەمری خوای بەجێهێناوە.

ورده ورده براو خزم و کەس و کارو هاوڕێ و خەڵکی شار هەموو کۆدەبنەوە، مردنی حاجی میرزا دەبێتە پرسەی گشت شاری هەڵەبجە.

تەرمی حاجی میرزا لە مزگەوتی گەورە دەشۆن و بە ڕێوڕەسمێکی پڕشکۆ، دەیبەنەوە بۆ زێدی باو باپیرانی و لە گوندی عەبابەیلێ بەخاك دەسپێردرێت.

خەڵکەکە بڵاوەی لێدەکەن و هاوڕێکانی دەمێننەوە و تا خەتمێکی تەواوی لەسەر نەکەن بەجێی ناهێڵن.

(عیشق ڕواڵەتناس نییە! تۆ هەرگیز بە هەستێکی سەرپێی و ڕاگوزەر پێ نانێیتە مەملەکەتی عاشقان و ناکرێت بە نیگایەك، ئەگەر ئاوێنەی هاواری دڵ نەبێت، خۆت فریو بدەیت! دڵی عاشق، بەفێڵ و دەهۆڵی ڕووخسار ناخڵەتێت، ئەوە تەنها زریکەی ناخی مەعشووقە، کە کەمەندکێشی دەکات و بە تانووپۆی عیشق لەگوڵجاڕی ئەڤینی دەنێ!)[٦].

کەواتە حاجی میرزا سەرپێییانە بە دونیای تەفرەدەری ڕۆحدا گوزەری نەکرد، بەڵکو توێشوبەرەکەی تژی کرد لە جیلوە و کەرەستەی عیشقەکەی و ئینجا پێی نایە مەملەکەتی عاشقان.


---

[٦] جیلوەی عیشقەکەی مەولاناو شەمس/ پشکۆ نەجمەدین. ل ٥ – چاپی یەکەم/ ٢٠١٨.

# حاجی میرزا تۆفیق

# و

# چەند پەیڤێك



**مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای مەلا مەحەمەدی گەورە**

**حاجی میرزاتۆفیق، نورێك لە هەڵەبجەوە**

هیچ گومانێك لەوەدا نییە، لە هەركاتێك و لە هەر شوێنێكدا، باسی پیاوچاكان و دۆستان و خواپەرستان بكرێت، ئەو كات و شوێن و مەجلیسانە، پڕدەبێت لەشنەباو نەسیمی پر لە بۆنی خۆشی عەتراوی، فەرەح و سروور دەكەوێتە نێو دڵانەوە. بۆیە منیش هەروەكو خزمەتگوزارێكی نێو كۆمەڵگەی موسڵمانان، دەمەوێت بەباسكردنی تۆزێك لە هەڵسووكەوتە جوانەكانی یەكێك لەو دۆستانەی خودا بكەم، تا بەو باسە هەرچەند كەم و كورتیش بێت، تۆزێك دڵە نائارامەكانمان، ئارام

بکاتـــەوە و ســـوودێکی دەروونـــی لێـــوەربگرین. بێگومـــان ئـــەو کەسـەش حـاجی میـرزا تۆفیقـە، لەڕاسـتیدا حـاجی میـرزا گوڵێـك بـوو، لـەنێو گـوڵزاری باخچـەی خواپەرسـتان و دۆسـتانی شـاری هەڵەبجەی ئاینپەروەردا، بەڕاشکاوی دەتوانم بڵێم حاجی میرزا، نە مەلاو نەشێخ و نە پیاوێکی دەسەڵاتدار بوو. بەڵام هەروەکو ئەســـتێرەیەکی پرشـــنگدار ئاســـمانی ناوچـــەکەی ڕوونـــاك کردبوویەوە!!

لـە زۆر ڕووەکـانی ژیـانی کۆمەڵایـەتی، منـیش لـەم چـەند دێـــڕەدا هـــەوڵ دەدەم کـــەمێك لـــەیادو یادەوەرییـــەکانی ئـــەو عاریف و زاهیدەتان بۆ بگێڕمەوە.

شــاری هەڵەبجــە لــەو کــات و ســەردەمەدا، بــە شــارێکی ئاینپــەروەرو میواندۆســـت و بەشـــاری پێکـــەوەژیان و شـــاری شاعیران ناسرابوو.

شـــاری هەڵەبجـــە، لـــە هـــەموو بوارەکانـــدا کەســـایەتی بـــەناوبانگی تێـــدا هەڵکـــەوتووە، یـــەکێك لـــەو کەســـە دیـــارو بەناوبانگانە حاجی میرزا تۆفیقە.

حـاجی میـرزا تۆفیـق هەمیشـە و بـەردەوام نـەك تـەنها نوێـژ، بـەڵکو هـەرگیز جەماعـەتی لـە مزگەوتـدا نەفـەوتاوە. زۆربـەی ڕۆژەکـــان بـــەڕۆژوو بـــووە، هەمیشـــە خـــەریکی شـــەونوێژوو خواپەرســـتی بـــووە و یـــەکێك بـــووە لـــە هـــەڵگرانی ڕێبـــازی نەقشبەندی.

حاجی میرزا تۆفیق سۆفییەکی دڵپاك و بێگەرد بووە، کە هەمیشە ئامادەی خەتمە و تەهلیلە و یادی خوداپەرستی بووە، لە هەر شوێن و سات و کاتێکدا بووبێت، تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی کرد. ئەم عاریف و خواناسە چەند حاڵەتێکی تایبەت بەخۆی هەبووە، یەکێکێك لەو حاڵەتانە، کە چەند جارێك خۆم بینیومە یان بیستوومە، ئەوەیە کە کاتێك لە خەتمەدا یان لە تەعزێ یان لە هەرشوێنێك قورئانیان دەخوێند، دەگەیشتە ئایەتێك باسی عەزاب و قەبرو ئاگری بکردایە، ئەم پیاوە وەك ئیلهامێکی خودایی، دەستی دەکرد بە هاوارو گریان، بە جۆرێك دەچووە حاڵەتی بیهۆشییەوە! هەرکاتیکیش قورئان خوێنەکە دەگەیشتە ئەو شوێنەی باسی پاداشت و خێرو خۆشییەکانی بەهەشتی دەکرد، حاجی میرزا خەندە دەکەوتە سەر لێوانی و دەستی بەرز دەکردەوە و سوپاسگوزاری خودای دەکرد! ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە حاجی میرزا لە مانای ئایەتەکان تێنەدەگەیشت!

ئەوەی لەیادەوەریمدا وەك یادگارییەکی زۆر خۆش مابێتەوە، ئەو کاتانەی شاعیری بەناوبانگ مەلا مەحمودی بێخود دەهات بۆ هەڵەبجە و سەردانی دۆستان و هاوڕێیانی دەکرد و سەردانیماڵی باوکمی دەکرد و شەو لە ماڵی ئێمە دەمایەوە. شەو مەجلیسی کۆڕی زانایان و عاریفان گەرم دەبوو، چەندەها کەسایەتی و زانای وەك مامۆستا مەلا عەزیزی

پریس و مامۆستا شێخ بابە ڕەسووڵی عەبابەیلێ و زۆرێك لە مامۆستایانی هەڵەبجە لەماڵمان کۆدەبوونەوە. هەندێ لە کەسایەتییەکانی شاریش بانگهێشت کرابوون بۆ ئەو کۆڕوکۆبوونەوەیە، دیارترینی ئەو کەسایەتیانە حاجی میرزا تۆفیقی ڕەحمەتی بوو.

کۆڕو دانیشتنەکانیان بەباسی پیاوچاکان و خواناسان و خوێندنەوەی شیعرو قەسیدە و زیکری خوا گەرم دەکرد و بەو جۆرە تا نیوەشەو دەمانەوە.

حاجی میرزا تۆفیق لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خێرخوایەکی گەورە و چاکەکار بووە و دەستگیرۆیی هەژاران و بێدەرامەتەکانی کردووە، هەمیشە کەسێك بووە خەریکی سوڵح و ئاشتەوایی نێوەندگیربووە لە نێوان لایەنە ناکۆکەکاندا.

باوکم دەیگێڕایەوە حاجی میرزا بۆ ئەوەی ئاشتەواییەکە بە ئەنجام بگات، زۆر جار پارەی خۆی دەبەخشی! زۆرجار گەر بارو دۆخی هەڵەبجە بە هۆی ناکۆکییەکانەوە تێك بچوایە، حاجی میرزا تۆفیق و چەند کەسێکی وەك بەڕێزیان و چەند زانایەکی ئاینی و تەنانەت نوێنەری جوولەکەکان کۆدەبوونەوە و چارەسەری کێشەکەیان دەکرد.



**مەحەمەد شێخ سەمیع**

**کورتەیەك لە سەربووردەی کەسی ناودارو**
**خوداناسی شاری هەڵەبجە حاجی میرزا تۆفیق**

**بەندە بەحوکمی ئەوەی کە هاوسەرەکەم، کچی خوالێخۆش بوو مامۆستا شێخ جەمیلی موفتی بوو، زۆر هۆگری شاری هەڵەبجە بووم.**

**چەندین کەسایەتی ناودارو خوداناسی هەڵەبجەم ناسیوە، دۆستایەتیم لە خزمەتیاندا هەبوو، یەکێ لەو کەسە ناودارو خوداناسانە، کە زۆر لە نزیکەوە ناسیم و هۆگری خوداناسی و پیاوچاکیی بووم، حاجی میرزا تۆفیق بوو.**

لەبەر ئەوە ناوبراو دراوسێی زۆر نزیکیماڵی مامۆستا شێخ جەمیلی موفتی و مزگەوتی جامیعە بوو، لەبەر ئەم هۆیە زۆرم خۆشدەویست، ئەویش کە منی ناسیی زۆری خۆشدەویستم. بەداخەوە لەم دواییانەدا بەهۆی نەخۆشییەوە توانای هاتووچۆی دەرەوەو مزگەوت و ماڵی دۆست و دراوسێی نەمابوو.

هەرکات سەردانی هەڵەبجەم بکردایە دەچوومە خزمەتی، ساتێ دەگەشتمە بەر قادرمەکان و دەرگای ژوورەکەی، هەرکە هەواڵی هاتنی منیان پێدەدا، بەلائیرادی سەیحەیەکی دەکردو خۆشحاڵیی خۆی بە هاتنم دەردەبڕی. ئەی فەرموو کاکە گیان ئەوەندم خۆشدەوێیت، کە بیستم هاتوویت بۆ ماڵی موفتی، حەزم دەکرد بێم بۆلات، بەڵام وەکو من ناتوانم تۆ ئەگەر بۆت کرا سەردانم بکە، چونکە بە دیدارت زۆرشادمان دەبم.

ئیتر منیش مەگەر لەهەڵەبجە نەمامایەوە، ئەگینا هەموو جارێك دەچوومە خزمەتی، کە دادەنیشتم بەباس و یادی ئەو شێخ و مەلا و پیاوچاکانەی ناوچەی هەڵەبجەدا دەهات، ئەوانەی شتی دەربارەیان بیستبوو یان هی ئەوانەی خۆی بەدیدار یان گەیشتبوو.

ئەوەندەی من لێی تێگەیشتبێتم، ناخێکی خواپەرستیو زۆر خاوێنی هەبوو، خوداناس و دۆستانی خودای زۆر خۆشدەویست.

دەست و کارو ماڵی لە خێردا بۆ خودا، بە نیەتێکی پاك بوو، هەمیشە ئالوودەی ئەوە بوو بە چاکە باسی خەڵکی دەکرد و بۆ جارێکیش لێم نەبیستووە بەخراپە ناوی کەسێك بهێنێت.

حاجی میرزا خۆی بۆی گێڕامەوە، فەرمووی شەوێك هەواڵ گەیشتە هەڵەبجە، کە زانای پایەبەرز مامۆستا شیخ بابە ڕەسووڵ کۆچی دوایی کردووە.


هەر بەو شەوە خەڵکی شارو زانایان بۆ ئامادە بوون لەخزمەت جەنازەی پیرۆزی مامۆستا شیخ بابە ڕەسووڵدا بۆ عەبابەیلێ بەڕێ کەوتوون، تا نوێژی لەسەر بکەن.

حاجی میرزا فەرمووی کاکە گیان نزیکی نیوەشەو گەشتمە مزگەوتی عەبابەیلێ، کاتێ گەیشتمە نێو مزگەوتەکە حاڵەتێکی نائاسابی بەسەرمدا هات!! لەو حاڵتەدا بەچاوی سەر هەروەکو خەو ببینم، لەسەقفی مزگەوتەکەوە لە ئاست سەر دڵی پیرۆزی مامۆستا بابە ڕەسووڵەوە، گڵۆپێکی گەورە بەگڕ یێکی سەوزی جوانەوە، شۆڕ بووبوویەوە بۆ سەر دڵی بابە ڕەسووڵ.
ئەوەی کە جێگەی سەرسووڕمان بوو لەلام، ئەوەبوو ئەو کاتە هێڵی کارەبا، بۆ گوندی عەبابەیلێ ڕانەکێشرابوو.

حاجی میرزا فەرمووی، کاکە گیان بڕوات هەبێ، ئەو گڵۆپە گڕدارە سەوزە، لەئاستی سەر دڵی مامۆستا شیخ بابە ڕسووڵەوە بوو، تا نوێژی بەکۆمەڵی جەنازەی لەسەرکرا!!

ساتێ دوونیا ڕووناك بوویەوە و جەنازەی مامۆستا بەرەو گۆڕستان بەڕێکرا، ئەو گڵۆپە گڕدارە سەوزە بەردەوام بەسەردڵی مامۆستاوە بوو تا جەنازەی پیرۆزی مامۆستایان ڕایەڵایە ناو گۆڕەکە!! ئینجا گڵۆپە سەوزەکە کوژایەوە!!

بەندە ئەمەم لەزمانی حاجی میرزا تۆفیقەوە بیست، پێمخۆش بوو منیش بەو شێوەیەی کە لێم بیستووە بینووسم.



**پشکۆ نەجمەدین**


**حاجی میرزا تۆفیق یەکێك لە گەورە پیاوانی هەڵەبجە**

حاجی میرزا تۆفیق، یەکێکە لە گەورە پیاوانی هەڵەبجە! لە مێـژووی هـەر شـارو دەڤەرێکـدا، مرۆڤگـەلێك هـەن ، کـە لەپرۆسـەی کۆمەڵایـەتی کلتـووری و جڤاکیـدا، ڕۆڵـی بەرچـاوو دیار دەگێڕن و لـەڕێڕەوی زەمەنیشدا بـە زینـدوویی دەمێننـەوە و دەبنــە کارائەکتــەرو وێنەیــەکی بەرجەســتە لــە مێــژووی کۆمەڵایەتیدا.

لە شاری هەڵەبجەدا بنەماڵە و گەورە پیاوانێك دەركەوتوون كـە لــە دروســتكردنی مێـژووی شــاردا، شــوێنی كاریگــەریان هــەبووە و خەســڵەتە جوانــەكانی ئــەوان ، لــە زەینــی خەڵكــدا بەدرەوشاوەیی ماوەتەوە.

حاجی میرزا تۆفیق ناوێك و كەسایەتییەك كە مێژووی شـار لـەبیری ناكـات و پێویسـتە و دەشـێت، لـەزەینی نـەوەی ئێسـتا و داهاتووی شاردا بمێنێتەوە.

حـاجی میـرزا تۆفیـق كەسـایەتییەكی خـوا پەرسـت و سـۆفی تەریقــەتی نەقشــبەندی، خێرۆمەنــدێكی دیــارو بازرگــانێكی دەســت و دڵ ئــاوەڵا و كەســێك كــە نموونــەی ڕەوشــتبەرزی و خەمخۆری خەڵكی هەژاری شار بووە.



**مامۆستا مەلا تاهیر بامۆکی**

**گوتەیەك بۆناساندنی حاجی میرزا تۆفیق**

هەڵەبجە شارێکی بچوکی جوان، لەسەر سنوورو کەناری دەشتی پڕ بەپیتی شارەزوور، پڕ پڕ بووە لە پیاوی پیاوانە و ژنی ژنانە. لە زانایانی ئاینی و هەڵکەوتووی ڕابەرانی زانستی و ڕۆحی دانیشتوانەوە، هەتا پیاوانی عاریف و ئەهلی زیکرو شەرم و شکۆ.

ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و پیشەوەران و وەرزشکاران، بەگزادەکانی جاف و سەرۆك عێڵ و هۆزەکان.

پیاوە ڕیش سپی عەشرەتەکان، پێشمەرگە و جەنگاوەرو سیاسەتمەداران، هەڵەبجە لانکەی غەریبان و هەژاران و مرۆڤە ڕۆح سووك و قسەخۆشەکان و خاوەنپێداویستییە تایبەتەکان بووە.

شاری بێ هۆتێل و میوانخانە بووە، یەکێ لەو پیاوە ناودارو کەسایەتییە بەڕێزانەی هەڵەبجە، جەنابی حاجی میرزا تۆفیق بووە، کە لە سەدساڵ زیاترە لە گوندی عەبابەیلێ وە هاتۆتە هەڵەبجە، سەرقاڵی بازرگانی و دوکانداری بووە. سەرەڕای کارو کەسابەت و بژێوی هەمیشە لە خزمەتی مزگەوت و زانایان و شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی و کۆڕی زیکرو تەهلیلەدا بووە، زۆرترینی لە مزگەوتی گەورەی هەڵەبجەدا بووە. سڵاو لە گیانی پاکی ئەو پیاوە بەڕێزە و گشت کەسایەتی و خەڵکە کاسبکارو هیممەتبەرزەکەی هەڵەبجە.

من تەمەنم نزیکەی چواردەساڵان بووە کەحاجی میرزا تۆفیق لە ساڵی ١٩٧٠ کۆچی دوایی کردووە. بەڵام لە هاوتەمەن و دراوسێ و خزمانی بەڕێزیان هەندێك شارەزایی و زانیاریم دەستکەوتووە. لەم نووسینەدا پێم باش بوو سێ خاڵی پرشنگداری ئەم کەسایەتییە وەبیر بهێنمەوە.

١- تا مشتی بۆ داگریت لەگەڵ خودا و مزگەوت و زانایاندا بووە و خزمەتی کردوون، ئەو خزمەتکردنەشی بە گەورەیی نەزانیوە.


٢- کاسبکارو بازرگان بووه و بەڕەنجی شانی خۆی ژیاوە و خزمەتی ماڵ و منداڵی خۆی کردووە و بارنەبووە بەسەر خەڵکەوە، بەڵکو باری خەڵکانی تری هەڵگرتووە.

٣- هەمیشە شوکرانەبژێریی خودا ویردی سەر زمانی بووە، هەرگیز هەستی بەنائومیدی و ڕەشبینی نەکردووە، بۆڵە و گلەیی و ناوچاوی تاڵی لێ نەبینراوە.

بۆ گەواهی ئەم خاڵە یەکێ لەهاوەڵان و دراوسێ دوکانەکانی، کە جەنابی مامۆستا مەلاشەفیقی کۆکۆییە. کە دەچووینە خزمەتی و دەمانپرسی، جەنابی مامۆستا چۆنی لەچیدایت؟ لە وەڵامدا دەیگوت زۆر باشم ڕۆنم لێ دەچۆڕێت، پاشان دەیگوت بۆ ناپرسی ڕۆنم لێ دەچۆڕێ مانای چیە؟!

گوتم مامۆستا ڕۆنم لێ دەچۆڕێ یانی چی؟ لە وەڵامدا فەرمووی، بەیانیان زوو کە دەڕۆیشتم دوکانم دەکردەوە، سڵاوم لە دراوسێ دوکانەکان دەکرد، یەکێ لەوانە حاجی میرزا تۆفیق بوو، کە پرسیارم لێدەکرد و دەمگوت چۆنی حاجی میرزا؟ لە وەڵامدا دەیگوت زۆر باشم ڕۆنم لێ دەچۆڕێت. ئیتر منیش لە ئەوەوە فێربووم.

حاجی میرزا تۆفیق کە کەسێکی وەك مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس سەبارەت بە کەسایەتی حاجی میرزا تۆفیق فەرموویەتی(*کەر مەلائیکەتەکانی خودا لە قەبردا پرسیارم لێ بکەن، براکانت کێن؟ لە وەڵامدا دەڵێم حاجی میرزا تۆفیق*).



**شێخ موحسین موفتی**

**چەردەیەك لە یادگارییەکانی حاجی میرزا تۆفیق**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەڕاستی لە هەر بوارێکی ژیاندا سەیری شاری هەڵەبجە بکەین، وەك کتێبێکی ڕەسەن و ئەشکەوتێکی دێرین و پیاوێکی بەتەمەنی خاوەن ئەزموون وایە، تالێی هەڵکێشیت زیاتری لێ هەڵدەقوڵێت. وەك باخی بەبەرهەم وایە تا زیاتری لێ بچنیت، زیاتری لێ هەڵدەگریت و بەرهەمی چاکتر دەبەخشێت.**

**هەڵەبجە شاری خواناسان، شاری شاعیرو هونەرمەندان، شاری عاشقان و ئەوینداران، شاری کوردپەروەرو نیشتمان**

دۆستان، شاری سۆفی عاریفان، لە هەر توێژێکەوە دەست پێبکەین، لە وانی دیکە دەوڵەمەندترت دێتە بەرچاو.

یەکێك لەو توێژانەو لە ناویشیاندا کەسێکی ئەو نێوەندە باس دەکەین، کە پیاوی دین و دونیا بوو، پیاوی نێو کۆمەڵ و پیاوی نێو مزگەوت، عاشقێکی دڵ پڕ لە ئەوین و عاریفێکی دەروون ساغ و دڵ وریا و پڕ لە یادو زیکری خودا.

هاوڕێی شێخ عەلادینی جگەرە و حاجی سەعید و خاڵۆ شێخ ئەحمەدی موفتی و خاڵۆ شێخ سادق و سەید عەزیزی تاوەگۆزی و دەیان پیاوچاکی دیکە هاوڕێی و دۆستی حاجی میرزا تۆفیق بوون.

حاجی میرزا تۆفیق لە نێو پیاوانی دین و دونیادا پێگەیشت، بۆ خۆی هەمیشە لەنێو کۆڕی زانست و زانیاریدا و هاوڕێی زانایانی وەك مامۆستا شێخ موستەفای موفتی و مامۆستا مەلا عەزیزی پریس و شێخ بابە ڕەسووڵی عەبابەیلێ و شێخ ڕەسووڵی تەکیەیی، هەمیشە لە مزگەوتی جامیعە بەیەك دەگەشتن. بۆ خۆیشی جگە لەماڵی موفتی دیوەخانێکی دەستکراوەی نایابی هەبوو.

هەمیشە بۆ بیارە بچوونایە یان لەبیارەوە دەگەڕانەوە، یەکێك لە ماڵە دڵ هاوەرەکان، یەکێك لە دۆستە سەخی تەبعەکان، یەکێك لە موخلیسە ڕاستگۆکان کە لەپێشوازیاندا بوو، حاجی میرزا تۆفیق بوو.

چەندین جار مامۆستایان مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و شـێخ عەبدولکـەریمی ئەحەمـەد بڕنـدە و مـەلا عەبـدولقادری سۆفی و حاجی شێخ عوسمانی سیریّ و مەلا فەرەجی شەکیب و هـاو وێنـەکانیان ، بـە گـەرمی لـەماڵی موفتی یـا لـە مـاڵی حـاجی میرزا تۆفیقدا پێشوازیان لێدەکرا.

حاجی میرزا سەرچاوەیەکی خێرو بەرەکەت بوو بۆ دۆست و خزمەکانیشی. حاجی میرزا تەنها دڵی بە مزگەوتی جامیعە و بیارە دەکرایـەوە، نـاوە نـاوە سـەردانی مورشـیدەکەی حـەزرەتی شـێخ عــەلادین و دوایــش حــەزرەتی شــێخ عوســمان دەکــرد، بــە هاوڕێیـەتی مامۆسـتایان شـێخ جـەمیل و شـێخ خالیـدی موفتی و زاناکـان پێکـەوە دەچـوون بـۆ بیـارە و ماوەیـەك مەسـتی بـازاڕی مەعنەوی دەبوون. کە دەهاتەوە هەمیشە دڵی مەجزووب بوو، نێو دڵی کراوە بوو، نییەتی تەنها بۆ خودا بوو. ئەو چرکە ساتەی بەتەمەن دەزانی کە لەخزمەت زاناو فەقێکاندا بوایە، چاوی لە دەرس و دەورو موتـاڵا و حەوشـەی مزگەوتـەوە بوایـە. بۆیـە بـە زاراوەی ئـەو وەختـە لـە ژووری دیوەخانەکەیەوە، دوو پەنجـەرەی عرووســی دروســت کردبــوو، دەیڕوانــی بەســەر مزگــەوتی جامیعەدا، بەتایبەتی دوای ئەوەی نەخۆش کەوت و نەیدەتوانی بەپێ بڕوات. حاجی میرزا هەمیشە چاوێکی لەو ناوەندە پیرۆزە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە هەڵگری بارێکی سەخت بوو، هەرگیز وشەی ناشکوری بەزاریدا نەدەهات. هەمیشە وشە زێڕنەکانی

لـە گوێمـدا دەزرنگێتـەوە، کـە لـە خزمـەت باوکمـدا دەچـووینە سـەردانی، دەیفـەرموو گیانـە دوعـا بکـەن خـوا تاقـەت بـدات، هەرگیز لێم نەبیستووە ئۆف و ئاخ و حەسرەت هەڵکێشێت.

لـە دوا مانگـەکانی تەمەنیـدا هێنـدە نەخۆشـییەکە سـەخت بـوو بـوو لەسـەری، تـاوای لێهـات نینۆکـەکانی هەڵـدەوەرین! بەچـاوی خـۆم دەمبینـی نینـۆکی پەنجـەکانی دەکەوتنـەخوارەوە! تەنانـەت لایـەکی نـەبوو لەسـەری پـاڵ بکـەوێت. بـە هـەربارێکا بیانخســـتبا ئـــازار زۆری بـــۆ دەهێنـــا، هـــەرگیز ئـــاخێکی هەڵنەدەکێشا!

باوەڕبکـەن، لەسـەبرو ئـارامی و خـۆڕاگرتن و زمـان پـاراوی بەزیکری خودا، نموونەیەکی مـاڵی حـەزرەتی ئـەیوب پێغەمبـەری وەبیر دەهێنامەوە.

بـەم حاڵەشـەوە هەمیشـە بـانگی فـەقێ و مـەلاکانی دەکـرد و کـۆڕی زیکـرو قەسـیدە و مەولایەسـەلی دەبیسـترا. دەنگـی سەیحە وجەزبەی حەق دەگەیشتە عەرشی ئەعلا، خۆی دڵێکی هێنـدە گـەورەی پێـوە بـوو، لـەنێو کۆڕەکـەدا هـەموویانی گـەرم دەکـردەوە، کـە نەیـدەتوانی بچێتە خەتمـەی مزگـەوت، خەتمـەی دەهێنایە ماڵەکەی!

هـــاوارو ســـۆزی عاریفـــان دڵـــی ئەوینـــداران و ئەویشـــی مـــەجزووب دەکـــرد، بۆخـــۆی باڵایـــەکی بـــەرزی هـــەبوو، توانـــاو جەستەشی لاواز بوو بوو، بەڵام ڕاسترین بەڵگە لەسـەر ئـەوەی

کە جەزبەکەی حەقیقی بوو، ئەوە بوو کە دەمانبینی بەسەر چۆکدا هاواری دەکرد و نزیکەی مەترێك بەرز دەبوویەوە و دەیدایەوە بەسەر قاڵی و بەڕە ڕەقەکەدا، بەبێ ئەوەی هەست بە هیچ ئازارێك بکات، ئەوەندە خێرا بەرز دەبوویەوە، واتدەزانی بەسەر ئیسفەنجدا دەکەویت! کە جەزبەکەشی تەواو دەبوو یەکسەر دەگەڕایەوە شوێنەکەی خۆی، حاڵەتی جەزبە و باری ئاسایی تێکەڵ بەیەکتر نەدەکرد، ماڵی دڵی بۆ هەموان دەکردەوە، ڕووی گەشی بۆ هەموان واڵابوو، دیوەخانەکەی کراوە بوو، بەڵام سەیر ئەوەبوو گەر نییەتی دانەمەزرایە، هەرگیز بەبێ نییەت کارێکی نەدەکرد!

جارێکیان میوانێکی زۆری هاتبوو لە مەلا و فەقێ و سۆفی، بڕیار وابوو کەبابیان بۆ بکرێت، ماوەیەکی باش چاوەڕێیان کرد، یەکێکیان قسەی خۆش بوو گوتی بێقەزابی حاجی میرزا، ئەم نییەتەی تۆ بۆ هەرنەهات؟!

حاجی میرزاش دەیفەرموو چیبکەم بەدەست خۆم نییە، ئەوان چوون بەلای مزگەوتەوە و لەپڕناردی بە دوویاندا! فەرمووی خێراکەن تەشریف بێننەوە، با میوانەکان بگەڕێنەوە، ئێستە نییەتم بۆ هاتووە.

حاجی میرزا دڵی زۆر ناسك و بەسۆز بوو، بەتایبەتی کاتێك مەلا حەمەسەعیدی برای کۆچی دوایی کرد، زۆر بۆی دەگریا، زانایەکی دۆست و هاوڕێی مامۆستا دەچێت بۆ پرسەکەی بۆ

عەبابــەیلێ، شــەو لــە مزگــەوتی گوندەکــە مایــەوە، شــەو لەسـەرماندا خـەوی لێناکـەوێت و هەرئەمـدیوو ئـەودیو دەکـات، خەو زۆری بۆ دێنێنت چاوی دەچێتە خەو، لە خەونیدا مەلا حەمە سـەعیدی هـاوڕێی دێتـە خـەونی، مـەلا حەمە سـەعید دەڵێت بـرا بۆ ناڕەحەتی؟ لە وەڵامدا دەڵێت سـەرمامە، مەلا حەمە سـەعید بە هاوڕێکەی دەڵێت، بڕۆ بۆ ماڵی خۆمان، بەتانییەك بەسـەر بانجیڵەکـەدا هـەڵخراوە و حـەقی کەسـی بەسـەرەوە نییـە، بـڕۆ بیهێنەو بیدە بەخۆتدا، هاوڕێکەی وەخەبەر دێت و دەبینێت دونیا تاریـك داهـاتووە، هەڵدەسـتێت و دەچـێت بـۆ مـاڵی مـەلا حەمـە سـەعیدی هـاوڕێی، دەبینێـت هاوڕێکـەی لـە خەونەکەیـدا چۆنی پێگوت ڕێك وابوو! سـەیری مـاڵی هاوڕێکەی کـرد، بەتانییـەکی بینـی بەسـەر بانجیڵەکـەدا هـەڵخراوە، چوو بەتانییەکەی هێنـا و گەڕایـەوە بـۆ مزگـەوت و بەتانییەکـەی دابەخۆیـدا و خەوتـەوە، بۆجـاری دووەم خــەون بــە مــەلا حەمــە ســەعیدی هاوڕێیــەوە دەبینێتــەوە، لــە خەونەکــەدا لــە تــەك مــەلای هــاوڕێی پێکــەوە دانیشـتوون، لـەپڕ مامۆسـتا گـوێ هەڵـدەخات و بـە هاوڕێکـەی دەڵێت: ئەرێ ئەوە دەنگی میرزای برام نییە؟

هاوڕێکەشی دەڵێت: بەڵێ ئەوە دەنگی ئەوە، لەو ڕۆژەوەی وەفاتت کردووە بە بەردەوامی دەگری!

مـەلا حەمەسـەعید دەڵێـت: هـاوڕێم بـە میـرزای بـرام بێژە، گــەر بۆخــۆت دەگریــت، وەڵاهی قســووری مەکــە، چــەندەپێت

دەکرێت بگری، گەر بۆ منیش دەگری ئەوا مەگری، وەڵا من پێویستم بە گریان نییە.

سوپاس بۆ خوا من شوێنەکەم زۆر باشە، بۆ ئەوەی بڕوات پێبکات ئەم سێ ناونیشانەی بدەرێ.

یەکەم: ناونیشانی لێفەکە کەپێم گوتی.

دووەم: چەند درهەمێکی کابرایەکی جەلیلەیی قەرزارم، بە میرزای برام بڵێ بچێت بیدۆزێتەوە و قەرزەکەم بۆ بداتەوە.

سێیەم: من چەندجار لە باوکمم بیستووە ئێستە لەیادم کردووە.

بۆ سبەینێ هاوڕێکەی مەلا حەمە سەعید دەچێتەلای حاجی میرزا و ناونیشانەکانی بۆ هەڵدەدات، وەك ئاوێکی فێنك بە گەروویدا بکەن هێوردەبێتەوە و فێنکایی بە دڵی دەگات و قەرزەکەش بۆ خاوەن قەرزەکە دەباتەوە.

کابرای خاوەن قەرز دەڵێت وەڵاهی لە چرکەساتی مردنی مامۆستاوە، من گەردنیم ئازاد کردووە.

دوا ڕۆژی ژیانی حاجی میرزا، ئێمە لەبەردەم ماڵی مامە جەمیلم وەستا بووین، لەپڕ هەواڵیان هێنا، باوکم و مامەکانم چوون بۆ خزمەتی، بەسەرییەوە بوون و سوورەتی یاسینیان خوێند تا دڵە وریاکەی وەك پەپوولەی بەهەشت گەڕایەوە بۆ ژێر ڕەحمەت و دلۆڤانیی خودا.



**سادق شێخ حەمە عوسمان سازانی**

**سیمایەکی نورانیی**

بۆ ئەوەی پتر لە بەهای دۆستایەتی و سەفای ناخ و تامی سەر ڕاستی و قووڵی پەیوەندی و پوختی هاوسێیەتی بکەین، بەلای کەمەوە میلی ساڵژمێری تەمەن دەگێڕمەوە بۆ نیو سەدەیەك، پێش ئەودەم بەندە گەنجێکی خوێندکارو فێرخوازی دووی ناوەندی بووم، یەکێکیان قوتابخانەی میری، ئەوی دی فێرگە کۆمەڵایەتیەکە و ئەدەبی خانەوادەیی، لە ئامێزی باوکێکی بە هەست و پڕ سەرنج و زانست دۆست و ئاین پەروەردا، هەر بۆیە لە بەسەرکردنەوەی دۆستان و سەردانی حوجرەی زانایان و دیداری پیران و عیادەی نەخۆش و جاروبار کۆڕی سولْح و گەشتیشدا، یاوەری بووم.

یەکێك لەو ئاشناو دۆست و پیاوە پڕماناو زاهید و بۆ خوا سوڵحاوو دیارانەی ئەو ڕۆژگارە کە باوکم هۆگری بوو خوالێخۆشبوو حاجی میرزا تۆفیق بوو ، کە ئەوەندە لە باوکی ڕەحمەتیم وەسفی خانەدانی و جوامێری و سەخاوەت و بەهەڵوێستی و پاشان سەبرو خۆڕاگری و شوکرانەبژێری سەرباری ناساغییە درێژخایەنەکەی کۆتایی تەمەنی ئەو زاتەم نەبیستبوو. تامەزرۆی دیداری بووم، بەهیوای وەرگرتنی وانەی عەمەلی و عیبرەت لەسیرە و ژیانی جەنابیان.

بۆیە لەخزمەت باوکمدا چەندجارێك بەمەبەستی عیبادەت و بەهرەوەرگرتن لە مەجلیسی ئەو پیاوە تەقییە نەقییەدا، بەئەندازەیەك دەچوومە خزمەتی کە ماندووتری نەکەین و بێ ئەوەی تاسەمان بشکێ و تێر ببین لەپەیڤی پڕمانای، چ زارەکی یان بێدەنگی و زیکری بێناڵە بەجێمان دەهێشت.

بیرمە لە یەکەم چوونمدا بۆ ئەو باڵەخانەیە، حاجی میرزای تیا دەژیا، لەباوکمی پرسی ئەوە کوڕی خۆتە؟ باوکم گوتی: بەڵێ قوربان، حاجی میرزاش فەرمووی ئەوەیانە کە ڕۆژانی جومعان لەتەك قورئان خوێنەکاندا ئەنازەیێك قورئان دەخوێنێ؟ باوکم لە وەڵامدا گوتی سوپاس بۆ خوا. دیاربوو حاجی میرزا زۆری پێ خۆش بوو. دوعای خێری بۆ کردم و گوتی هەرکە دەست بەقورئان خوێندن دەکات، گوێ دەنێم بەم دەلاقەیەوە، کە

دەڕوانێ بەسەر مزگەوتی جامیعەدا، جوان گوێی بۆ شل دەکەم.

خوا لێت نەسێنێت شێخ عوسمان نەهێڵی تەرکی بکات، سوپاس بۆ خوا هەرواش بوو.

بەڕاستی حاجی میرزا تۆفیق وێڕای ناساغی جەستەیی توولانی، موسڵمانێکی میهرەبان و ڕۆح سووك و خاوەن لوتف و ڕووخۆش بوو، بەسەبرو زمان بەزیکرو ڕازی بەئاه و خۆڕاگرو ئەیوبئاسا بوو، کە نەخۆشییەکەی بەخەڵات و بەسەرکردنەوەی خودایی شوبهاندبوو، ئەمەم چەندجار لە باوکم بیستبوو.

پیاوێکی سیما ڕۆشن و نەخۆشێکی خاوێن و بۆنخۆش و ڕەزاشیرین، بێدەنگیەکەشی بۆ زیارەتکاران و خزم و خوێش و دەورویەرەکەی ببووە وانەیەك، بۆیە دەڵێم ئەوان بە تەقواو سەرڕاستییان داری ئیمانیان ئاو دەدا، تریفەی مانگی چواردە بوون بۆ تاریکی شەوی یەڵدا.

سیمای نوورانیشیان گەواهی بوو بۆخرۆش وکوڵی دڵیان، سەمتیان فیکرو گفتیان زیکری پڕحیکمەتی لوقمان ئاسا بوو.

لە کۆتایدا لە خوای دڵاوا دەخوازم لەڕیزی ساڵحان و چاکانی ئومەتدا، ئەو کۆچ کردووانەمان حەشر بکات، جێیان خاڵی نەبێت و نەوەیان نەك هەر یادی زات، بەڵکو یادی خەسڵەتە ناوازەکانیان زیندوو ڕاگرن، میراتگری هەڵویست و سیفاتی جوانی ئەو زاتە گەورەیە بن.



## ئاسۆعەبدوللەتیف

### مەحرەمی رازی هەژاران!

**بەجێ ماوم لە یاران نابەجێ ماوم ئەجەل زووبە**
**بەمردن لەم قسوری ژینە ئیستیعفا نەکەم چ بکەم**

**(مەحوی)**

لەسەر میرزایەکی خاکی و پیاوێکی کۆمەڵایەتی سەنگین و بازرگانێکی بەهەیبەتی هەڵەبجە قسە دەکەین، ڕاستە ئەو پیاوە بە نەوەی پێشینی ئێمە دادەنرێت و هاوسەردەم و هاوتەمەنی ئێمە نەبووە، تەنها دەماو دەم بەسەرهات و چیرۆك و

نمەکسالاریی و پیاوەتیەکانی هاتۆتە بەر گوێمان، وەلێ هێشتا گوێمان لە جوانی و پاکی و درەخشانی و حەقبێژیی ئەم کەسایەتیە زرنگانەوەی دێ، پیاوێك تەژی لە مەردایەتی و هۆگربوون بە خەڵك و دەستگیرۆیی هەژارانەوە، وەك دەگوترێت "میرزا تۆفیق" دەوڵەمەندێکی هەژارانە و سەربەرزانە ژیا.

"میرزا" هەر خۆی بریتیبوو لە دەزگایەکی خێرخوازی و لانکەی ئەمان و مەحرەمی رازی هەژاران، دەگێڕنەوە کە ناوبراو کەسی بێ ئومێد نەکردوە و گوتویەتی هەر هیچم نەبێ بیدەم بە هەژارێك خۆ دەتوانم بە نەبات زاری شیرین بکەم، ئەو بە بیری کوردایەتی و شیعرو ئاوەزی ئاینی و کۆمەڵایەتی و نەریتگەریی و ئاکارە بەرزەکانیەوە، سادە سادە، هێواش هێواش، بەوپەری خاکەساری و نەرم و نیانی خۆیەوە، هاتە ناو لاپەرەکانی بیرەوەری و خۆی خزاندە سەر رەفەی نەمریی و باس و خواسی کۆمەڵایەتی و دەفتەری بیرەوەری شاری هەڵەبجەوە، ئێستا کەس نیە ناوی میرزا تۆفیقی ئەزبەر نەکردبێت، ئەو کاراکتەرێکی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناس و ئاغاو دەرەبەگ نەبوو، دەسەڵاتدارو کوڕی میرێکیش نەبوو بێ بەهرە و بێ زانیاری و بێ حیکمەت هاتبێتە پێشەوەو گەورە کرابێت، وەك میرزایەکی سروشتی و ئەهلی تەقوا و عبودیەت و مزگەوت و خانەقا، بە بیری تیژ و حیکمەتی فراوان و شەهامەت و دڵگوشادی و

سەخییبوون و خێرۆمەندی زۆرەوە ناوی خۆی خستە ڕیزی پیاوچاکان و ڕەعیلە درەوشاوەکانی شارەوە، ئێستا ئەو ئەستێرەیەکە بە نێوچاوی هەڵەبجەوە.

(بەو حەوتەوانەی هەر حەوت زەریفن
هەر حەوت پاسەوان قوتبی شەریفن)

باسکردن لە فیگەرو کەسایەتیەکی دیار، میرزایەکی خاکی وەك "حاجی میرزا تۆفیق"ی هەڵەبجەیی کە بەڕاستی هۆگری خەڵك بوو هەروا ئاسان نیە و ئەگەر لەگەڵیدا نەژیابیت و مامەڵەت نەکردبێت و شۆربا و خوانی ئەوت نەخواردبێت، زەحمەتە لە ڕەفتارەکانی تێبگەیت. مێژووی هەڵەبجە بریتییە لە مێژووی زاناو مامۆستا و شێخ و شۆڕشگێڕو کەسایەتییە بەرزەکان، کە لە سەری سەرەوەی مێژووی شارو بیرو یادەوەری نەوە دوای نەوەدا جێگایان گرتوە و هەر بە نەمریی ماونەتەوەو دەمێننەوە.


یەکێك لە پایە سەرەکیەکانی شارستانێتی و ژیاری هەر نەتەوە و شارێك بریتیە لە سیمبولە ڕۆحی و کۆمەڵایەتیەکانی، ئەو سیمبولانەی توانیان بە نەریت و ڕەسەنایەتی و سلوکی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری ژیرانەیان لەگەڵ منداڵ و گەورە و غەریبە و ئەهلی شاردا، ڕۆحی شار بەرز رابگرن و مێژویەکی نوێ دروست بکەن، ئەم میرزایەی ئێمە توانی بە خۆی و بنمیچی دوکان و هەیوان و کتێبە کۆنەکان و کاریتەو ڕایەڵی ژوورەکان و

هەگبـە و مـاڵ و مـیلاك و وەجـاخی ڕۆشـن و ئـاگردان و پێکـەنین و دەســتگیرۆیی هــەژاران و کەمدەســتانەوە، ببێتــە ســیمبولی پێکەوەیی و ئاشتکردنەوەی خەڵك و ڕەمزێکی جوان.

دواجـار پێناسـەکان زۆرن بـۆ دەسـتەواژە و زاراوەی میـرو میـرزادە و ڕەچـەڵەکی کـۆنی ئـەم وشـەیە، بـەڵام دیارترینیـان، پەیوەنــدی بــە خانــەدان و ڕەچــەڵەك و ڕەســەنایەتی و دەستڕۆشـتویی میرەکانـەوە هـەبووە کـە لـەنێو خەڵکـدا خـاوەن پێگــە و پایــەی کۆمەڵایــەتی و سیاســی و ئــایینی و بــاڵابوون، لەپێگـەی "ویکیپیدیا"شـدا هـاتووە کـە وشـەی "میـرزا" نـاو یـان ناسـناوێکی دیـاریکراوە بـەکارهاتووە لـە ئێرانـی کـۆن و دەوڵـەتی عوسـمانیەکانداو ڕەچـەڵەکی وشـەکە خـۆی فارسـیە بـەواتای کوڕی میرو خانەوادەی ڕەسەن و گەورەی دێ و شارەدێ دێت، ئەو کەسەش کە ئەم ناسناوەی پێوە دەلکێنرێت پەیوەندی بە نەسل و ڕەچەڵەکی ڕەسەنەوە هەیە و دەبێت چوار سیفەت و ئاکـاری بـەرزی کۆمەڵایـەتی و کـەلتوریی هـەبێت ئـەوانیش" شەهامەت، کەرەم و ڕێز، بەخشین، لێبوردەیی" لەنێو کەلتوری عەرەبیشـدا بەوانـە دەگوترێت کە پەیوەنـدی نەسـلی و خێزانیـان هەیە بە پێغەمبەری نـازدارەوە "محمد" (د.خ). لـەنێو کوردیشـدا بەتایبــەتی لــە ســەردەمی میرنشــینەکانی بابــان و ســۆران و ئــەردەڵان و هــەورامان و شــارەزور، وشــەکە بــەکارهاتووە بــۆ کۆمـەڵێك کەسـایەتی دیـارو بەرچـاو کـە کاریگـەریان هـەبووە

لەسەر ڕەوش و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو سەردەمە، بە نمونەی میرزا تۆفیقی هەڵەبجە کە پێگەیەکی دیاریکراوی هەبووە و خاوەنی تۆڕێکی فراوان بووە لە پەیوەندی بە خەڵك و سەرۆك عەشیرەت و شێخ و سەیدەکانی ئەو سەردەمەوە.

ئەگەرچی لە هەڵەبجە چەندین کەسایەتی دیکەی وەك شێخ و سەییدو خان و بەگ و ئاغاو میرو میرزادەش هەبووە بەڵام میرزا تۆفیق، وەك بازرگانێك لە هەڵەبجە، خاوەن ناسنامەو تایبەتمەندی خۆی بووە و پەیوەندی بە هەموو چین و توێژەکانەوە هەبووە بەوپەری خۆشەویستیەوە، ڕۆحی بەرزو شادو ئاوریشمی بێت.



**حەسەن هەڵەبجەیی**

**قەیسەری حامید بەگی هەڵەبجە لە کتێبی هەزارو یەك شەوەدەچێت**

سـاڵی (١٩٧٤) دوای ئـەوەی شـۆڕش و حکومـەتی مەرکـەزی نـەیانتوانی لـە دانوسـانەکەیاندا بگەنـە ئـەنجامێکی بـاش، ئیتـر حکومەتی مەرکەزی لە ناوچەی هەڵەبجە و هەورامان کشایەوە، هەتا ناوچەی عەریەت کەوتە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشەوە.

لەو سەرو بەنەدا حیزبی شیوعی لە گەڵ حکومەت جەبهەی نیشـتمانیان پێك هێنـابوو، سـنووری دەسـەڵاتی حیزبی شـیوعی کەوتە ئەو نەخشەیەی کە حکومەت تێیدا باڵا دەست بوو.

ئیتر بەو هۆیەوە ئەوەی مەیلی بە لای حیزبی شیوعیدا هەبوو، شەو بەدزییەوە یان بەپاساوی چارەسەرکردنی نەخۆشییەوە ڕوویان لە شاری سلێمانی دەکرد و شاری هەڵەبجەیان جێدەهێڵا!

ئیتر هەرلەم سۆنگەیەوە، خاڵۆ مەلا عەلیم لەبەر مەیل و خۆشەویستی بۆ حیزبی شیوعی، شەوێك لە ناکاو ماڵ و منداڵی لەگەڵ خۆی بردو ڕۆشتن بۆ سلێمانی و لەوێ نیشتەجێ بوون. باپیرم مەلا ئەولقادری لەهەڵەبجە بەتەنها بەجێهێشت!

باواشم ئەگەرچی تەمەنی هەڵکشابوو هێزو توانای گەنجی نەمابوو، لێ پیاوێکی بەورەو بەتوانا بوو، بۆ بەیانییەکەی منی وەخەبەر هێناو گوتی:

– کوڕی باوکی من پیربووم و تاقەچاوێکیشم هەیە، تۆ دەبێ لە بەیانییەوە جێگەی چاوەکەی تریشم بگریتەوە.

ئیتر وەك خۆی فەرمووی دەست لە دەست و قووەت لە خوا، دووبارە لەسەرەتاوە دەست پێدەکەینەوە.

لە یەکەم ڕۆژەوە چوومە قەیسەرییەکە و بوومە شاگرد، باوام ڕۆژانە وانەی پێدەگوتم، ڕۆژانە چیرۆکی سەرەتای دروستکردنی قەیسەری حامید بەگی بۆ دەگێڕامەوە و یەك بە یەك دووکاندارەکانی نێو قەیسەری پێ ئاشنا دەکردم.

دوکانەکەی باوە مەلام یەکەم دوکان بوو لە لای ڕاستی دەروازەی سەرەکی قەیسەری حامید بەگدا و بەرامبەرمان حاجی

مەحەمـەد تریفـەیی بـوو، لـە پشتیشـمانەوە کـاك حەمـەمینی ئەولەی مێی بوو، کاك حەمەمین لـە هـاوڕێ نزیکەکانی خاڵۆم بوو.

لـە خوار حاجی مەحەمەدەوە کەریم ئەوبەری بوو، هـەر بەو ڕیـزەدا بـۆ خـوار مامۆسـتا مـەلا شـەفیق و حـاجی ڕەشـە عـەزیز و حــاجی حەمەســاڵحی حــاجی ســەعید و خــوار ئــەوانیش کــاك حەمەبۆری باوکی کاك عەلی و خوارتریش دوکانی حاجی حەمە مینی مریەم بوو.

بـە تەنیشـت دوکانەکـەی باوامـەوە. دوو خەیاتـە دیارەکـەی نـاو قەیسـەرییەکە بـوو وە سـتا عـەولی خـەیات و وەسـتا نـوری خەیات بوو کە هەردووکیان مێزی خەیاتییەکانیان نووسـابوو بـە دوکانەکـەی میـرزا عەلییـەوە، یـان بڵـێم هـەر خشـت سـەر بـە دوکانەکەی کاك عەلی میرزا تۆفیق بوون.

من لەبەر ئەوەی لە منداڵیمەوە خەڵکی خوێندەوارو ئەهلی قەڵەمم خۆشدەویست، ئەوەشـم زانـی بـوو ئەوی نازنـاوی میـرزا لەتـەك ناوەکەیدا بێـت، واتـە؛ ئـەو کەسـە پیـاوێکی خوێنـدەوارو ئەهلی قەڵەمـە. هـەر بۆیـە لەسـەر نـاوی بـاپیری کـاك سـەلاح و کۆچەر میرزا، میـرزا تۆفیـق ڕاوەسـتام و ڕووی پرسـیارم لـە بـاوام کرد و پێم خۆش بوو باسێکی ئەو کەسایەتییەم بۆ بکات.

باوە مەلام هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

گیانی باوای هاوڕێکانی باوات گشتیان سەفەریان کردووە و

گەڕاونەتەوە بۆلای پەروەردگار، گوتی ئەو زاتە واتە؛ حاجی میرزا تۆفیق، یەك پارچە بوو لە گەوهەر، بەحەق پیاوێکی پاك و پارچەیەك بوو لەگەوهەر، بەڕاستی پیاوی خوا بوو، ئەو نەك هەرخۆی پیاوێکی نموونەبی بوو، ئەوانەیشی کەهاوڕێ و دۆستی بوون لە مەقامێکی زۆر بەرزدا بوون.

باپیرم فەرمووی، حاجی میرزا تۆفیق هاوڕێی نزیکی مامۆستا مەلا عەزیزی پریس و بێخودی شاعیری گەورە بوو.

منیش گوتم بۆچی! حاجی میرزا تۆفیقی ڕەحمەتی شاعیر بوو؟!

گوتی کوڕی باوکی چەند میرزایەك هەبوون گەر دیوانی شیعریشان نەبووبێت، بەڵام هۆکار بوون بۆ دروستبوونی دەیان شاعیر.

گوتی تۆ زانیوتە باوکی عەبدوڵڵا بەگی گۆران لەدیوەخانی وەسمان پاشادا میرزا بووە. گەر باوکی عەبدوڵڵا بەگ نەبوایە، نە گۆران ئەو شاعیرە دیارە دەبوو نە تاهیر بەگ و نە ئەحمەد موختار ئەو نێوبانگەیان دەبوو!

پاشان گەڕایەوە سەر باسی حاجی میرزا تۆفیق و فەرمووی.

حاجی میرزا تۆفیق لە هەر شوێنێکدا حزووری هەبوایە، ئەو جێگایە دەبوویە کۆڕی ئەدەب و گوڵستانی شیعر. گوتی من لە خۆشی ئەو زاتەوە هاتمە ئەم قەیسەرییە.

منیش گوتم باوا پێش هاتنت بۆ هەڵەبجە و کردنەوەی ئەم دوکانـە لـە قەیسـەری حامیـد بـەگ، تـۆو جـەنابی حـاجی میـرزا دۆستایەتی و ئاشنایەتیتان هەبوو؟

لە وەڵامدا فەرمووی، هێشتا لە پریس بووم باخێکی جوانم هـەبوو کانییـەکی سـازگاری تێـدا بـوو، حـەوزێکی جـوانم تێـدا دروسـت کردبـوو. کردبوومـان بـە عـادەت هـەموو ئێوارەیـەکی ڕۆژانـی هـەینی لەسـەر ئەو حەوزو ئاوە مامۆسـتایانی وەك مەلا عـەزیزی پـریس و مەلاسـاڵحی گـەورە و شـێخ جـەمیلی مـوفتی و دەیـان کەسـایەتی دیکـەی تـر، لـە نێویانـدا حـاجی میـرزا بـوو کـە کۆڕی پرسیاری شەرعی و خوێندنەوەی شیعر گەرم دەبوو.

باپیرم فـەرمووی لەیادمـە چەند جارێك لەسـەر میوانـداری حـاجی میـرزا، بێخودی شـاعیر لەسلێمانییەوە تەشـریفی هێنـاوە بۆ هەڵەبجە.

حاجی میرزا و ئەو زاتانـەی نـاوم بـردن، دەهـاتن بۆ باخەکەی مـن بـۆ پـریس، لـە دوای نوێـژی عەسـرەوە تـا نوێـژی مـەغریب کـۆڕی عاشـقان گـەرم دەبـوو بـە زیکـرو خوێندنـەوەی شـیعری شاعیران.

بەڵام داخەکەم بەئاوا بوونی تەمەنی ئەو زاتانە باوات بەبێ هـاوەڵ و هـاودەم مایـەوە، بـە گێڕانـەوەی ئـەم یادەوەریانـە تاقـە چاوەکەی پڕبـوون لـە فرمێسـك، بـە فەقیانەکەی چـاوی سـڕی و گوتی:

باواشـت سـەرەی هـاتووە و بـزانین کـەی خواگیـان ڕۆحـم دەکێشێت و ئەم باتۆ بۆلای ڕەفیقەکانم.

ئیتـــر هـــەرکاتێك بـــوار هەبوایـــە هـــەوڵم دەدا باســـی کەسایەتییەکی دیاری هەڵەبجەم بۆ بکات.

هەمیشـــە خـــەونم بـــەوەوە دەبینـــی ڕۆژێـــك لـــەڕۆژان لـــە یادەوەری خۆمدا باسیان بکەم.

یەکێك لەو کەسایەتیانەی باوام قسەی کردووە لەسەری بۆم، بەهەشتی حاجی میرزا تۆفیق بوو، گەر تەمەن بواری دا لە ئاینـــدەدا قســـەی زۆرم مـــاوە لەســـەری، یـــەك لـــە دوای یـــەك هەمووی دەنووسمەوە.

پێشـتر گوتومـە کەنوسـین لەسـەر کەسـایەتی حـاجی میـرزا زۆر زیـاتر هەڵـدەگرێت و هەمیشـە گوتوومـە قسـەی زیـاترم لەسەر ئەم زاتە دەبێت.

ئـەوی پێشـتر نووسـیومە ئـەو پرسـیارانە بـوون، کـە ئـەوی ڕۆژێ لە باپیرم کردووە، جەنابیشیان وەڵامی داومەتەوە، بەڵام منـیش وەك خـۆم لێکدانـەوەی خـۆمم بـۆ حـاجی میـرزا تۆفیـق و هاوەڵانی هەیە.

ئەوساو ئێستاش ئەم زاتانە بە بەردەوامی لەنێو دەروونی مندا نەك وەك میوان، بەڵکو بوونەتە خانەخوێ بەسەر هۆش و هـزری منـەوە و بـەردەوام پرسـیار لـە خـۆم دەکـەم، دەڵـێم یـاران ئـاخۆ ئـەم زاتانـەش وەك ئێمـە مـرۆڤ بـوون؟! هۆکـار چی بـوو لـە

دوای ئـەم زاتانـە بـەم شـێوەیە شـێرازەی ژیـان شـێوا و گـۆڕانی بەسەردا هات و هەرهەموومان سەرگەردان بووین.

دەپرسم خۆ ئەوسا چەندین قاتی ئێستە ژیان سەختر بوو! جاران تا بارێك کوتاڵ لەبەغداوە دەگەیشتە حاجی میرزا، کاتێکی زۆر زیاتری گەرەك بوو، لەو بارەی ئێستا لەچین و ئەمەریکاوە دەگاتە شارەکانمان!

مرۆڤـەکانی ئەوسـا ئـەزموونیان زۆر کـەمتر بـوو، لـە مرۆڤەکانی ئێستا، ئەو زمانگەلەی ئێستا هەرکەسێکی ئاسایی دەیزانێـت، هۆشـیارێك و بەئاگایـەکی ئـەو زەمانـەی وەك حـاجی میـرزا یـان عەبدوڵڵابـەگی بـاوکی گـۆران، ئـەو ئـەزموون و شـارەزاییەی نـەبووە یـان نـەبووبێ. دەپرسـم ئـەی باشـە هۆکـار چییە ئەوان هێندە بەهێز بوون، ئێمەش هێندە لاواز؟! ئەوان بۆ ئەوەنـدە جـوامێر بـوون ئێمـەش هێنـدە بـێ مـروەت؟! ئـەوان بـۆ هێنـدە خۆش دەژیـان و ئێمـەش هێنـدە کلۆڵ و بەش مەینەت؟! ئـەوان بـۆ هێنـدە تەندروسـت و ئێمـەش هێنـدە لاوازو نـەخۆش؟!ئـەوان بـۆ هێنـدە نـاودار بـوون و ئێمـەش هێنـدە گـوم نـاو؟! ئـەوان بـۆ هێنـدە بەخشـندە و دەسـت و دڵ والا بـوون، ئێمەش هێندە ڕەزیل و چروك؟!

لەشـارەکانی ئێمـەدا تـەنها چـەند کەسـێکی کـەم خـاوەنی ئۆتۆمبێل بوون و بۆ دابینکردنی بژێوی خۆیان بەکاریان هێناوە. بەڵام ئێستا هەژارترین کەسمان خاوەنی ئۆتۆمبێلی خۆیەتی،

ئەدی بۆچی پیاوەتیمان ناگاتە ئاستی حاجی میرزا تۆفیقەکان؟!

خوێندنەوەی ئەم بابەتە دەمباتەوە بۆسەر خاڵێکی گرنگ، کەپێویستە هەمووومان لەسەری بوەستین.

لەم چەندخاڵەی خوارەوەدا ڕوونی دەکەمەوە.

یەکـــەم: بەداخـــەوە ئێمـــە لەســـەرجەم ڕێڕەوەکـــانی، نەتەوەیی و کەلتوورییـەکانی خۆمـان لاماندـاوە و نەشـمانتوانیوە لـەجێی ئـەو دابـوو نـەریتێکی دی جێگیـر بکـەین و جێگـای ئـەوی پێشـوومان بـۆ بگرێتـەوە؛ واتـە شـتێکمان فـڕێ داوەو هیچـمان لەجێ دانەناوە!

دووەم: هـاتووین لـەجێی ئـەوەی ئـاین وەك خـوا پەرسـتی پـەیڕەو بکـەین، ئاینمـان کردۆتـە سیاسـەت و بـۆ بەرژەوەنـدی کەسـی خۆمـان بـەکاری دەهێـنین، ئەویشـمان لەکەدار کـردووە. خەڵك لەبەرامبەر ئاین وەك سیاسەت بەدگومان بووە!

سـێیەم: گوتەیـەکی بـەناوبانگ هەیـە دەڵێـت: (مـرۆڤ کـە شـتێکی ویسـت دەبێـت واز لەشـتێکی دی بهێنێـت)؛ واتـە حـاجی میرزا تۆفیق و هـاوەڵانی بەسـانایی نەبوونەتە خاوەنی نێوبانگ، ئەوان وازیان لەم دونیا هێناوە و قیامەتیان هەڵبژاردووە، وازیان لـە خۆشـبەختی کـاتیی دونیـا هێنـاوە، بۆیـە مـەزنی و ناوبـانگی ئێستایان هەیە.

ماوەتـەوە بڵـێم ، هۆکـاری ناوبـانگی حـاجی میـرزا تۆفیـق و هاوەڵانی، دەوڵەمەندی کیرفان و پارە و سامان نەبووە.

کـە وەك زۆر کـەس باسـی ئـەم زاتانـە دەکـەن و قسـەی لەسـەردەکەن، هۆکـاری ناوبانگیـان قسـەزانی و شـۆرەتی میرزایـی و خۆشـبەختی ژیانیـان نـەبووە، کەسیشـیان دەسـت و پێیـان لەئێمە زیتـر نەبووە، تا بڵێین نـاوو ناوبانگیـان هۆکارەکەی ئەمەیە. تاکەشت لە دەرئەنجامدا کە پێی گەیشتم ئەمەیە.

جیاوازی نێوان ئێمە و حاجی میرزا و هاوەڵانی ئەوەیە، ئەوان خاوەنی دووشتی زۆر گرنگ بوون، کە ئێستا هیچ کەس لـە ئێمـە نەك تیاماندا نییە، بەڵکو ئیمانیشی پێی نییە!

یەکـەم: ئـەوان خـاوەنی عیزەتـی نەفسـی خۆیـان بـوون و بـە دونیاشیان نەگۆڕیوەتەوە.

دووەم: خـاوەنی ئیمـان و عەقیدەیـەکی پـۆڵاینی دوور لــە بەرژەوەندی قێزەونی دونیایی_بە هەموو جۆرەکانییەوە_ بوون. عەقیـدەو ئیمانەکـەیان تـەنها بـۆ خـودا بـووە، ئـەو قسـانەش کـە لەسـەر دیـن کردوویانـە، قسـەی دڵیـان بـووە، نـەك تـاکتیکی پەیداکردنی پلە و پۆست و مەقامی دونیایی.



**پ.ی.د / حەسەن خالد موفتی**

**حاجی میرزا تۆفیق، ئەستێرەیەکی گەشاوەو پرشنگداری شاری هەڵەبجەی دڵگیر**

مرۆڤ لە دونیادا ژیانی دیاریکراوی خۆی دەباتە سەر، پاشان بە فەرمانی پەروەردگار وەفات دەکات و بەرەو جیهانی نا کۆتا دەڕوات. زۆرن ئەوانەی کە مردن و دونیایان بە جێهیشت و لە دووی خۆیان هیچیان بەجێنەهێشت!

کەمن ئەوانەی کە مردن و دونیایان بە جێهێشت، یادگاری گەورە و پڕبایەخ و سەروەری و شانازییان بە جێهێشتووە و لە ڕیزی نەمراندا تۆمار کراون و بە ڕەوشتی بەرزو مەعریفەت و شەهامەت و دڵسۆزی و مەردایەتی و بە چاکە نەبڕاوەکانیان و

بە کردارە شیرینەکانیان، لە دڵی کۆمەڵگادا ماونەتەوە و یادیان بەرزو بڵند ڕاگیراوە و لەیاد ناچن و لەنێو جەرگەی ڕووداوە پڕبایەخەکاندا بەردەوام ناویان دێت و سەربەرزو سەربڵندن.

ئەم جۆرە کەسایەتیانە، زۆر دەگمەنن، ڕەنگە دووبارە بوونەوەیان زۆر ئەستەم بێت، لەو کەسایەتییە دەگمەنانە پیاوی دین و دونیا جەنابی حاجی میرزا تۆفیقە.

قەڵەم کۆڵە لە تۆمارکردنی چاکە نەبڕاوە و سیفەتە جوانەکانی ئەو زاتە، کە هەموو دەڤەری هەڵەبجە و سلێمانی و گەرمیان و کوێستانی کوردستان، شەهادەتی چاکە و مەردایەتی و پیاوەتی و سەخاوەت و خزمدۆستی و نەجابەت و دینداری و عیرفان پەروەری بۆ دەدەن.

حاجی میرزا تۆفیقی دیندار، لە جەنابی باوکمەوە (مامۆستا شێخ خالید موفتی) چەندەها جار مەناقیبی پڕسەروەری حاجی میرزام بیستووە، کە لە دینداریدا نمونەی دەگمەن بووە. تەنانەت دەیفەرموو شەوانە تا بەرەبەیان ئەم پیاوە خواناسە، بە زیکری پەروەدگارییەوە دڵی پەیوەست بووە، بە جۆرێك لە شەوانی هاویندا زیکری ئەو کە دەیفەرموو (الله .. الله) خەڵکی وەخەبەر دەهاتن و یادی خودایان لەگەڵ ئەو دەکردەوە!

هەروەها جەنابی باوکم دەیفەرموو ، لەگەڵ ئەو نەخۆشییە سەختەی کە هەیبوو، ماوەیەکی زۆریش بەئازاری سەختی نەخۆشییەکەیەوە تلایەوە، بەڵام هەرگیز لەم دەستەواژە

زیاتری لێ نەدەبیسترا، (خودایە سەبرو تاقەت بدەیت، خودایە سەبرو تاقەت بدەیت). اللە... اللە، لەو ئیمانە جوانە، لەو تەوەکولە بەرزە لەو تەقوا و لەخوا ترسانە! لەو پلە بەرزەی ئیمانە، کە مرۆڤ والێبکات هەرچی لە لای خالیقەکەیەوە بێت ڕازی و شوکرانە بژێربێت، بۆ تەنها چرکەساتێکیش پەروەردگار لەیاد نەکات. هەردەم دڵی بە مەعشوقی حەقیقی خۆیەوە بێت کە زاتی ئەڵایە. بە ڕاستی ئەمەیە کە عاشقانی ڕێگای خوداناسی شەیدا کردووە، ئەمەیە کە لە جیهانی تەسەوف و عیرفاندا پێی دەگوترێت فەنابوون لە خۆشەویستی خودادا.

حاجی میرزا تۆفیقی بەسۆزو میهرەبان بۆ فەقیرو بێ لانە و کەمدەرامەت و هەژاران. خزم دۆست و پارێزگارێکی سەرسەخت لە مافی دراوسێیەتی، سەخی تەبیعەت و میهرەبان و بەخشندە.

دایکە (خاتوو عالیە) کچی ـ مامۆستا شێخ عەبدولوەهابی نێرگزەجاڕی، کە مەشهوورە بە تەقوا و ڕاستگۆیی و ئیخلاس، بۆ دینی خودا و موسڵمانان بەتایبەت ئەهلی عیلم و عیرفان.

ئەم ئافرەتە ساڵیحە، چەندین جار بۆی گێڕاومەتەوە کە مەرحوم حاجی میرزا تۆفیق هێندە سەخی تەبیعەت بووە، هەموو ئێوارەیەك بە درێژایی تەمەنی نانی فەقێکانی مزگەوتی گەورەی هەڵەبجە، لە سەر ئەرکی حاجی میرزا بووە بەبێ ئەوەی ڕۆژێك قسەیەك یان منەتێك بکات بەسەر فەقێکاندا یان لە هیچ شوێنێك باسی بکات و شانازی پێوەبکات.

دادە مەلیعەی مامۆستا شێخ خالید، کە ئێستا لە ژیاندا ماوە بۆی گێڕامەوە، ماڵی حاجی میرزا و ماڵی باوکم و ماڵی مامۆستا شێخ جەمیلی موفتی، هەمیشە خزمەتگوزاری هەژاران و بێدەرەتانان بوون. تەنانەت دەیگوت کە زۆربەی خەڵکی گەڕەك لە ماڵی حاجی میرزا ئاوی بەلوعەیان دەبرد، چونکە زۆربەی ماڵەکان ئەو کات ئاوی بەلوعەیان نەبوو! هەروەها چەند ماڵێکی گەڕەك هەفتانە لەوێ خۆیان دەشت و دەحەوانەوە. وێڕای ئەوەی مەرحوم حاجی میرزا تۆفیق لە ڕووی مادییەوە کەسێکی دەوڵەمەند بووە، لە نێو شاری هەڵەبجە و لەشاری سلێمانی و شارەزوورو شاری بەغدادەوە، خەڵکێکی نەدارو کەمدەرامەت بە بەردەوام سەردانی کردوون، ئەویش بەپێی توانای خۆی یارمەتی داون و دەستگیرۆی کردون و تا ئێستایشی پێوەبێت زۆرێك لەو کەسایەتیانە ماون و شایەتی بۆ بەخشندەیی حاجی میرزا دەدەن.

نهێنی خۆشەویستی و هۆگری ئێمەی بنەماڵەی موفتی هەڵەبجە بە گەورە و گچکەمانەوە بۆ بنەماڵەی حاجی میرزا تۆفیق بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە:

یەکەم: هاومەشرەبی گرتنەبەری مەسلەکی تەسەوف و عیرفان، کە هەردوولا نەقشی مەشرەبین و دڵسۆزی ڕێبازی نەقشبەندین. کە گەورە خواناسانی بیارەی شەریف ڕابەرایەتیان کردووە، لە نزیکەی (٢٥٠)وە تا ئەمڕۆ، کە بێگومان ئەمەش کاریگەری خۆی هەیە.

دووەم: دراوسێیەتی دێرینی هەردوو بنەماڵە کە زیاتر لە (١٥٠) ساڵە، کە ڕۆح و گیانمان بەسەر یەکدا دەرچووە و سوپاس بۆ خودا تا ئەمڕۆش بەرەکەتی ئەو پەیوەندییە پڕ لە ئەوین و موحیبەتەی باوباپیرانمان، بۆ هەردوو نەوەی بنەماڵەکە ماوەتەوە.

سێیەم: خزمایەتی و پەیوەندی ژن و ژنخوازی لەنێوان بنەماڵەی موفتی و خزمانی عەبابەیلێ بە گشتی هەر لە دێرەوە ڕەنگی داوەتەوە و بەرجەستە بووە، ئەمەش بابەتێکی سەربەخۆیە و چەندین لاپەڕەی دەوێت.

چوارەم: کوڕانی حاجی میرزا؛ واتە میرزا ئەنوەرو میرزا عەلی، مەشهورە کە شیری دادە گەوهەریان خواردووە، هەروەها مەرحومی باوکیشم شیری دادە گەوهەری خواردووە، کەواتە هەرسێکیان دەبنە برای شیری، دادە مەلیعەشم شیری حەپسەخانی حاجی میرزای خواردووە.

ماوەتەوە بڵێین، کەژیاندنەوەی ژیان و ئاکارو سەروەرییەکانی کەسایەتی وەك حاجی میرزا تۆفیق، کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر نەوەی نوێ لە تەواوی دەڤەرەکەو دەبێتە سەرلەنوێ پتەوبوونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هەردوو بنەماڵەکە بە تایبەتی، شاری هەڵەبجە و دەڤەرەکەش بەگشتی.

هەروەها شارەزابوونی نەوەی نوێ لە ڕەوشتی بەرزو پڕبایەخی حاجی میرزا تۆفیق و هاوشێوەکانی لە شاری هەڵبجەدا. دەبێتە هۆکاری چاکسازی لە ڕەفتارو ئاکاری لاوانمان، چونکە ئەو جۆرە کەسایەتیانە چرای هەڵکراون بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای تاریکی، هەروەها سەرکردەی کۆمەڵایەتی ئاینی کە پێویستە هەموان بە ڕێڕەوی ئەواندا بڕۆین، تا گەیشتن بە ڕەزامەندی پەروەردگار.

لێرەدا بە شایستەی دەزانم کە دەستخۆشی بکەم لە برای ئازیزو بەنرخ و خۆشەویستم مامۆستا کۆچەر کە چەند کارێکی کردووە بۆ زیندووکردنەوەی زۆرێك لە کەسایەتییەکان، لە نێویشیاندا حاجی میرزا تۆفیق، ئەگەرچی بەنەسەب باپیری ئەوە بەڵام باپیری ئێمەشە بەشیری، وە مافی بەسەر خەڵکی هەڵەبجەوە هەیە، بەهۆی ئەو خزمەتانەی پێشکەش بەشاری هەڵەبجە و دانیشتوانەکەی کردووە.



**فاتیح شیخ محمد سەمیع**

**حاجی میرزا تۆفیق، کەسایەتییەکی ناوازەو کەم وێنە**

پەروەردەیەك، تەرازوویەك، هەستیارییەك لەلای حاجی تۆفیق هاو وێنەکانی هەبووە، ناوازەو کەم وێنە بوون.


دەیانزانی کە شەیتان خەریکی ئامادە کردنی جیهانە بۆ دەجالی کوڕە تاقانەی، ئیتر ئەمانیش بەئەسپایی و بەبێ هەڵاو داچڵەکاندنی ماڵ و حاڵی خەڵکی، خەریکی ئامادەکردنی نەفسی خۆیان بوون، ئەوان ماڵی کەسیان وێران نەدەکرد، ئاوەدانی بوون، مرۆڤی ساڵح و نموونەیی و بەخزمەت بوون.

نابینای چاکەی خۆیان بوون! شارەزای ونکردن و مەحرەمی ئەسراری بێ ناونیشان بوون، دەیانزانی شاراوەیی لەچاکەکاریدا، پڕیەتی لە ئەسراری ئیلاهی!! کە پەراسوویان ئاوی خۆشەویستی خودای بینی، لەزمەیان نەدەدایە دەستی نەفس و شەیتان. فرمێسکیان بەشێك لە خۆشەویستی ئەوانی دەردەخست، لەسەر بەرماڵ و لە نیوەشەو و لەخەتمە و زیکردا پەنجەی شایەتوومانیان هەموو خۆشەویستییەکەی دەردەخست!! ئەوان ئیماندار بوون بەدینی بێ ڕق، دینی بێ تەکفیر، دینی بێ ئەزیەتدانی کۆمەڵگا، دینی بێ ڕق خۆشەویستی خودایە! ئەوان هەمیشە لەتەنهایدا بۆ فرسەتی هاوڕێیەتی دڵیان عەوداڵ بوون، دەیانبینی دڵیان ئیمامە و لە میحرابدایە، ئیتر دڵیان هەموو شتێکی بۆ باس دەکردن. چێژی خۆشەویستی خودایان دەکرد، ئەوەندە بە چرپە دەدوان، تەنها خودا لێیان حاڵی دەبوو!! ئەوان دەیانزانی نهێنی خۆشەویستی ناگوترێت،ئەوان کۆڵانە تاریکەکانی مەدح و ستایش و پیاهەڵدانیان تەرك کردبوو، دەیانزانی ڕێگەیەکی داخراوە و بەڕێکردنی ڕێبواران پیایدا ناکرێتەوە! لەهەموو زیکرو ئەڵایەکدا کە دەیانکرد گوڵێکی ناسك لە دڵیاندا سەوز دەبوو، ئەوان نموونەی ئەو زەمانەیە بوون دۆستەکانی خودا تیایدا شاراوە دەبن.

حاجی میرزا تۆفیق یەکێك بوو لە باخەوانە سەرکەوتووە ناوازەکانی جیهانی خواناسی و تەسەوف، وەختێ یادەوەری ئیخلاسی بۆ خودا بوون ساڵحی ئەم مەردەخواناسە دەگێڕێتەوە، هەست دەکەیت بەشی خانەوادە و نەوەکانیشی کردووە و ئاکارو هەڵسووکەوت و ئیجاریبوونی زۆری بۆ ئەوانیش بەمیرات بە جێهێڵاوە و کانییەکەی وشکی نەکردووە.

# حاجی میرزا تۆفیق

## له دووتوێی یاده‌وه‌رییه‌کاندا



**مەلا لەتیف**

**ئەگەر مێژووی هەڵەبجە باس بکەین لە ساڵانی (١٩٠٠)ەوە تا ئێستا خانەوادەیەك لە هەڵەبجەدا کە زۆر ناوبانگی هەبێت و لە زۆر ڕووەوە جیاوازی هەبووبێت لەگەل خانەوادەکانی تردا، خانەوادەی حاجی میرزا تۆفیقە. ئەم حاجی میرزا تۆفیقە لە خۆڕایی نەبووە بە سەرۆکی خانەوادەیەکی گەورە، چونکە باپیریان و باوکیان لە عەبابەیلێ زیاتر پەیوەندییان هەبووە بە شێخانی بیارە، بە بەگزادەکانی هەورامان، بە سەییدەکانی هانەسوورە.**

**ئەم پیاوە جگە لەوەی کە سۆفیەکی بێ غەل و غەش، سۆفیەکی پاك و خاوێن، هەتا خەڵك دەیانگوت دەرەجەی ویلایەتی هەیە.**

ئینجا لە ماڵیشەوە ئەم پیاوە وەکو تەکیە و خانەقایەکی دانابوو ڕێبواران کە دەچوون بۆ تەوێڵە و بیارە و باخەکۆن لە ماڵی میرزا تۆفیق لایاندەدا، وا ڕێککەوتبوو ماڵیان لە نزیك مزگەوتی جامیعە بوو، هەر میوانێك بهاتایە بۆ مزگەوتی جامیعە ئەبوایە لە دیوەخانەکەی حاجی میرزا تۆفیق لایبدایە.

میرزا تۆفیق جگە لەوەی کە یەکێك بووە لەو کەسایەتیانەی کە جگە لە پایەی عیرفان و تەسەوف و سۆفیگەری، لە ڕێگەی کەسابەت و خۆژیاندنەکەوە بە سەربەرزی یەکێك بووە لە بازرگانە هەرە بەناوبانگەکان بە تایبەتی بازرگان بووە لە قەیسەری حامیدبەگ بۆ قوماشی ئەو سەردەمە، هەر قوماشێك گرانبەها بووایە دەیانگوت بچن لە دوکانەکەی حاجی میرزا تۆفیق بیکڕن، چونکە ئەو شتی باش دەهێنێت وە بە هەرزانیش دەیفرۆشێت.

ئەو کاتە کە من لە بیرم بێت پێش ئەوەی جولەکەکانی هەڵەبجە بڕۆنەوە، قەیسەری حامیدبەگ پێکهاتبوو لە کۆمەڵێك خواجەی جولەکە لەگەڵ کۆمەڵێك موسوڵمانی خۆمان، هەرگیز نەبیستراوە لەناو خەڵکی هەڵەبجەدا کە ڕۆژێك لە ڕۆژان جولەکەیەك گلەیی هەبووبێت لە حاجی میرزا تۆفیق، لەبەرئەوەی حاجی میرزا تۆفیق هەمیشە مەرجەع بووە بۆ ئەوەی خەڵك پرس و ڕای پێ بکات.

ساڵی (١٩٥٢) کاتێك کە من لە بیارەوە هاتمە مزگەوتی جامیعە، مەرحومی حاجی میرزا تۆفیق شەوانە دەهات بۆ خەتمەی مزگەوتی جامیعە، مەرحومی مامۆستا شێخ جەمیل سەرۆکی خەتمەکە بوو، هەر لەگەل ناوی پێغەمبەر (د.خ) یان ناوی یەکێك لە هاوەڵەکانی دەبرا مەرحومی میرزا تۆفیق بەشێوەیەك ناڕەحەت دەبوو خەڵك دەیانگوت میرزا تۆفیق تەواو بوو، ژیانی کۆتایی هاتووە، کە خەتمە تەواو دەبوو دەیانگوت: چیبووە میرزا؟ وەڵامی ئەدانەوە و دەیگوت: وەڵاهی کە ناوی پێغەمبەر دەهێنرێت (د.خ) هەموو گیانم دێتە پەشۆکان، حەزدەکەم چاو بنوقێنم و پێغەمبەر (د.خ) بێتە بەرچاوم.

میرزا تۆفیق جگە لەوەی سۆفیەکی گەورەی شێخی نەجمەدین بوو، پەیوەندی هەبوو لەگەڵ شێخی عەلادیندا بەڵام زیاتر پەیوەندی بە شێخانی بیارەوە هەبووە، لەبەرئەوە شێخانی بیارەش هەر کێشەیەکیان هەبووایە لە ڕێگەی مەرحومی حاجی میرزا تۆفیقەوە کێشەکەیان چارەسەردەکرد. بۆ زانیاری حاجی میرزا تۆفیق پەیوەندیەکی توندوتۆڵی هەبووە لەگەل بەگزادەکانی جاف، پەیوەندی هەبووە لەگەڵ زۆربەی خێڵەکان. ژمارەیەك لە خێڵەکانی وەك نەوڕۆڵی و کۆکۆیی و ئێناخی و هەورامی، حاجی میرزا تۆفیقیان وەك کەسایەتیەك دانابوو لە هەموو ئیش و کارێکدا پرس و ڕایان پێدەکرد.

من حەزدەکەم شتێك ڕوون بکەمەوە، خودی عەبابەیلێ خۆی بووبوو بە ناوەندێکی بازرگانی لە سنەوە تا خانەقین، لە زەهاوەوە تا سلێمانی، لەم ناوچەیەدا حاجی میرزا تۆفیق و کاکە حەمەی برا گەورەی (کە لە گوندی عەبابەیلێ دوکانێکی گەورەی هەبوو) بازرگانییان دەکرد، حاجی میرزا تۆفیق بازرگانیەکەی هیی کوتاڵ بوو، ئەو کاتە لە نێوان ئێران و عێراقدا، هەتا پێش ئەوەی عێراقیش دروست ببێت هەڵەبجە ناوەندێکی بازرگانی بووە. حاجی میرزا تۆفیق شارەزاییەکی زۆری هەبووە لە بازرگانی قوماشدا.

حاجی میرزا تۆفیق بەوە ناوبانگی دەرکردبوو کەوا لە بازرگانیەکەیدا جگە لەوەی قوماشی باش دەهێنێ لە نرخەکانیشدا زۆر گونجاو بووە.



## محەمەد شێخ عەلادین

حـــاجی میـــرزا تۆفیـــق پیاوێـــك بـــووە بـــە ڕاســـتی خێرەومەندیەکەی لە حەد بەدەر بووە، هەر کەسێك کە فەقیر بووایـە بڕۆشـتایە بـۆلای بەدەسـتی بـەتاڵ نەدەگەڕایـەوە و هەمیشە دەستی بە خەڵکەوە بووە، هەروەها بە دزیشەوە خێری کردووە، نەیهێشتووە کەس پێی بزانێت، بیزانیایە هەرکەسێك کە موحتاج بووایە یاخود کەموکووڕییەکی هەبووایە ئەم یارمەتی دەدا. هەمیشە دەستگیرۆیی فەقیرو هەژارو هەتیوو و هەموو کەسێکی دەکرد. هەموو کەسێك خۆشی ئەویست لەبەر ئەوەی کابرایەکی بەخشندەی ڕێك و پێك و خێرکەری خواناس بوو،

هەرچیشی ئەکرد لەبەرخوا ئەیکرد نەشیدەویست کەس بزانێت.

هەموو جارێك بێخود دەهات لە ماڵەکەی حاجی میرزا تۆفیق دەمایەوە. لەوێوە دەچوو بۆ ماڵی مامۆستا شێخ بابا ڕەسول و مامۆستا شێخ جەمیل، ڕۆژانەش کە دەچووە بازاڕ هەر سەری لە دوکانەکەی حاجی میرزا دەدا.

پەیوەندیەکی ڕۆحی و ڕێکوپێك لە نێوان حاجی میرزا تۆفیق و باوکمدا (شێخ عەلادینی جگەرەچی) هەبووە، ئەبوو هەموو ڕۆژێك یەکتری ببینن بۆ هەرکوێیەك دەڕۆشتن هەر بەیەکەوە بوون، ئیتر ئەو شوێنە بیارە بوبێت یان خەتمەی سۆفیەکان بووبێت.




**مەلا حەسەن گوندەیی**

حاجی میرزا تۆفیق ئەوەی کە من شارەزا بم لێی لەبارەی ئیمان بەقووەتی و تەسەوفدا هەمیشە لە خزمەت مەلا و فەقێی مزگەوتی جامیعەدا بووە، خوالێخۆش بوو هەمیشە شەوانی سێشەمان و هەینی زۆر دڵی خۆش بوو بە من و مەلا فەرەج و مەلا ئەحمەدی گوندەیی لە نێو فەقێکاندا، ئەیفەرموو: فەقێ حەسەن، فەقێ ئەحمەد، فەقێ فەرەج ،حەز دەکەم دائیمەن دوای نوێژی عیشا بێن بۆلای من و منیش حیکایەتی مەلا و مەدرەسەی بیارە و مەدرەسەی عەبابەیلێتان بۆ بگێڕمەوە.

یەکێك لەو کەسایەتیانەی کە بۆی گێڕاینەوە باسی مامۆستا شیخ بابا رەسوڵی عەبابەیلێیی کرد، فەرمووی: ئەوەندە کەسێکی لەخواترس بوو کاتێك کە وەفاتی کرد، دوای نوێژی عیشا وەفاتی کرد لەبەر ئەوەی کە شەو تاریك بوو، شەڕو ناڕەحەتی بوو، تەنها چراش هەبوو لە مزگەوت خەڵك بە تاریکی بە لای تەرمەکەیەوە مابوویەوە، گێڕایەوە گوتی: وەڵاهی تا بەیانی چرایەك لە لای باڵی ڕاستی و چرایەك لە لای باڵی چەپی و چرایەك لە لای قاچی ڕاستی و چرایەك لە لای قاچی چەپی مامۆستا شێخ بابا ڕەسوڵ دەسوتان، کە لە ڕاستیدا تەنها ڕووناکی بوون نەك چرا.

یەکێك لە ئامۆژگاریەکانی بۆ خاتوو ئەمنەی خێزانی دەیگوت: ئەمنە ئاگات لە فەقێکان بێت چێشتی ساردیان نەدەیتێ، کە هاتن بۆ خواردن چێشتی گەرمیان بۆ بنێرە، خزمەتیان بکە، ئەمانە چرا و پێشەوای ئێمەن.



**مەلا عەبدوڵڵا مەلا محەمەد**

**شـاری هەڵەبجـە وەك باخچـەیەكی بەهەشـت وابـوو بـۆ پـەروەردەكردنی چـەندەها جـۆر گـوڵ، كـەوا ئـەو گوڵانـە پیـاوانی ئـاینی و پیـاوانی هونەرمەنـد و پیـاوانی خێرخـوازو پیـاوانی موسـوڵمان و پیـاوانی كۆمەڵایـەتی بـوون، هـەروەك دەزانـین هەڵەبجە چەندین پیاوی گەورەی تیا هەڵكەوتووە یەكێك لەوانە كـەوا زۆر بـەناوبانگ بـووە و جێگـای فـەخرو شـانازی بـووە بـۆ شاری هەڵەبجە خوالێخۆش بوو حاجی میرزا تۆفیق بوو.**

**ئـەتوانم بڵـێم حـاجی میـرزا تۆفیـق لـە دوو لاوە خـاوەن كەسـایەتی بـوو، لایـەنێكی ئـاینی وە لایـەنێكی كۆمەڵایـەتی.**

ئەوەی کەوا من ئەمبینی لە حاجی میرزا تۆفیق بەڕاستی لە هیچ پیاوێکی تردا ئەوەم نەبینیوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە هەمیشە بە دەم خەڵکەوە بوو، یارمەتی دەدان و لە سەدا نەوەد و پێنجی ئەوەی لە ماڵەکەیدا نانیان دەخوارد و دەژیان و هەڵدەسوڕان بریتیبوون لە خەڵکانی فەقیرو هەژارو کەمدەرامەت، سوپاس بۆخوا ئەو کەسانەش دەست پاك و داوێن پاك و دڵپاك بوون، هیچ (سوڵحێکیش) لەو ناوچەیە ڕێك نەدەکەوت ئیلا دەبوو حاجی میرزای تیابووایە، حاجی میرزا تۆفیق یەکێك بوو لەو کەسایەتییانەی کە لە چارەسەرکرنی کێشەکان و ئاشتەواییدا بەشداری دەکرد. یەکێکی تر لە نیشانەی کۆمەڵایەتی ئەوەبوو کاتێك کێشەیەك ڕووی لە هەڵەبجە دەکرد هەموو کۆدەبوونەوە، یەکێك لەوانە حاجی میرزا تۆفیق بووە، تەنانەت من خۆم بە چاوی خۆم بینیم لەگەڵ خواجەی جولەکەکانیش لە مزگەتی جامیعە کۆدەبوونەوە بۆ چارەسەری کێشەی شارەکە و بۆ ئەوەی باری کۆمەڵایەتی تێکنەچێ و تووشی کێشە نەبن. یەکێك لەو دانیشتنانەی کە من ئاگام لێیبێت دانیشتنێك بوو کە مەرحوومی مەلا مەحمودی بێخود لەگەڵ مامۆستا مەلا ڕەحیمی پەرخی، مامۆستا عەبدوڵای چرۆسانی لە سلێمانیەوە هاتبوون بۆ هەڵەبجە، بۆ دیدەنی هاتبوونە ماڵی حاجی میرزا تۆفیق و لەوێشەوە هاتن بۆ ماڵی ئێمە، حاجی میرزا تۆفیقیش تەشریفی هێنابوو، من نەمبینی ئەم سێ نەفەرە، حاجی میرزا و

بێخود لەگەڵ مامۆستا بابا ڕەسوڵی عەبابەیلێ ناوی پێغەمبەر بهێنن و نەیەن بە چۆکدا.

بەڕاستی من نازانم چۆن پێناسەی ئەم پیاوە بکەم، پیاوێك بووە بە لانی کەم لە نیوەڕوان یان ئێواران دە بۆ پازدە کەس لە ماڵیدا نانی دەخوارد و لە بازاڕیش پیاوێك بوو یەکەم بازرگانی شاری هەڵەبجە بووە و لەگەڵ بازرگانەکاندا کاری خێرخوابیان کردووە بۆ مزگەوتەکان و فەقیرو هەژارو فەقێکان، هەمیشە دەستی بە دەستیانەوە بووە و یارمەتی داون.

یەکێکی تر لە نیشانەی کۆمەڵایەتی تەماشا ئەکەی هەڵەبجە هەمیشە لەو شارانە بووە کە ئاشتەوایی و پێکەوەژیانی تیابووە، بۆ نمونە کاکەیی تیابووە مەسیحی تیابووە جولەکەی تیابووە کەس لەگەڵ کەس کێشەی نەبووە، بۆچی؟ بەهۆی دوو سێ کەسی وەك حاجی میرزا تۆفیق, هەر کە کێشەیەکی بچووك ببوایە ئەوان خێرا چارەسەریان دەکرد.



**مەلا فەرەج**

هەموو ئێوارەیەکی سێشەمە و هەینی مامۆستا شێخ جەمیل خەتمەی دەکرد، جەنابی حاجی میرزا تۆفیق دەهاتە خەتمەکەوە، چەندین جار لە خەتمەکەدا هەر (سەیحەی) دەکرد و بە پشتدا دەکەوت و جەزبەی لێ دەهات، هەتا خەتمەکە تەواو دەبوو هەر سەیحەی دەکرد.

مامۆستا شێخ جەمیل پێش ئەوەی وەفات بکات هەموو جارێك بە منی دەگوت: مەلا فەرەج لێرە کەس نیە هاوڕێیەتی بکەی هەموو ڕۆژێك برۆ بۆلای حاجی میرزا تۆفیق سەری لێ بدە با تێکنەچیت لە سۆفێتیدا، منیش هەموو ڕۆژێك سەرم لێدەدا.

ڕۆژێکیان دەمەو ئێوارە خاتوو ئەمنەی خێزانی هات بۆلام و گوتی مەلا فەرەج حاجی میرزا ناڕەحەتە، منیش هاتم بۆلای، گوتی: سورەتی یاسین بخوێنە، منیش دەستم پێکرد پاشان حاجی ڕووی کردە قیبلە و گوتی (أشهدو أن لا الە الا اللە و أشهد أن محمد رسول اللە)، یاسینەکەم تەواو نەکرد وەفاتی کرد. دوای بڵاوبونەوەی هەواڵەکە خەڵکێکی زۆر، لە ناویاندا مامۆستا شێخ خالید و مامۆستا شێخ نورەدین لە مزگەوتی جامیعە کۆبونەوە، پاش شۆردن و نوێژ کردن لەسەر تەرمەکەی، بردمان بۆ عەبابەیلێ لەوێ ئەسپەردەمان کرد.



مەلا محەمەد عومەر

وەکو یادەوەریەك، ئەو کەسایەتیانەی کە وا لە ناوچەی شارەزورو هەورامان و بەتایبەتی هەڵەبجە وەك هەموو بەشەکان و پارچەکانی کوردستان ون نەبێت بۆ ئەوەی کەوا وەفاداری بێت بۆ ئەو کەسایەتییانە و هەروەها ئەو نەوەی کە پاش خۆی دێت، بەتایبەتی ئەوانەی کە نەوەی خۆیین بە هەمان ڕێگەدا بڕۆن و چاوی لێ بکەن، هەم لە دنیا و هەم لە قیامەت سەرفراز بن.

لە هەڵەبجە وەك باسمان کرد پیاوی خواناس و زانای میراتگرو کەسایەتی ناودار زۆر بووە، بەڵام بە تایبەتی ئەوەی

ئێستا ئێمە باسی دەکەین، حاجی میرزا تۆفیقە، کە پیاوێکی زۆر خواناس و ڕاساڵ و هێمن و سەنگین بووە، ئەوەی کە من هاتۆتە پێش چاوم، بەتایبەتی لە چەند دانیشتنێکدا لە خزمەت باوکمدا، وا ڕێك کەوتوە لە مەجلیسێکدا بووین، یاخود کاتێك کە نەخۆش کەوتووە بەتایبەتی لەم دواییەدا کە سەردانمان کردوە وەکو موسوڵمانێك و سەردانی نەخۆش ئەوەی کەوا من بینیم پیاوێکی دامەزراوو سەنگین و خواناس و بێدەنگ بەتایبەتی یاد و زیکری خوای زۆر دەکرد، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندیە جوانەکانی موسوڵمان کە خوای گەورە ئاماژەی پێدەکات و دەفەرموێ:

(ئەو موسوڵمانە پیاوو ژنانەی کەوا هەردەم پەروەردگاریان لەبیرناچێ و یادی دەکەن دیارە خوای گەورەش یادی ئەوان دەکات و پاداشتیان بۆ دەنوسێت).

ئەم پیاوە، واهاتە پێش چاوم کەوا پیاوێکی زۆر خواناسە، وە هەمیشە ڕوو لەخێرو دەست لەخێرە بەتایبەتی زۆر حەزی دەکرد لە مەجلیس و دانیشتنی مەلا و زانابەرزەکان و میراتگرەکان ئامادەبێت و پرسیان پێبکات بۆ ئەوەی ڕێنمایی بکەن، بە دڵنیاییەوە سوودی لەوە وەرگرتبوو. حاجی میرزا بێ جیاوازیی مامۆستایانی خۆشدەویست وە لەنێو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کەوا زۆری خۆشدەویستن، زۆرتر حەزی کردوە لەگەڵیدا دابنیشێت و پرسیاری شەرعی لێبکات، مامۆستا مەلا

عوسـمان بـوو. ئەمـەش نیشـانەی ئەوەیـە کـەوا ئـەم پیـاوە هەمیشـە بەشـوێن خێـردا گـەڕاوە و بـڕوای بـە زانـا و خواناسـی ناوچـەکە بـووە بەتایبـەت ئەوانـەی کـە لـە دەوروبـەری بـوون و لەگەڵی ژیاون. زۆر پیاوێکی خواناس بووە و دەست بەخێر بووە. حـاجی میـرزا بازرگـانێکی گـەورە بـووە و هەمیشـە هـەوڵی داوە دەستی بە خێر بێت بۆ فەقیرو هەژارو هەمیشە یارمەتی ئەو کەسـانەی داوە کـە بـۆ زانسـتی (شـەریعەت) لـە حوجرەکانـدا دەخوێنن.



**مەلا غەفور**

حـاجی میـرزا تۆفیـق کـوڕی ئەحمـەدی فـەتاح عەبابـەیلێیی، پیـاوێکی دیـاری کاسـب و بازرگـانێکی حـەڵاڵ خـۆر، حـاجی میـرزا تۆفیـق کەسـایەتییەك بـوو کـە جارێـك مامۆسـتا مـەلا عـەلی گێڕایـەوە گـوتی: مەعاشـی بڕیبـووەوە بـۆ فـەیقێکانی مزگـەوتی پاشا کە مانگانە حەوت دینـاری ئەو زەمانەی ئەدا پێیـان، میـرزا تۆفیـق کـە ئێمـە لـە خزمـەتیا دادەنیشـتین زانایـان گوێیـان بـۆ دەگـرت، چـونکە قسـەی پیـاوی ئـەهلی تەجروبـە و ئـەهلی عیرفان و مەعنەوی و لە خواترس، پیاوی زانا قەدری دەزانێت. ئەوەندە پەیوەندی لەگەڵ پیاوانی خودا پەیدا کردبوو بە تایبەتی

لەگەڵ شێخانی بیارەدا، جارێکیان ڕۆشتبوو بۆ (دووڕووە) بۆ خزمەتی شێخ، لە ڕێگەدا بە حاجی میرزا دەڵێن ئەوا شیخ دێت بە پیریتەوە. ئەویش هاواری لێ هەستابوو گوتبووی: بەخوا بێت من خۆم ئەخەمە خوارەوە.

حاجی میرزا تۆفیق گێڕایەوە: جارێکیان لە خەوما وام ئەزانی مردووم تەرمەکەیان داناوم لە پاڵ حەوزەکەی مزگەوتی پاشا، گوتی: ئەزانم ڕۆحەکەم کە دەرچووە وا بە لاسەری لاشەکەمەوە هەر دێت ودەڕوات و لەبەر خۆیەوە دەڵێت: "بەر لەوەی ببیت بە خاك خۆت بکە بە خاك".

جارێکیان کاك ئەنوەر کە کوڕی حاجی میرزا بوو دەچێتە خزمەتی حەزرەتی شیخ عوسمان، بە حەزرەتی شێخیان گوتبوو قوربان ئەمە ئەنوەرە کوڕی حاجی میرزایە، شێخ فەرمووبووی:

(حاجی میرزا جەزبەیەکی حەقیقی بوو، لە مەحشەریشدا هەیەتی).



ئەمین سەپان

حاجی میرزا تۆفیق یەکێك بووە لەو پیاوانەی کە جێگەی متمانەی هەموو شاری هەڵەبجە و دەوروبەرەکەشی بووە، ئەو کەسەی تۆزێك پارەی هەبوایە، ماڵەکەی حاجی میرزا تۆفیق بوو بوو بە بانك و جێگەی متمانەبوو، کاتێك خەڵك پارە و سپاردەی لا دادەنا، ئەویش لە تورەکەیەکدا هەڵی دەگرت و ناوەکەی لەسەر دەنووسی. دواتر وەك خۆی دەیدانەوە.

حاجی میرزا تۆفیق وەك کەسێکی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی، وەك کەسێکی دیندار لەگەل بنەماڵەی (شێخ ئەوڵای خەرپانیدا) زۆر تێکەڵییەکی زۆری هەبوو.

ئەو پێگە دینداریییە وای لە حاجی میرزا تۆفیق کردبوو بۆ هەموو خواست و داوا و تواناکانی ئەو دەڤەرە ببێتە چاوساغ و

لەگـەڵ بنەماڵـەی شـێخ ئـەولای خەرپانیـدا ئامادەبێـت بـۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی کە لە هەڵەبجەدا هەبوو.

وەك چـۆن حـاجی میـرزا تۆفیـق کەسـایەتیەکی کۆمەڵا یـەتی بـوو، پێگەیـەکی جێـی متمانـەی خـەڵك بـوو، بەهایـەکی دینـی لـە دەوروپشـتی کۆبووبـووەوە، خۆشـی بووبـووە سـەرقافڵەی ئـەو باوەڕە تۆکمەیەی کە بە خوا و بە دینی هەبوو. حاجی میـرزا تۆفیـق ئەو هەستە ناسکەی وابوو کە هیچ شتێکی پەراوێز نەدەخست؛ واتـە دەیویسـت لـە هـەموو شـتێك، شـتێك فێربێـت، لەگـەڵ ڕۆشـنبیرەکاندا وەك ڕۆشـنبیر بـوو، لەگەڵ دیندارەکانـدا دینـدار بـوو، لەگـەڵ منداڵەکانـدا هاوسـۆز بـوو، لەگـەڵ منداڵـەکانی خۆشیدا نەرم بوو.

شـێخ جەمیلی موفتی هەموو جارێك کە ئێمە دەچووین بۆ خزمـەتی، حـاجی میـرزا تـۆفیقی وەك نمونـە دەهێنایـەوە بـۆ گەورەیی و متمانە و خاوەن توانا و هۆشمەندی.

هـەتا ئێسـتاش ڕەنگـە چـۆن (گـۆران)ێکـی دیکـە دروسـت نەبێتـەوە، چۆن ع.ع. شـەونمێکی دیکـە دروسـت نەبێتـەوە، ئـاوا حـاجی میـرزا تـۆفیقیش کلتـورێکی تایبـەتی لـە بـەهای مرۆڤانـەو ڕۆشـنبیری و ئـەدەبی و ئـەخلاقی و دینـداری لـەلای کۆبۆتـەوە کـە دروستبوونەوەی کەسایەتیەکی وا ئەستەمە.

یـەکێك لـەو کەسـایەتییە بـەئاگا و بەتوانایانـەی کـە شـایانی ئەوەیـە لـە هـەموو کـۆڕێکی عیلم و عیرفانـدا باسـی بکـەین ئـەوە حاجی میرزا تۆفیقی ڕەحمەتییە.



**ناهيد خان**

حاجی میرزا تۆفیق، پیاوێکی پیاوانە بوو، پیاوێکی نەجیب بوو، پیاوێکی دەست و دڵ جوان بوو، پیاوێك بوو عالەم بە ئاواتەوە بوو مەرحەبایی بکات، هێندە پیاوێکی پیاوانە و بەهەیبەت بوو، کە بەڕێدا دەڕۆیشت زەوییەکە شەرمی لێدەکرد.



پەری خان

دایکم لەگەڵ خۆیدا دەیبردم بۆماڵی خاڵە میرزا تۆفیق، کە دەڕۆشتم ماڵەکەیان ماڵێکی گەورە و پڕ بوو لە خەڵك، پڕ بوو لە ژن و پیاو، پڕ بوو لە مەنجەڵی گەورە گەورە و چێشتلێنان، دەمگوت: دایە ئەوە چیە ئەم ماڵە ئەوەندە قەرەباڵغە ئەڵێی کاروان سەرایە؟ یەعنی ئەوەندە گەورە بوو وام دەزانی ئەمە هەمووی کچ و کوڕی خاڵە میرزا تۆفیقە. دایکم دەیگوت: نا ڕۆڵە ئەمە هەموویان لە دەرەوە لە ئێرانەوە، لە لادێکانەوە ، هاتوون و لێرە لە ماڵی ئەمان نیشتەجێن و خەریکی ئیش و کارن و ئیشی خۆیان دەکەن و پارەشیان بۆ حساب ئەکەن و،

ئینجا کە کاتی ژن هێنان و شوو کردنیان هات ئەگەر خوا بیکات بە قیسمەت لە یەکیان مارە دەکەن و نەشیکات ژنی بۆ کوڕەکان دەهێنا و کچەکانیشی دەخستە ماڵ و مێردی خۆیان و جیازیشی بۆ دەکردن.



**ئەنوەر میرزا تۆفیق**

حاجی میرزا تۆفیق لە سلێمانی پەیوەندی گەرمی لەگەڵ میرزا کەریم هەبووە، بە جوملە لە هەڵەبجە توتنی کڕیوە و ناردویەتی لە سلێمانی فەحس کراوە.

لە بەغداد لەگەل جەنابی حاجی حەمە سەعید خەفافی حاجی براهیم ئاغا بازرگانی لۆکەی کردووە و بۆ چەند ساڵێکی دوورو درێژ، لۆکەی بۆ ئەو ناردووە.

خوالێخۆش بوو بێخود پەیوەندیەکی گەرمی لەگەل مامۆستایان و زانایانی هەڵەبجە هەبووە، وەك مامۆستا شێخ بابا ڕەسول و مامۆستا مەلا عەزیز خوا پایەداریان بکات. ساڵی مانگێك دەهات بۆ هەڵەبجە و لە ماڵی خوشکەزایەکی کە لە

هەڵەبجە فەرمانبەر بوو دەمایەوە. جا باوکم بە بۆنەی ئەوەوە کە ماڵمان بە تەنیشت مزگەوتی جامیعەوە بوو ئەو لە ڕۆژدا هەمیشە لە مزگەوتی جامیعە دادەنیشت، دەهاتن و هەموویان لە دەوری بێخود کۆدەبوونەوە.

باوکم بە ڕەحمەت بێت لە قەیسەری حامید بەگدا بوو، لەو قەیسەریەدا تەنیا دوو موسوڵمانی تێدابوو باوکم (حاجی میرزا تۆفیق) و حاجی قادر، ئەوانی تر هەمووی جولەکە بوون، باوکم لەگەل جولەکەکاندا مامەڵەی زۆر ئاسایی بوو، ئەوانیش شەرمیان لە باوکم دەکرد و زۆر ڕێزیان دەگرت، باوکیشم ڕێزی ئەوانی زۆر دەگرت، وەکو مرۆڤێکی ئاسایی سەیری دەکردن و قسەی ئاسایی لەگەل دەکردن و ئەیدواندن، هەموویان کە دەهاتن بە بێ سلاو کردن تێنەئەپەڕین، ئاوا عیلاقەی لەگەل جولەکەکانیشدا خۆش بوو.



**مام تەها**

حاجی میرزا تۆفیق پیاوێك بوو لەو پیاوانەی کە بە بەردەوام کارەکانی کاری مرۆڤایەتی بوو، کارێك بوو کە لە ڕووی خزمەتکردنی کەسانی دیکەوە ئەو دەستێکی باڵای هەبوو، یەکێك بوو لەو پیاوانەی لە ڕووی تەسەوفەوە دەورێکی باڵای هەبوو ئەوەی کە لە یادی مندا بێت لە گەڕەکی پیر محەمەددا ماڵیان کەوتبووە سەر سوچی بەرامبەر مزگەوتی جامیعە و لە کاتێکدا کە جاری وا هەبووە بە درێژایی هەفتەیەك کۆڕو کۆمەڵی تەسەوفی تێدا دەبەسترا ئەو ماڵە یەکێك بوو لەو

مالانەی کە زۆربەی زۆری سۆفییەکانی هەڵەبجە لە خزمەتیا کاری تەسەوفیان ئەنجام دەدا. بۆ خۆیشی یەکێك بوو لەو پیاوانەی کە بە ڕاستی ئێمە لە کۆلانەکەدا ئەوەندە شەخسییەتێکی دیاریکراوی هەبوو، ئەمانبینی شەرممان لێ دەکرد، یەکێك بوو لەو پیاوانەی کە بە بەردەوامی لە کارە خێرخوازیەکاندا بەشدار بووە و کاری خێرخوازی ئەنجام داوە.

## سوپاس و پێزانین بۆ

- بەمۆ سەلاح عەلی میرزا و پشکۆ واحید، کە هاوکارییەکی زۆریان کردم، لە ئامادەکردنی ئەم بەرهەمەدا.
- هەموو ئەو بەڕێزانەی بەنووسین یان بە گێڕانەوەی یادەوەرییەکانیان بەرهەمەکەیان دەوڵەمەندکرد.
- هەموو ئەو بەڕێزانەش گەر بە وشەیەکیش بێت لە پێناو جوانکردنی بەرهەمەکەدا ڕێنماییان کردوم.

# سەرچاوەکان

- جیلوەی عیشقەکەی مەولاناو شەمس، کورداندن و لێکۆڵینەوەی. پشکۆ نەجمەدین. چاپی یەکەم/ ٢٠١٨
- دیوان بحثا  عن الشمس لمولانا جلال الدين الرومی و شیخه شمس تبریز، دار الابداع للنشر و التوزیع، ٢٠١٥
- مەلا لەتیف بامۆکی.
- مەلافەرەج پێش نوێژی خانەقای بیارە.
- ئەنوەری میرزا تۆفیق.
- سۆفی عەبدولڕەحمانی مقاول.
- موحسن شێخ خالید موفتی.
- برایم عەلی میرزا تۆفیق.